# کوردستان
# لە وەرچەرخانێکی جۆریی نوێدا



مەحمود محەمەد*

ئەم وتارە تایبەت بۆ گوڵان نووسراوە

سەرەتای ناوەڕۆکی ئەم نووسینە وامان لێدەکات نەختێك ئاوڕ لە رابردوویەکی نە چەندان دوور بدەینەوە و ئەو مێژووە ببەستینەوە بە ئێستاوە، چونکە بەشێکی زۆری رووداوەکان درێژکراوەی رووداوگەلێکی ساڵەهای ساڵی بەر لە ئەمڕۆن و ئێستاکە چەند بارە دەبنەوە و تەنیا رەنگ و ئامرازە بەکارهاتووەکانی جیاوازن، ئەویش بە گوێرەی ئەو پێشکەوتنانەی لە رووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژیادا بەدی هاتوون.

## ● گەڕانەوەیەك بۆ مێژوو

کێشەکانی کوردستان تا ساڵی ١٥١٤و جەنگی چاڵدێران بەردەوام کێشەی سەفەوییەکان و عوسمانییەکان بوون، بەڵام لەسەر خاکی کوردستان هێزەکانیان رووبەڕووی یەکتر دەبوونەوە، کەم نەبوون ئەو جارانەی کە خودی کورد دەبوونە هۆی هەڵایسانی شەڕەکان و، هەروەها دووبارە خەتکێشانەوەی سنوورەکانیش هەر لەسەر خاکی کوردستان بووە، دوای هەر رێککەوتنێکی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە و گۆڕانکاری لە سنوورەکانیاندا کێشەی نوێی بۆ کورد دەخوڵقاند، بێ لەمەش جۆری ژیانی کورد لە رووی ئابوورییەوە هۆکارێکی دیکەی هەڵگیرسانی شەڕەکان بوون، بەڵام تاکو ئێستاش پاشماوەی ئەم دوو دەوڵەتە و دوای ئەوانیش عەرەبەکانیش کەوتنە هەمان هەڵەوە.

ئەم دەوڵەتانە چەندین جار بە دووقوڵی رێککەوتوون، بەڵام بۆ تەنیا جارێکیش بیریان لەوە نەکردەوە لەگەڵ کورد رێکبکەون، ئینجا لە نێوان خۆیاندا رێکبکەون. ئەم مێژووە هەر لە جەنگی (چاڵدێران و ئەرزەڕۆم)ـەوە بگرە تا دەگاتە جەنگی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق، هەر لە رێککەوتنەکانی دوای جەنگی چاڵدێران و رێککەوتنی

ئاماسیە ٢٩-٥-١٥٥٥ و پەیمانی زەهاو لە ساڵی ١٦٣٩و پەیمانی ئەرزەڕۆمی یەکەم و دووەم و پڕۆتۆکۆلی تاران ساڵی ١٩١١ و پڕۆتۆکۆلی ساڵی ١٩١٣ ڕێککەوتنی ساڵی ١٩٣٧ی نێوان ئێران و عێراق و ڕێککەوتنی شوومی ئەلجەزائیر لە ئازاری ساڵی ١٩٧٥، زۆر جەنگی دیکەو ڕێککەوتنی دیکەش هەبوون، بەڵام جوولەپێکردنی هێڵە سنوورییەکان ئێستاش جێگیر نەبوون و کێشەیان لەسەرە، چونکە راستییەکەی هیچ کام لەو دەوڵەتانە خاوەنی ئەو خاکە نین کە مامەڵەی ڕێککەوتنی لەسەر دەکەن و پرسیش بە خاوەنەکەی نەکراوە، جگە لەوەی دەستی دەرەکی لەو نێوەندەدا زۆر درێژکراوەتە سەر ئەم بابەتە و گرێ کوێرەی زەبەلاحی لێ دروست بووە کە نە بەدەست و نە بە ددان ناکرێنەوە.

دەوڵەتەکانی عوسمانی و سەفەوی و عەرەبییەکانیش پێکەوەو بە جودایش هەوڵی لێکترازانی پێوەندییەکانی نێوان خودی کوردان و بەگژیەکترییەوە نانیان داوە، لە کۆندا مەزهەب رۆڵێکی گەورەو دیاری هەبوو لە خۆشکردنی ئاگری شەڕ و بە گژیەکداچوونەکاندا و لەسەردەمی نوێشدا زەمینەی لێکترازانی پێوەندییە سیاسی و ڕێکخستنەکانیان خۆش دەکرد و بەردەوام لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بۆ هێشتنەوەی ئەو ئەو بەشەی کوردستان کە لە ژێردەستیاندا بمێنێتەوە، هیچ پرنسیپێکی ئایینی و فیکری و ئەخلاقییان لەبەر چاو نەدەگرت، تا وای لێ هاتبوو کورد کەمتر سیاسەتی لە پێناوی خودی خۆی و بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیی و نیشتمانییەکەیدا دەکرد، بەشی زۆری ئەم بەرۆکی یەکتری گرتنە، کوردی لە چارەسەرەی کێشەی سەرەکی دوور دەختەوە و دەبووە بەرهەم بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی ئەو دەوڵەتانە.

حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی بە لۆکاڵی و لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافیای کوردستاندا و وەك نوخبەیەك لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و دەستکورت لە رووی ئابووریدا دەهێشتەوە، هەربۆیە حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان یەك لە دوای یەك دروست دەبوون و دەتوانەوە. کە ئەمەش بەرەنجامی سیاسەتی ئەو دەوڵەتانە بوو کە کوردستانی بەسەردا دابەشکرابوو، ئەم سیاسەتەیان تا هەشتاکانی سەدەی رابردوو، هەوڵی بە کۆمەڵ و بە تەنهای دەوڵەتەکانی دەوروبەری کوردستان بووە، لەلایەکی دیکەش بەردەوام هەموویان هەوڵیان بۆ ئەوە بووە، هاوشانی دانانی ئابلۆقەی ئابووری بۆ ئەوەی پارچەکانی کوردستان دوور لە پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا بە دواکەوتوویی بمێننەوە، لە هەمانکاتدا هەمیشە ئابلۆقەی فێرکردن و مەعریفییان لەسەر کوردستان فەرز کردبوو، ئەمەشیان بە یاسای دەوڵەتەکانیان کردووە و لە ڕێگەی دەزگا داپلۆسێنەرەکانیان و خۆ فرۆشەکانیانەوە جێبەجێیان کردووە، بەڵام هەموو ئەو هەنگاوە شەرمەزارکراوانە و ئەو کارەساتە خوێناوییانەی دروستیان کردن، بەری بە بەرگری و خۆڕاگریی کوردان نەگرت و کورد قۆناغ بە قۆناغ لە بیستەکانی سەدەی رابردووەوە دەنگ و هیزی نوێ و سەردەمییانەی بەرهەمهێناوە و هاوشان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی جیهان و کرانەوە لە هەموو ڕوویەکەوە و گەیشتن بە سەردەمی گلۆبالیزم، سیحری هەموو پلانەکانیان یەك لەدوای یەك بەتاڵ بوونەوە و رەونەق و کاریگەریی جارانی لەلای کورد نەما. لەمەش زیاتر زۆربەی ئەو پلانانەی بۆ کوردیان دارشتبوو، بۆ خودی خۆیان بوون بە ئاستەنگ و گۆڵمەزی زل زلی لە ناوچەکە لێ دروست بوو، هاوکێشە و پێوەندییەکانیش ئاڵۆگۆڕی لێ پەیدا بوو، هەروەها ئاڵۆزی نوێش پەیدابوون.

## ● بڕیاری بوێرانە وەرچەرخانی بە ئاراستەی راست دروستکرد

هەر چەندە کورد تا ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بە قۆناغێکی سەخت و دژواردا تێپەڕی و بەدەر نەبوو لەو ئاڵۆزییانە، بەڵام کە بەشێك لە حزبەکانی کوردستان سەرکردایەتییەکانیان بڕیاریان دا سیاسەت بۆ کورد و لە پێناو کوردا بکەن، ئاڵۆزییەکانی کوردستان خاوتر بوونەوە و هاوکێشەی نوێ لە ناوچەکە بە گشتی دروستبوون.

کاتێ سەرۆك مسعود بارزانی لە ساڵی ١٩٩١ بەو پەڕی حەماس و بوێرییەوە رایگەیاند کە دەبێ شەرعییەتی شۆڕشگێڕی بگۆڕین بۆ شەرعییەتی یاسایی و دەسەڵات دەبێت بگەڕێتەوە بۆ گەل و تەنها گەلی کوردستان ئەو مافەی هەیە کە بڕیار بدات، دەیەوێت چۆن بژی، ئیدی وردە وردە سیاسەتکردن بۆ بەرژەوەندی کورد و کوردستان وردە وردە ڕێگەی خۆی گرتبەر، ئەم ڕێگەیە راستە بێ هەوراز و نشێو نەبوو، ڕێگەیەکی پڕ مەترسیش بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێگەیەکی راست و دروست و تەندروست بوو، وێڕای ئەو ئاستەنگانەشی هاتەڕێی، بەڵام سوور بووین لەسەر بڕینی ئەو ڕێگەیە، لەبەر ئەوەی گەڕانەوە بۆ دواوە بێجگە لە خۆکوشتن شتێکی دیکەی تێدا نەبوو.

ئەم هەنگاوانە بۆ سیاسەتکردن لەگەڵ ئەوەی بە بەراورد بە گەلانی پێشکەوتوو سەرەتایی بوون، بەڵام بۆ ناوچەکە هەنگاوی مەزن بوون، راستە سارد و خاو بوون، بەڵام گەرمی و هێزیان لە بەردەوامییان وەردەگرت، بەمەش کورد و تەواوی کوردستانییەکان گەیشتنە ئەو ئاستەی کە بڕوای ئەوەیان لا دروست ببێ، دیموکراسیەت وەکو سیستەم بۆ کوردستان و وڵاتانی دیکەش سووبەدخش دەبێ.

## ● بڕوابوون بە دیموکراسیەت وەرچەرخانی گەورتر دروست دەکات

پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی

> **سەرۆک مسعود بارزانی لە ساڵی ١٩٩١ بەوپەڕی حەماس و جورئەتەوە رایگەیاند کە دەبێ شەرعییەتی شۆڕشگێڕی بگۆڕین بۆ شەرعییەتی یاسایی و جەماوەر رای خۆی بدات چۆن چۆنی دەیەوێ بژی**

> **خۆڕاگری و واقعبینی و لە جێی خۆیدا هەڵوێست وەرگرتن وای لە زۆربەی گەلان و دەوڵەتان کرد رێز لە سەرۆک مسعود بارزانی بگرن بە قەد سەنگی ئەو باوەڕ و مامەڵە دروستانەی ئەو لەگەڵ باوەڕی سەردەمییانە و دروستیی خەڵکی کوردستان و خۆڕاگرییان وێڕای ئازایەتی و مەردایەتی و چاونەترسیی پێشمەرگەی کوردستان وای کردووە سەرۆکی ئەم وڵاتە بتوانێ سەرنج و متمانەی تەواوی وڵاتانی هاوپەیمان رابکێشێ**

مسعود بارزانی لە روانگەی تێگەیشتن لە چەمکی دیموکراسیەت وەکو سیستەم و زانینی ئەوەی کە ئەو کۆمەڵگە مەدەنییانەی ویستوویانە لە هەموو روویەکەوە زیاتر پێشبکەون، دەسەڵاتی زێدەتر دەبەخشنە سیستەمە دیموکراسییەکە، بەمەش پێشکەوتنی نوێتر و زیاتر بەدەست دەهێنن و، لە سایەی ئەو پێشکەوتنە جۆراوجۆرانەشدا ژیانێکی شایستە بۆ گەلەکەیان دەستەبەر دەکەن و دەبنە گەمەکەرێکی دیار لە داڕشتنی سیاسەتی نێودەوڵەتی و، هەر ئەم شێوە گەمەکردنە و بەشداربوونەشە دەبێتە زامنی ئاسایشی نەتەوەییان. بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان بە کۆمەڵێك بەرنامەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، بزوێنەری لۆکۆمۆتیڤی شەمەندەفەرەکەی بەهێز و خێراتر کردو بەرپرسیاریەتی شۆفێرییەکەشی بە هەموو مەترسییەکانیەوە گرتەئەستۆ.

سەرۆك مسعود بارزانی لەم ئاراستەیەدا رۆڵی گرنگی گێڕا و هەموو تاوی هەستان و خێرایی و لەسەرەخۆبوونەکەی زۆر بە چاکی رێکخست و وەکو سەرۆکی وڵات لە شوێنی خۆیدا نەترسانە زۆر دیواری شەرم و ترسی رووخاند، ئەمە وێڕای رەخنە و توانج و رێگرییەکی زۆریش کە لەسەر رێگەی هەبوو، بەڵام هەر بابەتێك لە شوێن و کات و قۆناغی خۆیدا بەکارهات و بەرهەمەکەش ئێستا پێگەیشتووە، ئەگەر بزانین بە شارەزایی و مەوزوونییەوە لێی بڕوانین، ئەوا سوودێکی زۆر نەك هەر بە کوردستان دەگەیەنێ، بەڵکو هەموو ناوچەکە و جیهانیش لێی بەرهەمەند دەبێ.

**● کوردستان لە ناو ئەتڵەسی وزەی جیهانیدا جێگەی خۆی کردووەتەوە**

نەوتی کوردستان بە درێژایی مێژوو لە بری ئەوەی خێر و بێر بێت بۆ هەموو کات هۆکارێك بووە و جەستەی کوردستانی سووتاندووە، بەڵام لە سایەی پیادەکردنی سیاسەتێکی دووربینانەی حکومەتی کوردستان و سەرۆکەکەی هەڤاڵ نێچیرڤان بارزانی کە خاڵە لاواز و بەهێزەکانی ئەم پرۆسەیەی گرتە ئەستۆی خۆی، زۆر جوامێرانە گەرووی کوردستانی لە دەستی ملهوڕ و توتالیتار و مەزاجییەکان دوورخستەوە، وەك سەرۆك حکومەتێکی لێهاتوو هێزی وەبەر جەستەی فەرامۆشکراوی نێو ئەتڵەسی جوگرافیای نێو دۆسیەی سەر مێز و رەفە تۆزلێنیشووەکانی ژووری سیاسی و دەسەڵاتدارانی وڵاتان هێنایەوە و بە سەرکەوتنی لە پرۆسەی دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت، کوردستانی لەسەر نەخشەی وزەی جیهاندا چەسپاند.

هێزی بەرگری و ئەمنیی کوردستان هاوتەریب لەگەڵ هێزی دیبلۆماسییەت و هێزی ئابووری، بووە هاندەر و جورئەتی بەخشی بە کۆمەڵێك کۆمپانیای زەبەلاح تا سەرمایەکانیان بڕژێننە سەر خاکی کوردستان، چونکە دەیانزانی دامودەزگا ئەمنییەکانی کوردستان زامنی پاراستنی رەنجی پێشوو و سوودەکانیان دەبن.

> **پارتی دیموکراتی کوردستان بە کۆمەڵێک بەرنامەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، بزوێنەری لۆکۆمۆتیڤی شەمەندەفەرەکەی بەهێز و خێراتر کرد و بەرپرسیاریەتی شۆفێرییەکەشی بە هەموو مەترسییەکانیەوە گرتەئەستۆ**

**● بەرهەمی بڕوابوون بە سیستمی دیموکراتی**

پێشتر کە ئاماژەم بە بڕوابوون بە سیستمی دیموکراتی کرد، بەوەی وەرچەرخانی گەورە لە ناسنامەی نەتەوەکان دروست دەکات و دەبێتە بەشێك لە ئاسایشی نیشتمانییان، مەبەستم تەنیا لایەنی ئابووری و دیپلۆماسی نەبوو، بەڵکو ویستم ئاماژە بەوە بکەم سیستەمی دیموکراسی لێکحاڵیبوون، یا لێکتێگەیشتن و یەکتر قبووڵکردنی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی دەخولقێنێ و تەبایی و یەکڕیزیی ناوخۆیی لێ دروست دەبێ، لەسەر ئەم بنەمایە شەرعییەتی بڕیار درووستکردن و سەروەریی یاسا وەکو دوو کۆڵەگەی دیار لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پێشکەوتووەکان بەرجەستە دەبن، هەروەها رێزگرتن لەو شەرعییەتە ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەپارێزێ و رایەڵەی پێوەندییە دەرەکییەکانمان بۆ ناوچەکە و جیهان بەهێزتر دەکات.

لەناو ئەم سیستەمەدا هاووڵاتی هەست بە بوونی خۆی دەکات و خەمخۆرانە و بەرپرسانە، پاراستن و بەڕێوەبردنی وڵات بە ئەرکی خۆی دەزانێ و بەرەنگاری هەموو جۆرە جیاکەرییەك پەیوەست بە نەتەوەیی و رەگەزی و ئایینی و مەزهەبی دەبێتەوە.

پارتی و رێبازی بارزانی بە درێژایی ٦٨ ساڵ لە تەمەنی خەبات و بەرخۆدانیدا، دیموکراسییەتی بە چارەسەری کێشەکان و کۆتایی هێنان بە ئاڵۆزییەکان زانیوەو لە پێناوی تەبایی و ئاسوودەیی کوردستانییەکاندا هەنگاوی لە کات و شوێنی خۆیدا ناوە و زۆر زوو درکی بە مەترسییەکان کردووە و هەوڵی داوە رێڕەوی مامەڵەکان بەرەو هەڵدێر نەچێت و بەری رەنجی دەیان ساڵەی کوردستانییەکان بەفیڕۆ نەڕوا، بۆیەش شێلگیرانە مکوڕ بووە لەسەر پیادەکردنی سیستەمی دیموکراسی و ئەم مکوڕبوونەی پارتی و سەرۆك مسعود بارزانی لەسەر رێبازێك کە پێکەوەژیان و رێزگرتن و کرانەوەی بە رووی پێشکەوتنەکاندا تێدا مسۆگەر دەبێ و ژیانی کەمینە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانی تێدا پارێزراو دەبێ و نرخی مرۆڤەکان لەسەر بەهای مرۆڤبوون و توانا و بەرهەمیان سەیر دەکرێت، نەك لەسەر رەنگ و رەگەز و ئایین و نەتەوە، ئەوەی کە لە دنیای ئەمڕۆدا کۆمەڵێك پەیماننامە و میساقی نێونەتەوەیی لە پێناویاندا دروستکراوە و نووسراوە.

کاتێ کە حزب و سەرکردەیەك بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و دابینکردنی ئاسایش دەخەنە دووتوێی بەرنامەکانیانەوە، خۆشەویستی و بڕوا دروست دەکات و بەرپرسیاریەتییەکی

مرۆڤدۆستی دەگرێتەئەستۆ، کاتێك حزبێك و سەرکردەیەك پاراستن و دابینکردنی مافی نەتەوەکانی دیکەش دەگرێتەئەستۆ وەکو بەرپرسیاریەتی نەتەوەکەی خۆی، دەبێ رەنگدانەوەی باوەڕی هزری دیموکراسی بێت، بۆیەش لەسەرتاسەری ناوچەکەش و جیهاندا بەرز دەینرخێنن و لە هاوکێشەکاندا بایەخ و نرخی خۆیان دەبێت، هەروەکو لە چارەسەری کێشەکاندا رۆڵی گرنگی دەبێت.

## ● ئەم وەرچەرخانە جۆری و نوێیە پێویستی بە یەکڕیزییە

ئەو وەرچەرخانە جۆرییە نوێیەی کردوومەتە ناونیشانی ئەم نووسینە، لەنێو دێڕ و ناوەرۆکی ئەم بابەتەی سەرەوەدا خۆی دەنوێنێ، ئەمەش واتە کاتێك تیرۆریستان و دوژمنانی پێشکەوتن و مافی مرۆڤ، ماف و ئازادی خەڵکەکان پێشێل دەکەن، دەرگاکان واڵا دەکرێن و ئەو کارە شەرمەزار دەکرێت، کاتێك دەستەبەرکردنی لێهاتوویییە بنەڕەتییەکان دەکرێتە مەرجی پێکەوەکارکردن، کاتێك باوەڕبوون بە ئازادی لە رێکخستنی حزب و سەندیکا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێتە خاڵی هاوبەشی پێکەوەبوون، رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و نەفرەت لە هەموو جۆرە جیاکارییەك دەکرێت و تاك ئازاد دەکرێت لە رادەربڕین و رێز لە تایبەتمەندیی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و سیاسی دەگیرێت، رێزگرتنی حکومەت و گەلانی دنیا لە ماف و ئازادی و سەربەخۆییت زامن دەکرێت.

خۆڕاگری و واقعبینی و لە جێی خۆیدا هەڵوێست وەرگرتن، وای لە زۆربەی گەلان و دەوڵەتان کرد رێز لە سەرۆك مسعود بارزانی بگرن بە قەد سەنگی ئەو باوەڕ و مامەڵە درووستانەی ئەو لەگەڵ باوەڕی سەردەمییانە و دروستیی خەڵکی کوردستان و خۆڕاگرییان، ئازایەتی و مەردایەتی و چاونەترسیی پێشمەرگەی کوردستان وای کردووە، سەرۆکی ئەم وڵاتە بتوانێ سەرنج و متمانەی تەواوی وڵاتانی هاوپەیمان رابکێشێ و بە شێوەیەکی گونجاو یارمەتی کوردستان بدەن هەتا لەسەر داوای ئەو، یارمەتی بۆ پارچەیەکی دیکەی کوردستانیش دەستەبەر بکرێت.

وەرچەرخانێکی گرنگ لە ژیانی سیاسی و ئابووریی کوردستان رووی داوە و، لە هەمانکاتدا بەلێکتێگەیشتن و یەکتر قبووڵکردن، تەبایی و ئارامی ناوخۆیی و دەرەکی دروست دەبێ و لە ئاکامی ئەم سیاسەتە دروستەدا شەرعییەتی بڕیاردان و سەروەریی یاسا وەکو دوو توخم لە پرەنسیپەکانی دیاری کۆمەڵگەی مەدەنی و پێشکەوتوو سەرتاپاگیرتر دەبێت، ئەم شەرعییەتەش ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەپارێزێ و پێشکەوتنی پتر مسۆگەر دەکات و هاووڵاتی هەست بە بوون و کاریگەریی خۆی دەکات و هەموو پێکڕا دەبنە مشورخۆری باشتری بەڕێوەبردنی وڵات و بەرەو پێشەوە بردنی.

ئاوڕدانەوەلە مێژوویەکی نەچەندان کۆن و، لەبەرچاوگرتنی زرووفی بابەتییانەی کۆمەڵگەی خۆشمان و ناوچەکەش و جیهانیشن، هەروەها خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسانەی سەردەمییانە بۆ بارودۆخی خودی گەلەکەمان، وامان لێ دەکات هەڵوێستەیەکی جددی بکەین لەسەر بابەتە هەستیار و گرنگەکانی ناو جەماوەری کوردستان بە هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەیی و سیاسییەکانەوە، ئەمە لەگەڵ رەچاوکردنی ئەو هەموو کارەسات و رووداوە ناخۆشانەی چوار دەورەی کوردستانیان گرتووە.

پتر لە هەر زەمەنێکی دیکە خاڵە هاوبەشەکانی لە رووی نەتەوەیی و نیشتمانی کۆمان دەکاتەوە و، دەتوانین ئەم خاڵانە بکەینە بناغەی کاری پێکەوەیی و دروستکردنی کەشوهەوای هەماهەنگی و لێك تێگەیشتن و جیاوازییەکان بە رێزلێگیراوی بهێڵنەوە بۆ کات و قۆناغی گونجاو، ئەوە تاکە رێگەیە بۆ پاراستنی کوردستانی خۆشەویست و گەلە تێکۆشەرەکەی لە مەترسی ئەو پیلان و بەرنامانەی دوژمنان دایدەڕێژن بۆ زیاتر ئازاردانی و رێگەگرتن لە تموحاتی و پێشکەوتنەکانی گەلەکەمان.

هاوتەریب لەگەڵ رەچاوکردنی ئەولەوییاتی بارودۆخی ئێستای کوردستان لە رووی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و باری بژێوی گەلی کوردستان بەگشتی، بەڵام یەکڕیزیی نیشتمانی و ئاسایشی و پاراستنی دەستکەوتەکان بابەتێکە چاوپۆشی لێ ناکرێت، پابەندبوون بە سەوابیتی نیشتمانی و پشتگیری و کۆبوونەوە لەسەر رێبازی بارزانی و یەکگوتاری و دوورکەوتنەوە لە گوتاری ورووژێنەری کات بەسەرچوو، یا گوتاری کات نەهاتوو، ئەمە فێرمان دەکات لەگەڵ ئێستا بژین و بۆ ئایندەی بڕوانین، لە رابردوو تێبگەین، بەڵام بۆی نەڕوانین و بۆی نەژین.

ئێستا لەسایەی سیاسەتە راستەکانی سەرۆك بارزانی دەوڵەتان و گەلان رێزمان لێ دەگرن و هاوکاریمان دەکەن، بۆیە پێویستمان بە هاوکاریی خۆمانە هەیە و ئەم هەلە بقۆزینەوە کە پێشمەرگە زۆر لە تێڕوانینە هەڵەکانی دەوڵەت و گەلانی گۆڕیوە و سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە حیکمەت و دوورئەندێشی و سووربوونی لەسەر مافە رەواکانی گەلەکەمان پشوودرێژی و خۆراگریی خەڵکی کوردستان تێکڕا، وایان کردووە وەرچەرخانێکی مەزن لە کوردستان دروست بێ و زۆر دەرگای داخراوی پێشوو، ئێستا واڵا کراون و دەتوانین بۆ بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجی رەوای نەتەوەکەمان، لێیان بچینە ژوورەوە.

---

***بەرپرسی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندن و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**لەناو ئەم سیستەمەدا هاووڵاتی هەست بە بوونی خۆی دەکات و بەو هەستەو بەشداربوونەی خەمخۆرانە و بەرپرسانە پاراستن و بەڕێوەبردنی وڵات بە ئەرکی خۆی دەزانێ و بەرەنگاری هەموو جۆرە جیاکارییەک پەیوەست بە نەتەوەیی و رەگەزی و ئایینی و مەزهەبی دەبێتەوە**

**سیستەمی دیموکراسی، لێکحاڵیبوون، یا لێکتێگەیشتن و یەکتر قبووڵکردنی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی دەخوڵقێنێ و تەبایی و یەکڕیزیی ناوخۆیی لێ دروست دەبێ، لەوانەشەوە شەرعیەتی بڕیار دروستکردن و سەروەریی یاسا وەکو دوو کۆڵەگەی دیار لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پێشکەوتووەکان بەرجەستە دەبن**

> «مسعود بارزانی تەمەن ٦٨ ساڵ هێشتا مێژوو بۆ نەتەوەکەی دەنووسێتەوە، ئەو کوڕی (مستەفا بارزانی)یە، کە لە دوای ژەنراڵ (سەلاحەددینی ئەیووبی)یەوە لە سەدەی ١٢، مستەفا بارزانی بەناوبانگترین کەسایەتی کوردە و ماوەی ٦٠ ساڵ لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا خەباتی کردووە، ئێستاش مسعود بارزانی سەرۆکایەتی گەلێکی بێ دەوڵەت دەکات.
>
> دوای ئەوەی داعش لە حوزەیرانی رابردوو گەورەترین شاری عێراقی داگیرکرد، پاشان ئاراستەی پەلامارەکانیان بەرەو کوردستان گۆڕی، ئەمەش بووە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی کوردەکانی عێراق و هەروەها ٢٢ ملێۆن کوردی دیکە لە ناوچەکە، سەرەتا بەهۆی کەمیی چەکی دەستی پێشمەرگە و زۆریی چەکی پێشکەوتوو بە دەست تیرۆریستانی داعشەوە، پێشمەرگە ناچار بوو هەندێ پاشەکشە بکات، بەڵام بارزانی فەرمانی دا (تا دواهەناسە و تا دوادڵۆپی خوێن شەڕی تیرۆریستانی داعش دەکەین).
>
> لەئێستا و لەسەر ئەرزی واقیع لەگەڵ ئەوەی مسعود بارزانی سەرۆکی گەلێکی بێ دەوڵەتە، بەڵام لە پێگەیەکدایە بڕیار لە ئایندەی عێراق و هەروەها بڕیار لە ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات».
>
> گۆڤاری تایم لە ناساندنی کەسایەتی ساڵدا

# دیاریی ژەنەڕاڵ مسعود بارزانی بۆ جەژنی رۆژووی ئێزیدییەکان



# رزگارکردنی شنگال

**● ئۆپەراسیۆنی هەڵکردنی ئاڵا**
**لە مەزاری شێخ شەرەفەدین**

دەستنیشانکردنی ڕۆژی ئاڵای کوردستان بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی دەڤەری شنگال و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مەزاری شێخ شەرەفەدین لە سنونێ و بناری چیای شنگال، تەنها سەرکەوتنێکی سەربازی نییە، بەڵکو وانەیەکی دیکەی مێژووی نەتەوەکەمانە کە سەبەی زارۆکانی ئێزیدی و موسڵمان لە یەك قوتابخانە پێکەوە دەیخوێنن و بەو وانەیە هەستی نیشتمانپەروەرییان زاخاو دەدرێتەوە، دەستنیشانکردنی ڕۆژی ئاڵای کوردستان بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنە گەورەیەی کە هەموو جیهانی سەرسام کردووە و دڕندەترین تیرۆریستانی جیهانی بە چۆکدا هێناوە، پرسیارە گەورەکەی مسعود بارزانی ڕێبەری کوردستانە کە لێمان دەپرسێت ئێمە کێین؟ چۆن ناسنامەی خۆمان پیشانی جیهانی ئازاد بدەین؟ سەرۆك بارزانی کە خۆی لەسەنگەری پێشەوەی پێشمەرگە وەك نووسینەوەی مێژوو ئەم وەڵامەی لەگەڵ هاوسەنگەرەکانی بۆ جیهانی ئازاد دەنووسییەوە و پێی ڕاگەیاندن: ئەو ڕۆژەی داعش هێرشی کردە سەر کوردستان، من بە جیهانم ڕاگەیاند تا دوادڵۆپی خوێن و دواهەناسە و تا ڕزگارکردنی هەر بستە خاکێکی کوردستان شەڕی سەرتاسەری لە دژی تیرۆریستانی داعش دەکەین). بارزانی لەم ئۆپەراسیۆنەدا کە خۆی سەرپەرشتی دەکات، سەرکەوتنەکانی پێمان دەڵێت: بارزانی ئێستا پەیامێکی دیکە بۆ کورد و کوردستانییان و هەموو جیهان ڕادەگەیەنێت و دەڵێت: (دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی دەڤەری شنگال لە ڕۆژی ئاڵای کوردستان و گەیشتنی پێشمەرگە بە چیای شنگال لە ١٨-ی ١٢-ی ٢٠١٤ مانای خۆی هەیە، با هەموو دوژمنان و ناحەزان بزانن ئەگەر جارێك بۆیان بڕەخسێت، کینی خۆیان بەرامبەر کورد و کوردستان دەربکەن، لە کۆتاییدا باجی تاوانەکانیان دەدەن و دەبێ تیرۆریستانی داعش ببنە پەند بۆ هەموو دوژمنان)، ئەمەی ناو کەوانەکە بەدەق پەراگرافێکە لە پەیامی بارزانی بە بۆنەی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە ئاراستەی هەموو کوردستانییەك و هەموو جیهانی کردووە. با ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین ئەم پەیامەی بارزانی کە بە خوێنی هەموو تاکەکانی ئەم کوردستانە لە کوردی سوننە و شیعە و کاکەیی و شەبەك و ئێزدی و بە خوێنی کوردستانییانی کلدوئاشور و سریان و تورکمان نووسراوەتەوە، چیمان پێدەڵێت؟ دیارە ئەم پەیامە بۆ کورد مانای ئەوەیە کوردبوون و بیری کوردایەتی لەسەرووی ئایین و مەزهەبەوەیە، ئاسایە ئایینمان جیاواز بێت، بەڵام یەك نەتەوەین ئەویش نەتەوەی کوردە، بۆیە لەیەك سەنگەردا و لە پشت سەرۆکەکەیانەوە، کوردی موسڵمانی شیعە و سوننە و شەبەك و کاکەیی و ئێزیدی، هەروەها کوردستانییانی کلدوئاشوری و سریان و تورکمان و ئەرمەن هەموو خوێنیان تێکەڵ دەبێت و بەو خوێنە ناسنامەی گەلێك دەنووسنەوە کە گەلی کوردستانە و یەك ئامانج هەموویان کۆدەکاتەوە کە بەشێك بن لە جیهانی ئازاد و لە پرۆسەی بنیادنانەوەی کوردستاندا ئیرادەی ئەو گەلە پیشان بدەن لە پێناوی ئایندەی ئازادیدا ئامادەی ئەوەن کۆتایی مێژوو بخوڵقێنن.



ئەگەر لە چاوی جیهانەوە سەیری ئەم پەیامەی بارزانی بکەین، ئایا پێش ئەوەی ئێمە وەك کورد و کوردستانی پرسیاریان لێ بکەین، قسەکانیان کە دەبێتە سەردێڕی میدیاکانی جیهان چۆن وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە؟ دیارە پێش ئۆپەراسیۆنی هەڵکردنی ئاڵا و دوای سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە سەدی موسڵ و زوممار، ژەنەراڵەکانی پێنتاگۆن و ژەنەراڵەکانی ٦٠ دەوڵەتی ناو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، کوردستانیان ناو لێنا: «ئەسپەرتەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»، ئەمەش وەك لە ئامۆژگای واشنتۆن بڵاوکراوەتەوە، واتە کوردستان وڵاتێکی بچووك، پێشمەرگە هێزێکی بە ژمارە کەم و چەکی ئاسایی، هەمان ئەفسانەی ئەسپارتەی دەوڵەتشاری یۆنانیان دوای زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵ دووبارە کردەوە، بۆیە جیهان ناچارە لەبەر قارەمانییەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕێز لە کوردستان بگرێت. گۆڤاری تایم لەسەر زاری کارل ڤیکی ڕۆژنامەنووسەوە کە باسی ئەفسانەی کەسایەتی سەرۆك مسعود بارزانی دەکات، ئاماژەی بەوە کردووە سەرۆك مسعود بارزانی، کوڕی (مستەفا بارزانی)یە، مستەفا بارزانی لە دوای ژەنەڕاڵ (سەلاحەددینی ئەیووبی)یەوە لەسەدەی ١٢ بەناوبانگترین کەسایەتی کوردە لە جیهاندا، ئەوجا دێتە سەر پێناساندنی سەرۆك مسعود بارزانی و ئاماژە بەوە دەکات ئەو هێشتا تەمەنی ٦٨ ساڵە، بەڵام هێشتا بەرخۆدانی مسعود بارزانی لە نووسینەوەی مێژووی نەتەوەکەی بەردەوامە، ئەم پێکەوە گرێدانەوەیەی گۆڤارێکی سیاسی و بەناوبانگی جیهانی چیمان پێدەڵێت؟ بە چەند خاڵێك وەڵامی دەدەینەوە:



١. بەکارهێنانی وشەی ژەنەڕاڵ بۆ سەلاحەددینی ئەیووبی، لەبەر ئەوەیە بارزانی مستەفا سوپاسالار و ژەنەڕاڵ ی کۆماری کوردستان بووە و ژەنەڕاڵ بۆتە پێشگری ناوی مستەفا بارزانی و هەموو کات بە

ژەنەراڵ بارزانی ناوی هاتووە. دیارە سەلاحەددینی ئەیووبی، ئەویش وەك بارزانی مستەفا خۆی سەرکردەی نێو شەڕەکان بووە.

٢. ناساندنی سەرۆك مسعود بارزانی وەك کەسایەتی ساڵ و وەك کوڕی ژەنەراڵ بارزانی، مانای ئەوەیە لە دوای ژەنەراڵ مستەفا بارزانی، ژەنەراڵ مسعود بارزانی بەناوبانگترین سەرکردەی سەربازییە، کە نەك لە کوردستان بەڵکو شێوازی فەرماندەیی سەربازیی ئەم ژەنەراڵە هاوشێوەی سەلاحەددینی ئەیووبی و بارزانی مستەفا، سنووری وڵاتەکەی خۆی و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێپەڕاندووە و هەموو جیهانی سەرسامکردووە، ئەمە بەراوردکردنی سەرکەوتنەکانی ژەنەراڵ مسعود بارزانی یە، بە سەرکەوتنەکانی سەلاحەددینی ئەیووبی لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها سەرکەوتنەکانی بارزانی مستەفا بە پەرینەوەی لە ئاراس و هەژاندنی هەموو جیهان.

٣. گرێدانەوەی ناوی ژەنەراڵ مسعود بارزانی، بە ژەنەراڵ مستەفا بارزانی و ژەنەراڵ سەلاحەددینی ئەیووبی، پیشاندانی روویەکی دیکەی ژەنەراڵ (مسعود بارزانی)یە، لەبەر ئەوەی ژەنەراڵ سەلاحەددینی ئەیووبی و ژەنەراڵ مستەفا بارزانی، توانییان نەتەوەکەیان یەکبخەن و سنوورەکان بسڕنەوە، ئێستا ژەنەراڵ مسعود بارزانی ئەمەشی کردووە و پێشمەرگەی هەر چوار پارچەی کوردستان و کوردستانییانی هەر چوار پارچەی لەیەك سەنگەردا و بەرامبەر دوژمنێکی هاوبەش کۆکردۆتەوە. هەروەك چۆن لەساڵی ٢٠١٠ کاتێك پرۆفیسۆر کینس پۆلاك لە ئامۆژگای برۆکینگز ویستی مسعود بارزانی بە ئامادەبووانی کۆڕەکەی بناسێنێت گوتی: نازانم چۆن ئەم کەسایەتییەتان پێ بناسێنم، ئەو پێشمەرگەیە، بەڵام ئەم پێشمەرگەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەك پاریس وایە بۆ فەرەنسا و هەموو رێگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچنەوە لای بارزانی، هەر بۆیە ئەوەی گۆڤاری تایمیش بۆ ئەوەیە کە خوێنەرانی وەك خۆی ژەنەراڵ مسعود بارزانی بناسن.

٤. هەر لەم ناساندنەدا گۆڤارەکە ئاماژەی بەوە کردووە، ژەنەراڵ مسعود بارزانی کە تەمەنی ٦٨ ساڵە، هێشتا مێژوو دەنووسێتەوە، ئەم مێژووە لەسەر پاشخانی چی دەنووسێتەوە؟ بێگومان گۆڤارەکە خۆی ئاماژەی پێکردووە، ئەویش ٦٠ ساڵ خەباتی (ژەنەراڵ مستەفا بارزانی)ـە، ئەو خەباتەش بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، بۆیە گۆڤارەکە راشکاوانە دەڵێت: لەگەڵ ئەوەی هێشتا ئەم ئومێدەی ژەنەراڵ مستەفا بارزانی لەسەر دەستی ژەنەراڵ مسعود بارزانی نەهاتۆتەدی و سەرۆکی گەلێکی بێ دەوڵەتە، بەڵام ژەنەراڵ مسعود بارزانی لە پێگەیەکدایە بڕیار لەسەر ئایندەی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات. دیارە گۆڤاری تایم ئاگاداری ئەو کتێبە رۆژنامەنووسییانەیە کە کاتی خۆی لە بارەی ژەنەراڵ مستەفا بارزانی نووسراون و باس لەوە کراوە کە هەموو کات ژەنەراڵ مستەفا بارزانی کاریگەری لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی جیهانی سێیەمیش هەبووە. گۆڤارەکە لەسەرەتای ئەم مانگە ئاماژەی بە بەردەوامیی نووسینەوەی مێژووی لەلایەن ژەنەراڵ مسعود بارزانی داوە و تەنها دوو هەفتە دوای ئەم ناساندنە، ژەنەراڵ بارزانی گەورەترین سەرکەوتنی لە دەڤەری شنگال تۆمار کردو چاوی داعشی بۆ هەموو جیهان شکاند.

**سەرۆک بارزانی وەک پێشمەرگە بڕیاری (کوردستان، یان نەمان)ی دا و، وەک ژەنراڵێکی سەربازی پلانی بۆ بە تاڵکردنەوەی ئەفسانەی داعش دارشت**

٥. ژەنەراڵ مسعود بارزانی، هەموو کات ناوی پێشمەرگەی لە پۆستی سەرۆکی کوردستان لا گەورەتر بووە، نووسەری ئەم دێڕانە لە رۆژی ٢٠١٤/٧/١٣ لە دیمانەیەکی تایبەتی (گوڵان)دا لە جەنابیانم پرسی: بۆچی ئەوەندە ناوی پێشمەرگە و جلی پێشمەرگەت لا پیرۆزە و هەموو کات بە جلی پێشمەرگانەوە دەتبینین؟ لە وەڵامی گوڵاندا سەرۆکی کوردستان گوتی: «پێموایە جلی پێشمەرگە زۆر زۆر پیرۆزە، من شانازی پێوە دەکەم، لەبەر ئەوەی جلی پێشمەرگەیە، هەروەها سەربەرزیشم کە بەو جلانەوە چوومەتە کۆشکی سپی و چوومەتە کۆشکی کۆماری تورکیا، ئەمەش لەسەردەمی خوالێخۆشبوو (تورکۆت ئۆزاڵ)دا، بۆیە ئەم جلانە لەبەردەکەم، لەبەر ئەوەی تا دەشمرم من هەر خۆم بە پێشمەرگە دەزانم»، ئەم وەڵامەی ژەنەراڵ مسعود بارزانی لێرەدا کۆتایی نایەت، چونکە دوای ئەو دیمانەیە و لەسەردەمی سەرۆك وەزیران رەجەب تەیب ئەردۆگاندا، سەرۆك بارزانی چووە شاری ئامەد و لەناو شاری ئامەد و لەگەڵ سەرۆك وەزیران ئەردۆغان، هونەرمەندی گەورەی کورد شڤان پەروەر گۆرانی (واهاتن پێشمەرگێت مە)ی چڕی و لەو کۆبوونەوەیەشی کە سەرۆك بارزانی لەگەڵ شارەوانی ئامەد گرێیدا بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ئاڵای کوردستان هەڵواسرا، هەر بۆیە سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ ئامەد وانەیەکی مێژوویی بوو بۆ کوردانی باکوور و کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان و بارزانی بە جیهانی راگەیاند لە هەر بستە خاکێکی کوردستان ئاڵای کوردستان هەڵدەکەین، بەڵام لە هەمانکاتیشدا لەگەڵ ئەوانەی بڕوایان بە ئاشتی و پێکەوەژیان هەیە، ئەوا ئێمەش بە شێوەیەکی ئاشتییانە و پێکەوەژیانمان دەوێت.

**ئۆباما گەیشتبووە قەناعەت کە هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆک مسعود بارزانی دوورگەیەکی ئازادییە لە نێو ئۆقیانووسێک ئاژاوەدا، بۆیە ئەگەر ئەم دوورگە ئازادە تێکبچێت، ئەوا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی نامێنێت**

**سەرۆک بارزانی وەک پێشمەرگە و ژەنراڵێکی سەربازی خۆی سەرپەرشتی شەڕەکە دەکات، پێشمەرگە بە ئاڵای کوردستانەوە دەچێتە ناو شنگال و ئەمەش مانای ئەوەیە سەرۆک مسعود بارزانی وەک پێشمەرگە و ژەنراڵێکی سەربازیی جیهانییە کە گەورەترین گرێی ئاڵۆسکاوی لە شەڕ دژی تیرۆر بۆ هەموو جیهانی ئازاد کردەوە**

**• وەرچەرخانی بارودۆخی سەخت و ئاڵۆز بۆ بەرژەوەندی کوردستان**

ژمارەیـــان زۆر کەمە ئەو ســـەرکردانەی کە دەتوانن لە بارودۆخی ســـەختی نەتەوەدا، بارودۆخە ســـەخت و ئاڵۆزەکە بۆ بەرژەوەندی وڵات و نەتەوەکەیان رێکبخەنەوە، لەم بـــارەوە ئەگەر لە مێـــژووی نەتەوەکانی جیهانەوە سەیر بکەین، دەبینین ئەو ســـەرکردانەی توانیویانە لە بارودۆخی شـــەڕدا ئەم هاوکێشـــەیە بگۆڕن، ژمارەیان زۆر کەمن، دەکرێت لە مێژووی دامەزراندنی کۆماری ئەمریکا ئاماژە بە ژەنەڕاڵ جۆرج واشنتۆن بکەین، لە مێژووی کۆماری فەرەنسادا ئاماژە بە ژەنەڕاڵ شارڵ دیگۆل بکەین، بۆ بەشـــداری ئەمریکاش لە شـــەڕی دووەمی جیهانیـــدا دەکرێت ئاماژە بـــە دبلۆماتیەتی چەرچـــل و ئازایەتی رۆزفەلت بکەین، لە نەهێشـــتی سیســـتمی کۆیلەیەتیشـــدا دەکرێت ئاماژە بە ئەبراهام لنکۆلن بکەین، دیارە ئەم ســـەرکردانە کە هەریەکەیان لەناو بەرەکانی شـــەڕدا خۆیان سەرباز و ژەنەڕاڵ بوون، شەڕیان بەسەردا سەپێندراوە و لە پێناوی ئازادی و بۆ دامەزراندنـــی کۆماری ئازاد مێژوویان بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان وەرچەرخاندووە، ئەگەرنا ســـەرکردەی دیکەش هەبوون بۆ هەمان مەبەست خۆیان لە بەرەکانی شەڕدا بەشدار بوون، بەڵام هەوڵەکانیان بۆ دامەزراندنی کۆ ما رێـــك نەبـــووە لەســـەر بنەماکانی ئازادی، هەر بۆ نموونە: هۆشـــی مینە توانای ڤێتنامی باکـــوور لە دەســـتی



فەرەنسییەکان رزگار بکات و ڤێتنامی باشووریش لە ئەمریکا وەربگرێتەوە و هەردوو ڤێتنامیش بکاتەوە بە یەك، بەڵام هۆشی مینە لە پرۆسەی بنیادنانەوەی نەتەوەی ڤێتنامدا سەرکەتوو نەبوو، هەروەها کیم ئیل سۆنگ لە کۆریای باکوور توانی گەورەترین شەڕ بکات، بەڵام وڵاتەکەی دابەشکرا و پاشانیش ئەو کۆمارەی ئێستا دەیبینین (کۆریای باکوور) هەڕەشەیە بۆ سەر هەموو جیهان.

هەر بۆیە کاتێك باسی مێژووی هاوچەرخی کوردستان دەکرێت، لە دوای مێژووە ئیسلامییەکەی سەلاحەدینی ئەیووبی، جیهان لەسەر ئاستی سیاسی باسی مێژووی ژەنەراڵ مستەفا بارزانی دەکات و لە دەستپێکی شۆڕشەکانی بارزان و دواتریش شۆڕشی ئەیلوولەوە ناسنامەی کورد و کوردستان لەسەر ئاستی سیاسی و دبلۆماتی دەخوێننەوە، ئەمە مانای ئەوە نییە پێشتر رۆژئاوا بایەخی بە مێژوو و کەلتووری کورد و کوردستان نەداوە، نەخێر، رۆژهەڵاتناسەکان دەیان کتێبیان لە سەر کورد و مێژووی کورد نووسیوە، بەڵام توێژینەوەی رۆژهەڵاتناسەکان لەسەر کورد و کوردستان وەك ئیدوارد سەعید دەڵێت بۆ ئەوە نەبووە هۆشیار بینەوە و بەرەو ئازادی هەنگاو هەڵبگرین و خەبات بکەین، بەڵکو بۆ ئەوە بووە چۆن داگیرمان بکەن، راشکاوانەتر هاتوون توێژینەوەیان لەسەر کردووین بۆ ئەوەی بزانن خاڵە لاوازەکانمان چین و چۆن دەستەمۆ دەکرێین، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی بارزان و پاشان چوونی بارزانی نەمر و پێشمەرگەکانی بۆ کۆماری

**هەموو جیهان دەبێت لەسەر مۆدیلی پێشمەرگە و لە چوارچێوەی پلانی سەربازیی ژەنراڵ مسعود بارزانی ستراتیژیەتی دژەتیرۆر دابرێژێتەوە**



**ناساندنی سەرۆک مسعود بارزانی وەک کەسایەتی ساڵ و مانای ئەوەیە ژەنراڵ مسعود بارزانی بەناوبانگترین سەرکردەی سەربازییە، کە نەک لە کوردستان بەڵکو شێوازی فەرماندەیی سەربازیی ئەم ژەنراڵە سنووری وڵاتەکەی خۆی و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێپەڕاندووە و هەموو جیهانی سەرسامکردووە**

**پێش ئۆپەراسیۆنی هەڵکردنی ئاڵا لە شنگال، دوای سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە شنگاڵ سەدی موسڵ و زوممار، ژەنراڵەکانی پێنتاگۆن و ٦٠ دەوڵەتی ناو هاوپەیمانی نێودەڵەتی بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش، کوردستانیان ناو لێنا: « کوردستان ئەسپەرتەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست»، ئەمەش واتە کوردستان وڵاتێکی بچووک، پێشمەرگە هێزێکی بە ژمارە کەم و چەکی ئاسایی، هەمان ئەفسانەی ئەسپارتەی دەوڵەتەشاری یۆنانیان دوای زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵ دووبارە کردەوە**

کوردستان و دواتر پەڕینەوە لە ئاراس و لە ساڵی ١٩٦١ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، شێوازی نووسین لەسەر مێژووی کورد و کوردستان بوو بە شێوازی رێزگرتن لە ئیرادەی نەتەوەیەك کە بۆ ئازادی تێدەکۆشێت. بۆیە کە دەڵێین مێژووی ناسنامەی سیاسی کورد و کوردستان لەگەڵ دەرکەوتنی ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی دەست پێدەکات، مەبەست ئەوە نییە ئێمە پێشتر ناسنامەی سیاسیمان نەبووە، نەخێر، مەبەست ئەوەیە لە چاوی رۆژئاوا نەمانبووە، هەروەك چۆن لە جەنگی جیهانی دووەمدا ئەگەر ژەنەڕاڵ دیگۆل نەبوایە، ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوەی فەرەنسا ئەم شکۆیەی ئێستای نەدەبوو، ئەگەر هاوپەیمانان بە تەنها پاریسیان ئازاد بکردایە، کۆماری ئازادی ئەمریکا نەدەبوو، ئەگەر ژەنەڕاڵ جۆرج واشنتۆن بڕیاری شۆڕشی نەدابایە، لە جەنگی جیهانی دووهەمدا چیدی بەریتانیای مەزن شکۆی مەزنایەتی نەدەما، ئەگەر چەرچل رۆزفەلەتی بە مەترسییەکانی هیتلەر ئیقناع نەکردایە، بێگومان ئەگەر (ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی)یش نەبوایە ئێستا هەرێمی کوردستان بوونی نەدەبوو (لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان بەرهەمی رێککەوتنی ساڵی ١٩٧٠یە و ژەنەڕاڵ بارزانی ئیعترافی کوردی لە عێراقدا کردە دیکۆمێنتێکی یاسایی)، تەنانەت بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشیش لەسەر بنەمای تێگەیشتنی حکومەتی بەعس بۆ رێککەوتنی ئادار (واتە ١٩٧٤ نەك ١٩٧٠) دەرکراوە، کە ئێمە بڕوامان بە تێگەیشتنی بەعس بۆ رێککەوتنی ئادار نییە و شەڕ لەسەر ئەوە هەڵگیرسایەوە لەبەر ئەوەی ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی بڕوای بە تەفسیری ١٩٧٤ی بەعس بۆ رێککەوتنی ئادار نەبوو.

ئەم باکگراوەندە بۆ ئەوە بوو بارودۆخەکە وەك خۆیان بخەینەڕوو و ئامانجی ئەم نووسینە لە بەراوردکاری شەڕدا بچووك نەکرێتەوە، بەڵکو ئامانجی ئەم نووسینە بۆ بەراوردکردنی مێژووی نەتەوەکانە بۆ گەیشتن بە ئازادی.

ئەم شەڕەی داعش باشترین نموونەیە بۆ تێڕوانینی جیهان بۆ ئەو سەرکردانەی لە پێناوی ئایندەی ئازادیی نەتەوەکانیان خەبات دەکەن، لەدوای داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە پاشان داگیرکردنی تکریت و بەشێکی فراوانی دیالە و ئەنبار، ئەمریکا و هاوپەیمانان نەیانتوانی هاوکاری حکومەتی عێراق بکەن بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی، بەڵام کە لە ٢ی ئاب، سەرۆك بارزانی بڕیاری شەڕی سەرتاسەری دژی داعش راگەیاند، لەماوەی کەمتر لە ١٠٠ سەعاتدا بڕیاریان دا هاوکاری کوردستان بکەن و هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانیش ئامادەییان دەربڕی بۆ ئەوەی هاوکاری سەرۆکی کوردستان بکەن، کە خۆی بەشەخسی وەك پێشمەرگەیەك و ژەنەڕاڵێکی پێشمەرگە بڕیاری راگەیاندنی شەڕی سەرتاسەری دژی تیرۆریستانی داعش دابوو، زۆر لەوانەی خۆیان بە چاودێر و شرۆڤەوانی سیاسی لە قەڵەم دەدەن، هۆکاری زوو بەتەنگەوەهاتنی جیهان بۆ کوردستان بەوە گرێیان دەدایەوە، کە مەسەلەکە پاراستنی کێڵگەکانی نەوتە لە کوردستان، یان پاراستنی دبلۆماتەکانیانە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم پرسە کەم و زۆر پەیوەندی بەوەوە نەبووە، لەبەر ئەوەی:

١. ئەو نەوتەی لە ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق هەیە زۆر لەو نەوتە زۆرترە کە لە کوردستان هەیە، لەو کاتەی ئەمریکا و هاپەیمانان بڕیاری هاوکاریکردنی کوردستانیان دا، کوردستان رۆژانە توانای هەناردەکردنی ١٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی لە رۆژێکدا هەبوو، لەبەرامبەردا عێراق توانای نزیکەی ٢,٤ ملیۆن بەرمیلی لە رۆژێکدا هەبوو.

٢. ئەگەر لە کوردستان ژمارەیەك لە دبلۆماتی ئەمریکی و ژمارەیەك راوێژکاری مەدەنی هەبن، ئەوا باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا گەورەترین باڵیۆزخانەی ئەو وڵاتەیە لە جیهاندا و نزیکەی ٤٠ هەزار سەرباز و راوێژکاری سەربازی و مەدەنی ئەمریکا لە بەغدا بوون.

٣. خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەو مەترسییەی کەوتە سەر شارەکانی دیکەی عێراق بەتایبەتی بەغدا، زۆر گەورەتر بوو لەو مەترسییەی کەوتە سەر هەولێر، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو لە عێراقدا سوپا لەبەریەك هەڵوەشا، بەڵام پێشمەرگە تەنها کەموکورتی لە چەك و شێوازی نوێی ئەم شەڕە هەبوو.

٤. ئەمریکا بڕی ٢٥ ملیار دۆلاری لە بنیادنانەوەی سوپای عێراق خەرج کردبوو، تەنها ٩٢ ملیۆن دۆلار لە ماوەی ٨ ساڵدا کۆمەکی پێشمەرگەی کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە عێراق و یەکپارچەیی عێراق لای ئەمریکا چەند گرنگ بووە.

لەبەر رۆشنایی ئەم خاڵانە و بە هەموو حسابێك دەبوو ئەمریکا زووتر لەسەر بەغدا بێتەدەنگ نەك هەولێر، بەڵام هەموو جیهان تووشی شۆك بوو کە باراك ئۆباما توانی بۆ هاریکاری پێشمەرگە بڕیار بدات، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، ئۆباما گەیشتبووە قەناعەت کە هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆك مسعود بارزانی دوورگەیەکی ئازادییە لە نێو ئۆقیانووسێك ئاژاوەدا، بۆیە ئەگەر ئەم دوورگە ئازادە تێکبچێت، ئەوا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی نامێنێت.



گرنگیی سەرۆك مسعود بارزانی لە وەرچەرخانی ئەم هاوكێشە ئاڵۆزە ئەوە بوو، ئەو چاوەڕێی ئەوەی نەكرد كە جیهان هاوكاری كوردستان دەكەن یان نە، بەڵكو پێش ئەوەی جیهان بڕیار بدات، سەرۆك بارزانی وەك پێشمەرگە بڕیاری ( كوردستان، یان نەمان)ی دا و، وەك ژەنەڕاڵێكی سەربازی پلانی بۆ بە تاڵكردنەوەی ئەفسانەی داعش داڕشت و پیشانیدا ئەفسانەی ئەوەی كە تیرۆریستانی داعش تێكناشكێندرێن، ئەوا هێزی پێشمەرگە دەتوانێت تێكیان بشكێنێت، ئەم پێچەوانە كردنەوەیەش لە رزگاركردنی قەزای مەخموورەوە دەستی پێكرد كە سەرۆك بارزانی خۆی بەشەخسی سەرپەرشتی دەكرد، ئەم سەركەوتنەی ژەنەڕاڵ مسعود بارزانی بۆ داڕشتنی ئەو پلانە سەربازییە دەگەڕێتەوە كەلە ماوەی كەمتر لە ١٠٠ سەعات و پێش ئەوەی فڕۆكەی هاوپەیمانان دەست بە هێرشەكانیان بكەن، شاری مەخمووری ئازاد كرد و مەترسی لەسەر پایتەخت دوور كردەوە، ئەمە وانەیەكە دەبێت بۆ شەڕی هاوچەرخ لەگەڵ تیرۆریستان لە هەموو ئەكادیمییە سەربازییەكانی جیهان بخوێندرێت و ئاماژەی پێبكرێت، لەبەر ئەوەی لە دوای كارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، ئەمە یەكەمجارە لە مێژووی شەڕی تیرۆریستانی قاعیدە، داعش، بۆكۆ حەرام، شەباب. بەمجۆرە تیرۆریستان تێكبشكێندرێت.


ئەم سەركەوتنە كە دواتر سەركەوتنەكانی سەدی موسڵ و زوماری بەدوای خۆیدا هێنا، سەرلەبەری ستراتیژیەتی شەڕی دژی داعشی گۆڕی، ئەمڕۆش كە بە سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی وەك پێشمەرگە و ژەنەڕاڵێكی سەربازی خۆی سەرپەرشتی شەڕەكە دەكات، پێشمەرگە بە ئاڵای كوردستانەوە دەچێتە ناو شنگال و ئەمەش مانای ئەوەیە سەرۆك مسعود بارزانی وەك پێشمەرگە و ژەنەڕاڵێكی سەربازیی جیهانییە كە گەورەترین گرێی ئاڵۆسكاوی لە شەڕ دژی تیرۆر بۆ هەموو جیهانی ئازاد كردەوە و، هەموو جیهان دەبێت لەسەر مۆدیلی پێشمەرگە و لە چوارچێوەی پلانی سەربازیی ژەنەڕاڵ مسعود بارزانی ستراتیژیەتی دژەتیرۆر دابڕێژێتەوە.

**بارزانی دەڵێت: گەیشتنی پێشمەرگە بە چیای شنگال مانای خۆی هەیە، با هەموو دوژمنان و ناحەزان بزانن ئەگەر جارێک بۆیان بڕەخسێت، کینی خۆیان بەرامبەر کورد و کوردستان دەربکەن، لە کۆتاییدا باجی تاوانەکانیان دەدەن و دەبێ تیرۆریستانی داعش ببنە پەند بۆ هەموو دوژمنان**



### دیڤید فلیپس دیبلۆماتکاری ناسراوی ئەمریکا بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی خۆی لە سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگەیە و شەڕی چارەنووسساز و سەربەخۆیی کوردستان دەکات



**ڕۆژی پێنج شەمەی ڕابردوو کاتێك ئەم دیدارەمان لەگەڵ پڕۆفیسۆر دیڤید فلیپس لە هەولێر ئەنجامدەدا، ئۆپەراسیۆنەکانی ئازادکردنی دەڤەری شنگال دەستی پێکردبوو، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆك بارزانی، لەگەڵ پێشمەرگەکانی سەرچیای شنگال یەکیان گرتبوو، بەڵام هێشتا نە قەزای سنونێ ڕزگار کرابوو، نە پێشمەرگەش چووبووە ناو شنگال، بەڵام کە پرسیاری ئەوەمان لە پڕۆفیسۆر دیڤید فلیپس کرد چۆن سەیری ئۆپەراسیۆنە دەکەی، ئەو ئاگادار بوو لەوەی سەرۆك بارزانی لە بەرەی پێشەوەی شەڕە و خۆی سەرپەرشتی ئەو ئۆپراسیۆنانە دەکات بۆ کردنەوەی دەروازەیەك بۆ گەیشتن بە شنگال. پرۆفیسۆر فلیپس پێشتر ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بووە، هەر خۆیشی دیراسەتی پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتی نووسیوە و لە داڕشتنی دەستووری عێراق سوودی لێوەرگیراوە، لەم دیمانەیەدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کوردستان بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ هەنگاو هەڵدەگرێت و وەك پاداشتێکیش بۆ ئەو شەڕەی پێشمەرگە لەگەڵ داعش دەیکات، دەبێت ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئیعتراف بە سەروەری کوردستان و سەروەری کەرکوك وەك بەشێك لە کوردستان بکەن، ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

*** سەبارەت بەو بارودۆخە هەستیارەی ئێستا کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، دەمانەوێت راوبۆچوونی ئێوە بزانین، ئایا وەك چاودێرێکی دەرەکی چۆن سەیری بارودۆخەکە دەکەن؟**

- ئەمە ساتەوەختی قەیران و دەرفەتە لە یەك کاتدا. دەوڵەتی ئیسلامی بۆتە تەحەددی بۆ بەها رۆژئاواییەکان. کوردەکان بەهای رۆژئاوایی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتە ئەوروپییەکاندا، هەروەها سەلماندوویانە کە کوردستان رۆڵێکی میحوەری هەیە لە هاوپەیمانێتی فرەنەتەوەییدا کە لە شەڕدایە دژی دەوڵەتی ئیسلامی.

*** ئێوە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەمە هەم دەرفەتە و هەم تەحەددی، ئایا دەرفەتەکانی بۆ کورد چین؟**

- کوردستان دەرفەتی ئەوەی لەبەردەمدایە سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت و هەروەها وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە دانی پێدابنرێت. تێکشکاندنی داعش بێ کوردستان ناکرێت، دەبێت کوردستان لەسەر ئەو قوربانییانەی بەخشیویەتی، پاداشت بکرێت.

*** بەڵام بۆچی تا ئێستاش ئەمریکا پێداگیری لەسەر سیاسەتی عێراقێکی یەکگرتوو دەکات؟**

- راستە تا ئێستاش ئەمریکا وەك وڵاتێکی یەکگرتوو لە عێراق دەڕوانێت، بەڵام عێراق دەوڵەتێکی شکستخواردووە و یەك لەسەر سێی خاکەکەی لە ژێر دەستی رێکخراوێکی تیرۆریستیدایە. حکومەتی بەغداش لە ژێر کاریگەری قورسی ئێراندایە، پێویستە سیاسەتداڕێژەرانی ئەمریکا واقیعەکە بکەنە بنەمای ئەو رێچکەیەی دەیگرنەبەر و جەختکردنەوە لەسەر عێراقێکی یەکگرتوو رێچکەیەکی هەڵەیە.

*** باسی رێچکەیەکی هەڵەتان لەلایەن ئەمریکاوە کرد، بەڵام فشارێکی زۆر نییە بۆ گۆڕینی واقیعەکە، تەنانەت تورکیاش دژی سەربەخۆیی کوردستانە، چ خوێندنەوەیەکت بۆ ئەمە هەیە؟**

- بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەحەددیەکی مەزنە، لەبەر ئەوەی تورکیا و ئێران هەردووکیان بەرهەڵستی دەکەن، پێویستە بەغدا و هەولێر بگەنە رێککەوتنێکی هاوبەش و بەدواداچوون بۆ رێککەوتنەکەی ئەم دواییەی بەغدا بکرێت، وەك هەنگاوێکیش بەرەو سەربەخۆیی، دەبێت وەك قەوارەی خاوەن سەروەری لە کوردستانی عێراق و کەرکووك بڕوانن. وەك قەوارەیەکی خاوەن سەروەری دەتوانرێت کەرکووك گرێبدرێتەوە بە کوردستانەوە. پێویستە پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاو پیادە بکرێت کە رۆڵ و بەرپرسیارێتییەکانی کوردستان و عێراق دیاری بکرێت، بەو پێیە سەربەخۆیی لە رێی گفتوگۆوە و بە بێ توندوتیژی بەدەست بهێندرێت.

*** کورد شەڕی داعش دەکەن، پێشمەرگە لە بەرەی پێشەوەی شەڕی داعشن، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەمریکا پەیەدە و پەکەکەی لە لیستی تیرۆر دەرنەهێناوە، بۆچی تا ئێستا ئەمریکا پێداگیری لەسەر ئەم هەڵوێستەی دەکاتەوە؟**

- بەم دواییە و لە پاریس کۆبوونەوەیەکی گرنگ کرا لە نێوان ساڵیح موسلیم و نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ سووریا، لە رەوتی بەرەوپێشچووندا، دەبێت ئەمریکا لە نزیکەوە هەماهەنگی لەگەڵ پەیەدەدا بکات بۆ ئەنجامدانی کارەکانی. بەرگری پاڵەوانانە لە کۆبانێ گەمەکە دەگۆڕێت. دەبێت پەکەکە کە هاتوونەتە نێو شەڕەکەوە، لە لایەن ئەمریکاوە لە لیستی رێکخراوە تیرۆریستە بیانییەکان دەربهێندرێت. حکومەتی تورکیا گفتوگۆ لەگەڵ پەکەکەدا دەکات، هەروەها ئاگربەست و کشاندنەوەی هێزەکان ئەنجامدران. ئەنقەرە لە پرۆسەی گفتوگۆدایە لەگەڵ پەکەکە، دەرهێنانی ئەم رێکخراوە لە لیستی تیرۆر کاریگەری ئیجابی دەبێت لەسەر گفتوگۆی سیاسی و پرۆسەکە بەرەو پێشەوە دەبات و دەبێتە هۆی گەیشتن بە رێککەوتن پێش هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تورکیا لە مانگی حوزەیراندا.

*** راستە ئەمریکا لە جنێڤ چاوی بە ساڵیح موسلیم کەوت، بەڵام کوردەکان لە بەرەی پێشەوەی شەڕی داعشن و بەرگری کوردەکان خاڵی وەرچەرخان بوو لە شەڕی دژ بە داعشدا، ئەگەر وانەبووایە ئەوا ئێستا بەشێکی تورکیا لە ژێر دەستی داعشدا بوو، بۆچی تا ئێستا ئەمریکا دوودڵە لە پشتیوانیکردنی کوردەکان؟**

- دەوڵەتی ئیسلامی داعش لەوەدا سەرکەوتوو بوو کە پەیەدە و پەکەکە و پێشمەرگە یەکبخات، کورد کاتێك دووچاری مەترسی دەبنەوە، ئەوا لە پێناوی ئامانجی هاوبەشدا جیاوازییەکانیان دەخەنەلاوە. تورکیا لە ساتەوەختێکی هەستیاردایە لە پەیوەندیدا بەوەی پێی دەگوترێت پرۆسەی ئاشتی. دەبێت مافی سیاسی و کەلتووری زیاتر بۆ کوردی تورکیا دەستەبەر بکات، ئەگەرنا ئەوانیش بەرەو رادیکاڵیەت دەڕۆن، بەڕێز ئەردۆغان باسی ئاشتی دەکات، بەڵام لە کۆتاییدا کردەوەکانی ئەو دەبنە سەنگی مەحەك، نەك گوفتارەکانی. کاتێك هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکان لە مانگی حوزەیراندا ئەنجام دەدرێت ئەوا دەنگدەران حوکم لەسەر پارتی دادوگەشەپێدان دەدەن.

*** بەڵام پێدەچێت ئەردۆغان هەتا ئێستا دوودڵ بێت**

**تێکشکاندنی داعش بێ کوردستان ناکرێت، دەبێت کوردستان لەسەر ئەو قوربانییانەی بەخشیویەتی، پاداشت بکرێت**

**دەبێت ئەمریکا وەک ئەوەی هەیە مامەڵە لەگەڵ عێراقدا بکات، نەک وەک ئەوەی ئومێد دەکات، هەبێت. لە کۆتاییدا باشترین و تەنها دۆستی ئەمریکا لە عێراقدا کوردەکانن**

**بەرگریکارانی کۆبانێ پێویستییان بە هێزی مرۆیی زیاتر نییە، بەڵکو پێویستیان بە چەکی زیاتر هەیە، ئەوان پێویستیان بە تۆپ و چەکی پێشکەوتوو هەیە بۆ بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی کە هێرش دەکەنە سەر شارەکە**

**و شەڕی داعش نەکات، یان دژیان نەوەستێتەوە؟**

- بەڕێز دەمیرێل سەرۆکی پێشووی تورکیا گوتی: زۆربەی وڵاتان تەنها یەك دەوڵەتیان هەیە، بەڵام ئێمە لە تورکیا خاوەنی دوو دەوڵەتین لە سایەی پارتی داد و گەشەپێداندا، هێشتا هەر دوو دەوڵەتەکە بوونی هەیە. ئێستا دەوڵەتەکەی دیکە بریتییە لە دەوڵەتی ئیسلامی. دنیابینی پارتی داد و گەشەپێدان و ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی ئیسلامی هاوشێوەن، ئەگەرچی تاکتیکیان جیاوازە. پێویستە تورکیا بڕیارێك بدات، بەوەی کە ئایا ئاینەدەی لە ئەورووپا و رۆژئاوادایە، یان لە ئیسلامیزەکردنی زیاتری تورکیا و رەفتارکردنی لەبری ئیخوان موسلمین. ئەوە ئومێدی ئەمریکایە کە تورکیا بەها رۆژئاواییەکانی وەك دیموکراسی و فرەیی لەخۆ بگرێت و بەرهەڵستی بە رادیکاڵیبوون بکات. دەبێت تورکیا هەنگاوێکی روون و کۆنکرێتی هەڵبگرێت. پێویستە بنکەی ئاسمانی ئینچەرلیك دیاری بکرێت بۆ ئەوەی لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانێتییەکەوە بەکاربهێندرێت بۆ پلانەکانی شەڕەکە. هەروەها دەبێت پرۆگرامی مەشقپێکردن و پرتفاقکردنی تەواو بکات بۆ یارمەتیدانی موعارەزەی میانڕەوی سووریا. پێویستە تورکیا زیاتر بەشداریی هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکە بکات بۆ ئەوەی پێگەی باشی خۆی بەدەست بهێنێتەوە. ئەمریکا و تورکیا لە ئامانجێکدا هاوبەشن، ئەویش بریتیە لە رزگاربوون لە ئەسەد.

*** زۆر کەس باوەڕی وایە کە ئەرۆدغان ئامادەیە بۆ نوێنەرایەتیکردنی خەلافەتی ئیسلامی، بەڵام ئەو دژی خەلافەتەکەی (ئەبوبەکر ئەلبەغدادی)یە، ئایا چۆن ئەم دژیەکییە لە بیرکردنەوەی ئەردۆغاندا دەبینیت؟**

- ئەردۆغان وەك سوڵتان و خەلیفەی جیهانی ئیسلامی هەڵسوکەوت دەکات. هەربۆیە لە بری مۆرکی مرۆڤایەتی، دیاردەی لوتبەرزی بۆتە خەسڵەتی جیاکەرەوەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا.

*** سەرۆك بارزانی وەك پێشمەرگەیەك هەڵسوکەوت دەکات، ئێستا ئەو لە هێڵی پێشەوەیە، ئەو واقیعی شەڕەکەی گۆڕیوە، ئایا جیهان چۆن لەم رۆڵەی بارزانی دەڕوانێت کە سەرکردایەتی هێزەکانی دژ بە داعش دەکات؟**

-سەرۆك بارزانی لە بەرەی پێشەوەیە و پێشەوایەتی هێرشێك دەکات بۆ کردنەوەی راڕەوێك بۆ شنگال. هەمیشە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رووی کردۆتە کوردەکان و داوای هاوکاری و قوربانی لێکردوون، کوردەکان وەك هێزی زەمینی بۆ شەڕکردن لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی کار دەکەن. پێویستە بە هاوکاری ئەمنی راستەوخۆ و پشتیوانی دیبلۆماسی پاداشتی کورد بدرێتەوە. لەبری ناردنی چەك لە ڕێی بەغداوە، پێویستە ئەمریکا کەناڵێکی راستەوخۆ بکاتەوە بۆ پێشمەرگە لە ڕێی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە، بۆ ئەوەی چەکی قورستریان پێبدات، تاوەکو زیانی گەورەتر بە چەکدارانی داعش بگەیەنن.

*** عێراق بۆتە گۆڕەپانی پیادەکردنی سیاسەتی ئیقلیمی، ئێستاش هادی ئەلعامری هێزی حەشدی شەعبی کۆدەکاتەوە لە پارێزگای ئەنباردا، ئایا تا چەند ئەمە عێراق دەخاتە مەترسیی شەڕی ناوخۆوە؟**

- پێویستە سەروەری یاسا باڵ بەسەر عێراقدا بکێشێت. حەشدی شەعبی لە پێناوی دروستکردنی میلیشیادا لە مەودای کورتدا کاریگەری ئەمنی ئیجابی دەبێت، بەڵام لە مەودای دووردا میلیشیاکان عێراق ناسەقامگیر دەکەن، هەروەها ناکۆکی لە نێوان گرووپە تایەفەگەرییەکاندا دروست دەکەن. تاوەکو خێڵە سوننییەکان بەشداری نەکەن، ئەوا ناتواندرێت دەوڵەتی ئیسلامی تێکبشکێندرێت. ئەو ستراتیژیەتەی بۆ شەڕکردن لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی بەکار دەهێندرێت، دەبێت هێزە چەکدارەکانی عێراق و پێشمەرگە و خێڵە سوننییەکان لەخۆ بگرێت. هەروەها پێویستە بۆ بەڕێوبردنی موسڵ لە دوای رزگارکردنی پلان هەبێت.

*** هەرێمی کوردستان رێککەوتنێکی لەگەڵ حکومەتی بەغدا ئەنجام داوە، تا چەند ئەم رێککەوتنە بۆ ئێستای کوردستان گرنگە؟**

- رێککەوتنێکی زۆر گرنگە، هەرچۆنێك بێت، ئەمە رێککەوتنێکی کاتییە و تەنها بۆ ماوەی یەك ساڵە. کە بە هۆی ئەم رێککەوتنەوە سەرچاوەی دارایی بۆ هەرێمی کوردستان رەوانە دەکرێت، ئەمەش کێشەی هاتنی سیولە کەم دەکاتەوە، هەروەها بڕێك لە نەوت دیاری دەکات کە دەبێت لە کوردستان بە کەرکووکیشەوە هەنارده بکرێت. دەبێت رێککەوتنە بە فەرمی بکرێت بەوەی بکرێتە بەشێك لە پرۆژەی بودجە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە. ئەو کاتە بەغدا و هەولێر لەسەر بنەمای ئەو واقیعەی لە ئارادایە دووبارە گفتوگۆ دەکەنەوە. لە ساڵی ٢٠١٥دا کوردستان هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەکانی لە کاتێکدا کە بەرەو سەروەری و سەربەخۆیی رێگەدەگرێتەبەر.

*** بڕیار دراوە سێ فیرقە بۆ پێشمەرگە دروست بکرێت و بنکەیەکی ئاسمانی ئەمریکی لە نزیك هەولێر دابندرێت، تا چەند ئەمریکا چەکی قورس دەداتە پێشمەرگە، ئێمە باوەڕمان وایە چەکی قورس هەموو جۆرە چەکێك جگە لە چەکی ناوەکی دەگرێتەوە؟**

**پارێزگاری موسڵ پێشنیاری چەکدارکردنی پۆلیس و خێڵە سوننییەکانی کردووە، بەڵام دەبێت ئەم پرۆسەیە بە وریاییەوە کاری لەسەر بکرێت و پابەندبوونیان بسەلمێندرێت**

**سەرکەوتنی کوردستانی عێراق لە بەرژەوەندی ئەمریکا و جیهان و هەروەها گەلی کوردیشدایە**

**ئەردۆغان وەک سوڵتان و خەلیفەی جیهانی ئیسلامی هەڵسوکەوت دەکات. هەربۆیە لە بری مۆرکی مرۆڤایەتی، دیاردەی لوتبەرزی بۆتە خەسڵەتی جیاکەرەوەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا**



**بەرگری پاڵەوانانە لە کۆبانێ گەمەکە دەگۆڕێت. دەبێت پەکەکە کە هاتوونەتە نێو شەڕەکەوە، لە لایەن ئەمریکاوە لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستە بیانییەکان دەربهێندرێت**

- پێویســـتە بە بەردەوامی تەقەمەنی بۆ پێشمەرگە دابین بکرێـــت، هەروەها ئەوان پێویســـتیان بە چەکی قورســـە بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەکی پێشـــکەوتووی دەوڵەتی ئیســـلامی. کاتێك ســـوپای عێراق موسڵیان بەجێهێشـــت، چەکیان بۆ داعش جێهێشت، چەکدارانی دەوڵەتی ئیســـلامی پڕتفاقترن بەهۆی بەدەســـتهێنانی ئەو چەکانەی کە لە ئەمریکا دروســـتکراون. پێویستە پێشـــمەرگە باشتر پڕتفاق بکرێن. خۆشبەختانە ئەڵمانیا مووشەکی میلانی دەستەبەر کردووە، هەروەها فەڕەنساش دۆشـــکەی ٢٠ میلیمی دەســـتەبەر کردووە کە توانای بڕینی ئۆتۆمبێلە زرێپۆشـــکراوەکانی هەیە. پێشمەرگە پێویســـتی بەو ئامڕازانە هەیە کـــە وایان لێدەکات ببنە هێزێکی شـــەڕکەری کاراتر. مەترســـی ئەوە لە ئارادا نییە کە پێشـــمەرگە ئەو چەکانـــە دژی بەغدا یاخود بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بەکار بهێنێت. کاتێکیش هەنگاو بەرەو ســـەربەخۆیی هەڵدەگیرێت، ئەوا لە ڕێی گفتوگۆوە دەبێت.

*** ئەوەی پێشمەرگە زۆر پێویستی پێیەتی، بریتییە لە تانك و هێزی ئاسمانی، ئایا هیچ ئەگەرێك هەیە ئەم چەکانە بدرێنە پێشمەرگە؟**

- من کەســـێکی ســـەربازی نیم، لەبەر ئەوە لە خۆم رانابینم وەڵام بدەمەوە. بەڵام پێموایە کوردەکان پێویستییان بە کەل و پەلی ســـەربازی و راهێنان هەیە، سەرکەوتنی کوردســـتانی عێراق لە بەرژەوەندی ئەمریکا و جیهان و هەروەها کوردەکانیشدایە.

*** ئێستا باس باســـی موسڵە، پارێزگاری موسڵیش ئێستا لە هەولێرە، شیعەکانیش بێدەسەڵاتن، ئایا ئەگەری ئـــەوە هەیە کورد و ســـوننە بۆ رزگارکردنی موســـڵ هاوکاری یەکتری بکەن؟**

- بەڵـــێ، بناغەیەك هەیە بـــۆ هاوکاریکردن، بەڵام موسڵ شارێکی گەورەیە و هێزی ئاسمانی ئەمریکاش لە شەڕەکەدا هێزێکی یەکلاکەرەوە نابێت. شەڕی موسڵ شەڕی جادە بە جادە دەبێت و هێزی زەمینی لە خۆ دەگرێت. پێشـــمەرگە بە توانـــا و پابەندن. پارێزگاری موســـڵ پێشـــنیاری چەکدارکردنی پۆلیس و خێڵە سوننییەکانی کردووە، بەڵام دەبێت ئەم پرۆســـەیە بە وریاییەوە کاری لەسەر بکرێت و پابەندبوونیان بسەلمێندرێت.

*** چوونی پێشـــمەرگە بۆ کۆبانێ خاڵی وەرچەرخان بوو لە شـــەڕەکەدا و ئێستاش پێشمەرگە لە کۆبانێن، تا چ رادەیەك چوونی پێشـــمەرگە بۆ کۆبانێ بووە هۆی نەهێشتنی سنوورەکان لە نێوان بەشەکانی کوردستاندا و ئایا چۆن ئەم بارودۆخە دەخوێنیتەوە؟**

- گەیشـــتنی پێشـــمەرگە بۆ کۆبانێ گرنگییەکی رەمـــزی هەیە. بەرگریکارانی کۆبانێ پێویســـتییان بە



هێزی مرۆیی زیاتر نییە، بەڵکو پێویستیان بە چەکی زیاتر هەیە، ئەوان پێویستیان بە تۆپ و چەکی پێشکەوتوو هەیە بۆ بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی کە هێرش دەکەنە سەر شارەکە. ئێستا سووریا دەوڵەتێکی شکستخواردووە. ڕۆژێك دێت شەڕە ناوخۆییە وێرانکارەکە کۆتایی دێت، ئەو کاتەش سووریا هاوشێوەی بۆسنیا دەبێت وەك ئەو کاتەی شەڕی ناوخۆی تێیدا کۆتایی هات کە سێ کانتۆن بوو، هەر یەکێکیان لەلایەن میلیشیاکانەوە کۆنترۆڵ کرابوون و پارێزراو بوون و هەر یەکێکیان خۆیان حوکمڕانی خۆیان دەکرد. پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و پەیەدە بە شێوەیەکی مەزن بەرەوپێش چووە. ڕۆژئاوا و کوردستانی عێراق بەرژەوەندی ستراتیژی هاوبەشیان هەیە. لە کۆتاییدا کوردستان پێویستی بە دەروازەیەك دەبێت بۆ سەر دەریا، کە ئەوەش بە ڕێڕەوێك دەبێت لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی کوردەکان لە سووریا تاوەکو لازقیە بۆ تەڕتوس. پێویستە کێشەکانی کورد لەسەر ئاستی ناوچەیی چارەسەر بکرێن، نەك تەنها وەك کێشەیەك لە چوارچێوەی عێراقدا.

*** ساڵێك پێش ئێستا پێشنیاری ئەوەت کرد پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەربهێندرێت و عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئازاد بکرێت، بەڵام ئێستا تورکیا هیچ یەکێك لەمانەی نەکردووە، ئایا ئێستا کاتی ئەوە نەهاتووە؟**


- من پێشنیاری باشترکردنی بارودۆخی (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)م کرد لە زینداندا و پێشناری ئەوەم کرد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەروازەی زیاتر هەبێت. دەرهێنانی پەکەکە لە لیستی تیرۆر هەنگاوێك بوو دەبوو زووتر بکرێت، پێویستە ئەمریکا دەستپێشخەری بکات بۆ دەرهێنانی پەکەکە لە لیستی تیرۆر، ئەوەش لەسەر گفتوگۆکان کاریگەری ئیجابی دەبێت.

*** ئێستا لە کوردستانیت، ئایا چۆن سەیری بارودۆخی ئێستا دەکەیت و چۆن لە ئایندەی کوردستان دەڕوانێت؟**

من لە ٩ی ئاب لە ماردین بووم و لە ڕێگەدابووم بۆ هەولێر. هەرچۆنێك بێت، نەمتوانی بێم لەبەر ئەوەی ڕێگەی ئاسمانی داخرابوو، هەموو گەشتە بازرگانییەکان هەڵوەشێندرانەوە. ئەوە سەردەمی قەیرانێکی مەزن بوو، بەڵام ئێستا ئەو قەیرانە تێدەپەڕێت، هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە توانای بەرەنگاربوونەوەی شەڕی داعشیان پیشاندا. ئەوان پابەندبوونی خۆیان سەلماندووە وەك هاوپەیمانی ئەمریکا لە شەڕی دژ بە تیرۆردا. دەبێت ئەمریکا وەك ئەوەی هەیە مامەڵە لەگەڵ عێراقدا بکات، نەك وەك ئەوەی ئومێد دەکات، هەبێت. لە کۆتاییدا باشترین و تەنها دۆستی ئەمریکا لە عێراقدا گەلی کوردە.

**عێراق دەوڵەتێکی شکستخواردووە و یەک لەسەر سێی خاکەکەی لە ژێر دەستی ڕێکخراوێکی تیرۆریستیدایە. حکومەتی بەغداش لە ژێر کاریگەری قورسی ئێراندایە، پێویستە سیاسەتداڕێژەرانی ئەمریکا واقیعەکە بکەنە بنەمای ئەو ڕێچکەیەی دەیگرنەبەر و جەختکردنەوە لەسەر عێراقێکی یەکگرتوو ڕێچکەیەکی هەڵەیە**

# بۆریەکانی کوردستان بنیاتنەری ئاشتین؟



خالیدساڵح

بۆ گوڵان نووسیویەتی*

لە هاوینی سالّی ٢٠٠٦دا، یەکەم کابینەی حکومەتی فیدراڵی پێکهێنرا دوای ئەوەی دەستووری نوێی عێراق لەلایەن زۆرینەیەکی ئاشکرای دەنگدەرانەوە پەسەند کرا. لە هەر پێنج دەنگدەرێك چواریان دەنگیان بۆ پەسەندکردنی دەستوورەکەدا، کە ساڵێك پێشتر گفتوگۆی لەبارەوە کرابوو. لە زۆر ڕووەوە بڕیار بوو ئەو ڕێککەوتنە سیاسیەی دواتر لە شێوەی دەستوورێکی فیدراڵیدا گەڵاڵە کرا کە ببێتە ڕێککەوتنی ئاشتی بۆ ئەوەی پێی وترا عێراقێکی نوێ، پێکهاتەکانی عێراق و سەرکردەکانیان پێشبینی سەرەتایەکی نوێیان دەکرد بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی وڵاتەکە لەسەر بنەمای چەند بیرۆکەیەکی نوێ. یەکێکیان بریتی بوو لە دابەش کردنی داهاتی نەوت بە شێوەیەکی ڕەواو دادپەروەرانە.

هەر لە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە کوردستان

ئەزمونێکی زۆر سەلبی هەبووە لەو ڕووەوە. زۆرینەی داهاتی نەوت بۆ بە سەربازیکردنی وڵاتەکە بەکار هێنرا. ژمارەیەکی زۆر کەمی پیشەسازی، ئەمە ئەگەر هەر هەبوبێت، بواری ئەوەیان پێدرا لە کوردستاندا بێنەئاراوە. لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوشدا، کوردستان و دانیشتوانەکەی باجێکی زۆر قورسیان دا، لە بەرامبەر بەسەربازیکردنی عێراقدا کاتێك ڕژێمەکەی سەددام حوسێن چەکی کیمیایی بەکارهێنا لە دژی خەڵکە مەدەنیەکە لە شارۆچکەو گوندەکاندا بێ ئەوەی کاردانەوەیەکی نێودەوڵەتی توندی لێ بکەوێتەوە. ئامانج لە گازبارانکردنی هەڵەبجە و ئۆپەراسیۆنە بەدناوەکانی ئەنفال ژێردەستەکردنی تەواوی دانیشتووانی کوردستان بوو لە ساڵانی ١٩٨٨-١٩٨٩دا. شەڕی عێراق و ئێرانیش بوار ئەوەی بۆ سەددام حوسێن ڕەخساند کە تێڕوانینە گەورەکەی خۆی جێبەجێ بکات بۆ کاولکردنی کوردستان بە بێ هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك. عەلی حەسەن مەجید، ئەو پیاوەی بەرپرسیارە لە کاولکردنی کوردستان لەو سەردەمە وتبووی: من دەست دەکەم بە کوشتنی کورد» بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی! کێ دێتە دەنگ و قسە دەکات؟ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؟ بە نەفرەت بێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەو کەسانەشی کە گوێیان بۆ دەگرێت.»

کاتێك سەرکردەکانی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٩٢ و ٢٠٠٥دا برەویان بە بیرۆکەی فیدراڵیزم دا لە عێراقدا، هێشتا یادەوەری ئەم ئێش و ئازارانە تازە بوون لە هزری هەر یەکێکماندا. بۆ ئەوەی ڕێگری لە دووبارە بوونەوەی ئەم مێژوە تراژیدیە بگرین، لایەنی کورد پێداگیر بوون لەسەر ئەوەی میکانیزمێك دروست بکرێت کە بوار نەدات چەند کەسێکی کەم لە بەغدای پایتەختدا داهاتی نەوت قۆرخبکەن، بە جەخت کردنەوە لەسەر دابەش کردنی ڕەوا و دادپەروەرانەی داهاتی نەوت، ئومێدی ئەوەیان خواست کە دووبارە وڵاتەکە بنیات بنێنەوە کە بە قازانجی سەرجەم پارێزگاو هەرێم وگەلانی عێراق بشکێتەوە.

گۆڕینی ئەو خەونە بۆ سیاسەت ئەو کاتەو ئێستاش تەحەددیەکی گەورەیە. هەرچۆنێك بێت، کاتێك سەرۆك وەزیرانی تازە دەست بەکاربووی—حکومەتی- فیدراڵی و وەزیری نەوت لە هاوینی ٢٠٠٦دا هاتنە کوردستان، نوێنەرانی هەرێمی کوردستان یەکەم ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازیان پێشکەش کردن کە دەبووە هۆی ئەوەی عێراق بە ئاراستەی فیدراڵیدا هەنگاو هەڵبگرێت. ئەوە هەوڵێکی دڵسۆزانەی هەرێمی کوردستان بوو بۆ گرتنەبەری دەستپێشخەریەکی بنیاتنەر بۆ گۆڕینی ئامانجی پشت دەستوورەکە بۆ یاسایەك کە توانای مانەوەی هەبێت و ئەگەری ئەوە هەبێت ڕێککەوتنی لەبارەوە بکرێت. بە داخەوە ئەمە هیچ دەرئەنجامێکی لێنەکەوتەوە. نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان وردە وردە درکی بەوە کرد کە لە بەغدا کەسانێك بوونیان نییە بیر لە فیدرالیەت بکەنەوە یان جێبەجێی بکەن.

ساڵێکی دواتر، هەرێمی کوردستان یاسای نەوت و گازی خۆی دەرکرد، داوای لە کۆمپانیاکان کرد کە بێن و بە دوای نەوت و گازدا بگەڕێن و پاڵاوگە دروست بکەن و لە کۆتاییدا بۆریەکی ستراتیژی دروست بکەن بەرەو تورکیا. ئەمە گەشتێکی ئاسان نەبوو. وەزیرەکان و ئەندام پەرلەمانەکان و سەرکردە سیاسیەکان و چاودێران ئەوندەی پێیان کرا هێرشیان کردە سەر سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وتیان ئەمە نایاسایی و نادەستووریە و دابەش بوونی لێدەکەوێتەوە. بەرپرسە ئەمەریکی و بەریتانیەکان لە بەغداو واشنتۆن و لەندەن و هەروەها سەرکردە سیاسیەکان لە کوردستان و باقی عێراق هێرشیان کردە سەر نزیکەی هەموو هەنگاوێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی مافە دەستوریەکانی کە پەیوەست بوون بە نەوت و گازەوە لە هەرێمەکەدا. بەرپرسانی ئەمەریکا بە توندی ڕاسپاردەیان دژی ئەوە دەکرد کە گفتوگۆ بکرێت بۆ ئەنجامدانی هەر گرێبەستێك لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. وەزارەتی نەوتی عێراق هەموو ئەو کۆمپانیایانەی خستە لیستی ڕەشەوە کە لە کوردستاندا چالاك بوون، هەروەها سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا لەبەر هۆکاری سیاسی حزبایەتی بە چەندین شێوە ئەم سیاسەتەیان تۆمەتبار دەکرد. زۆربەیان پیشبینی ئەوەیان دەکرد کە عێراق جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتێکی بەهێز و بە مەرکەزیکراو. لە بنەڕەتدا ئەوان پاساوی دژ بە فیدراڵیەتیان دەهێنایەوە، ئەمە سەرەڕای ئەو ڕاستیەی کە زۆربەیان بەشدار بوون لە بە فیدراڵیزەکردنی عێراقدا.

سەیر ئەوەیە کە ڕەوشەکە لە هاوینی ساڵی ٢٠١٤دا ئاڕاستەیەکی گرتەبەر کە مایەی سوپرایز بوو. سوپای عێراق بە بێ بەرگری هەرەسی هێنا لە ئاست هێرشەکانی داعشدا (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ئێستا بۆتە دەوڵەتی ئیسلامی). نرخی نەوت زۆر دابەزی. عێراق نەیتوانی بۆریە ستراتیژیەکەی بۆ هەناردەکردنی نەوتی کێڵگەکانی کەرکوك هەناردەی تورکیا بکات، وەك ئەوەی بۆ چەندین دەیە ئەم کارەی دەکرد. کاتێك لە سەرەتای مانگی کانونی یەکەمی ئەمساڵدا شاندێکی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیران نێچیرڤان بارزانی چوو بۆ بەغدا، شتی چاوەڕواننەکراو ڕوویان دا. دەرکەوت ئەو بۆریەی کە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بنیات نراوەو جێی ڕەخنەیەکی زۆر بوو ئێستا بۆتە سامانێکی

**بەهۆی ڕێککەوتنەکانی ئەم دواییەوە، حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان زەمینەیان بۆ گفتوگۆ خۆشکرد لە ئاییندەدا، هەروەها بۆ چارەسەرێکی بنیاتنەرانەو ڕێککەوتنی بنیاتنەرانە.**

**چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و ڕێککەوتنێکی ماناداری دابەش کردنی دەسەڵات کە تەنانەت دابەش کردنی داهاتیش لە خۆبگرێت کە لە ئاییندەدا عێراق لە توندوتیژی و کاولکاری ڕزگار دەکات**

**بەرپرسە ئەمەریکی و بەریتانیەکان لە بەغداو واشنتۆن و لەندەن و هەروەها سەرکردە سیاسیەکان لە کوردستان و باقی عێراق هێرشیان کردە سەر نزیکەی هەموو هەنگاوێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی مافە دەستوریەکانی کە پەیوەست بوون بە نەوت و گازەوە لە هەرێمەکەدا**



ستراتیژی، ئەویش شان بە شانی بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەم هێنانی نەوت کە هەرێمی کوردستان توانیویەتی لە ماوەی چەند ساڵی کەمی ڕابردودا بەو ئاستەی بگەیەنێت. گفتوگۆکارانی هەرێمی کوردستان توانییان بگەنە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ هاوکاری کردنی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە نێودەوڵەتیەکانی بە هەناردەکردنی ٢٥٠٠٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا و هەروەها ئەو بۆریە تازە دروست کراوەی کوردستانیش بەکار بهێنرێت بۆ هەناردەکردنی ٣٠٠٠٠٠ بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا لە کێڵگەکانی کەرکوکەوە. لە ڕوویەکەوە ئەمە خاڵێکی وەرچەرخانی دراماتیکی بوو.

بۆ چەندین ساڵ بوو بەرپرسەکانی حکومەتی فیدراڵیی نادەستوریانە ڕەفتاریان دەکردو هەرێمی کوردستانیان بە لاوازکردنی یەکپارچەیی عێراق تۆمەتبار دەکرد. ئەم پاییزە، ڕووداوەکان سەلماندیان کە سیاسەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی بنیاتنەرو ئایندەساز بوو و مایەی ئەوە بوو کە خزمەت بە تەواوی وڵاتەکە بکات. لە ساڵی ٢٠٠٦دا کەسانێکی کەم هەبوون، ئەگەر هەر بووبێتن، وێنای ئەوەیان دەکرد کە کوردستان بتوانێت بەشە نەوتی خۆی بەرهەم بهێنێت و بەشدار بێت بە هێنانەئارای داهات بۆ وڵاتەکە. دوو ساڵ بەر لە ئێستا، کەسانێکی کەم، ئەگەر هەشبووبێتن، دەیانتوانی وێنای ئەوە بکەن کە ئەم بۆریەی تازە دروست کراوە، بەڵام ڕەخنەیەکی زۆریی لێگیراوە- خزمەت بە کوردستان و عێراق دەگەیەنێت. بەهۆی ڕێککەوتنەکانی ئەم دواییەوە، حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان زەمینەیان بۆ گفتوگۆ خۆشکرد لە ئایندەدا، هەروەها بۆ چارەسەرێکی بنیاتنەرانە و ڕێککەوتنی بنیاتنەرانە.

دەکرێت بۆری نەوت و گازی کوردستان وەك دەستپێشخەریەکی بنیاتنانی ئاشتی ڕۆڵ بگێڕێت کە لە ڕێیەوە مامەڵە لەگەڵ پرسەکانی دیکەدا بکات: پێگەی پێشمەرگە و دابینکردنی دارایی بۆی لە چوارچێوەی – بودجەی- فیدراڵیدا، چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و ڕێککەوتنێکی ماناداری دابەش کردنی دەسەڵات کە تەنانەت دابەش کردنی داهاتیش لە خۆبگرێت کە لە ئایندەدا عێراق لە توندوتیژی و کاولکاری ڕزگار دەکات. چەند ساڵێکی دیکە ئێمە وا یادی بۆریەکەی هەرێمی کوردستان دەکەینەوە کە بووە بە چەخماخەی سەرەتایەکی نوێ لە عێراقدا.

لێرەدا، پێدەچێت هێڵێکی هاوتەریب بکێشێن لە نێوان بیرۆکەی فیدراڵیزم بۆ عێراقی ساڵی ١٩٩٢ کاتێك یەکەم ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بوونەوە بە بەشێك لە عێراق و عیراقیان مەرجدار کرد.

**هەرێمی کوردستان یاسای نەوت و گازی خۆی دەرکرد، داوای لە کۆمپانیاکان کرد کە بێن و بە دوای نەوت و گازدا بگەڕێن و پاڵاوگە دروست بکەن و لە کۆتاییدا بۆریەکی ستراتیژی دروست بکەن بەرەو تورکیا. ئەمە گەشتێکی ئاسان نەبوو**

## پەرلەمانتار نەجیبە نەجیب بۆ گوڵان:

# گەورەترین سێکتەر لە بودجەی ئەمساڵدا هەردوو سێکتەری سەرووەریی و پەنابەرانە

**بۆ قسەکردن لەسەر پرۆژەی بودجەی ئەمساڵی عێراق و شێوازی داڕشتنی بودجەکە و کاریگەریی دابەزینی نرخی نەوت و زیادبوونی بودجەی سەروەریی هەروەها دابینکردنی هاوکاری بۆ پەنابەران، پەرلەمانتار نەجیبە نەجیب ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو.**

«هێشتا پرۆژەی بودجە نەهاتۆتە بەردەستی ئێمە وەك پەرلەمان، بەڵام ئاگاداری ئەوەین چی دەکرێت و چی ناکرێت، ئێستا بەهای سەرەکی نرخی بەرمیلی نەوت هاتۆتەخوارێ، واتە پێشتر لە ساڵانی ٢٠١١ و ٢٠١٢ لەسەر بەهای ٨٥ دۆلار نرخی بەرمیلێك نەوت خەمڵێندرابوو، بەڵام لە بازاڕی جیهانی لەو نرخە زیاتر دەفرۆشرا کە دەگەیشتە سەرووی ١١٥ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، ئەمساڵ بە پێچەوانەوە کەممان داناوە و گەرچی هێشتا بە تەواوەتی لە وەزارەتی دارایی دیاری نەکراوە و ژمارەکانیش ژمارەی کۆتایی نین، بەڵام ٧٠ دۆلار بە مەزەندە دانراوە، لە کاتێکدا بەهای نەوت لە بازاڕەکانی جیهانیدا بۆ هەر بەرمیلێك نەوت تەنیا ٥٣ دۆلارە، واتە کەمتریشە لەو نرخەی بۆ بەرمیلێك نەوت کە دیاری کراوە، ئەو جیاوازییەش کارتێکردنێکی نەرێنی کردووەتە سەر داهاتووی بودجەی عیراق بەگشتی، دووەمین شتیش تێچوو، یان نەفەقاتی وەبەرهێنان دیاری نەکراون، واتە ساڵانی ٢٠١١ و ٢٠١٢تا ساڵی ٢٠١٤ڕێژەیەك بۆ نەفەقاتی وەبەرهێنان دانرابوون، بەڵام لە ٢٠١٥ ئەو ڕێژەیە بوونی نییە و تەنیا بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنانی نەوتییە، ئەویش لە کاتێکدا ئەگەر داهاتی نەوت زیاتر بێت، هەموو پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە بودجەی ٢٠١٥ دراونەتە کەرتی تایبەت، نەوتی کەرکووکیش کەوتە خانەی ڕێککەوتنەکەی نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، کە پێشتر حکومەتی ناوەندی خۆی بە تەنیا بڕیاری لەسەر نەوتی کەرکووك دەدا، خاڵی دی بەشی هەرێمی کوردستانە لە بودجەی گشتی هەر ڕێژەی ١٧٪ وەك خۆی ماوەتەوە، ئەمجارە ٢٣٪ی بودجە بۆ کەرتی بەرگری دانراوە، پێشانیش هەر زۆر بوو، بەڵام کەرتی وەبەرهێنانی نەوت لە پێشتر بوو، واتە لە رووی خەرجییەکانی بەکارخستنەوە، یان تەشغیلی بۆ ٢٠١٥ هەمووی بۆ بەرگری تەرخان کراوە، خاڵێکی دیکە کە زیاد کراوە، کێشەی پەنابەرانە، گەرچی ساڵانی پێشووش پارەیان بۆ تەرخان دەکرا، بەڵام نەك بەو شێوە زۆرەی ئێستا، کە لە رووی پلەبەندییەوە پاش کەرتی بەرگری، کەرتی پەنابەران هاتۆتە پێشەوە. هەروەها بودجەی ئەمساڵ جیاوازە و لەبەر ئەوەی بنەمای دامەزراندن و پێکهێنانی ئەم حکومەتە نوێیە لە لایەن (دکتۆر حەیدەر عەبادی )یەوە لەسەر سازان و ڕێککەوتن و شەراکەتە، بەو ڕێککەوتنەی ئەم دواییشەوە، پرۆژەیاساکان دیارن، چونکە لە پرۆژەیاسای ساڵی رابردوو چەند بەندێك هەبوون، وەك بەندی سزادانی هەرێمی کوردستان وابوون، ئێستا ئەوانەی تێدا نەماوە، دواتر ڕێککەوتنەکە لە حکومەتدا ئەنجامدراوە، پێش ئەوەی بێتە پەرلەمان، ئەوەش بۆ خۆی مانای وایە ئێستا ئەو زمانەی پرۆژەکەی پێ نووسراوەتەوە و ئەوانەش کە قسەی پێ دەکەن، دیارە زمانی هاوبەشییە لە فەرمانڕەواییدا و زمانی شەراکەتە، گرنگترین خاڵیش لەم پرۆژەیەدا کە بەدیار خرابێت، ئەوەیە کە هەر لە پاش رووخاندنی رژێمەوە تا ئێستا و لە ناو هەموو کابینەکانی پێشووی حکومەتی ناوەندی، یەکەمین جارە لە بودجەدا پارە بۆ پێشمەرگە تەرخان دەکرێت، جگە لە ڕێککەوتن لەسەر هەناردەی نەوتەکە و ناوهێنانی پێشمەرگە لە بودجەکەدا، باس لەوەش دەکرێت کە سەرەتا ئەم ڕێککەوتنە تەنیا ڕێککەوتنە لەسەر لایەنی دارایی بودجەی ٢٠١٥، بەڵام ئەوەمان لە بیر نەچێت کە بۆ ساڵی ٢٠١٤ش کێشەی گەورە هەیە، کە هێشتا بودجەی ئەو ساڵە نەنێردراوە بۆ هەرێمی کوردستان، لیژنەیەکی جیاواز بۆ ئەوەش دروستکراوە، چونکە بۆ ئەمەیان هیچ پێوەندی بە بودجەی ٢٠١٥ەوە نییە، ئەو لیژنەیە ئەرکی وەرگرتنەوەی ١٦ترلیۆن دیناری هەرێمی کوردستانی لە ئەستۆیە کە عێراق لە ٢٠١٤ نەیناردووە بۆ هەرێمی کوردستان، بەرانبەر ئەوەش ئەوان دەپرسن داخۆ چەند نەوت رۆیشتووە و بە چەند فرۆشراوە؟.

بە رای من لەبەر دوو ئەگەر، چیتر ترس و نیگەرانی لە بەرانبەر دووبارەبوونەوەی جێبەجێنەکردنی ئەو خاڵانەی کێشەیان لەسەرە نامێنێت، یەکەمین ئەگەریان بریتییە لەوەی ئێستا حکومەتی عێراقی زۆر پێویستی بە هێزی کوردە، چونکە هەردوولامان رووبەڕووی شەڕی داعش بووینەتەوە و ئەم شەڕەش مەترسیی زۆری لەسەر ئەوانیش هەیە».





پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام

تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی عێراق و کوردستان بۆ گوڵان:

# سەرۆک مسعود بارزانی پێشمەرگەیە و جەنگاوەرێکی مەزنە، پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنە مەزنەتان لێدەکەم

**ئەو کاتەی کە بڕیار بوو ئەم وتووێژە فراوانە لەگەڵ پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام ئەنجام بدەین، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەو ناو شاری سنونێ لە نزیك شنگال دەهاتەخوارێ، بۆیە لەگەڵ باسکردنی ئەو هەواڵە، پێمان ڕاگەیاند ئێستا ڕاستەوخۆ ئەم سەرکەوتنانە لەلایەن بەڕێز سەرۆك مسعود بارزانی سەرپەرشتی دەکرێت و بەڕێز مسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی کوردستان هاوشانی پێشمەرگەیە لەو دەڤەرە، پرۆفیسۆر بارام دوای ئەوەی پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی لێکردین، بەسەرسامییەوە وتی: من دەزانم بەڕێز مسعود بارزانی پێشمەرگەیە و جەنگاوەرێکی لێهاتووە، بەس لەوە ئاگادار نەبووم کە بە شەخسی سەرپەرشتی بەرەکانی شەڕ بکات. دیارە پرۆفیسۆر بارام لەبەر ئەوەی ماوەی نزیکەی ٣٥ ساڵە بە بەردەوامی توێژینەوەی لەسەر سیاسەتی عێراق کردووە، لە نزیکەوە زانیاری لەسەر سەرکردەکانی عێراق و کوردستان هەیە، سەرکەوتنە گەورەکانی پێشمەرگەش وتووێژێکی ٧٥ خولەکی لەگەڵ پرۆفیسۆر بارام لێ بەرهەم هات، لێرەدا پوختەی ئەو وتووێژەی نێوان گوڵان و پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام بڵاو دەکەینەوە.**

*** چۆن لە سەرکەوتنەکانی ئەم چەند ڕۆژەی پێشمەرگە دەڕوانیت بە سەرکردایەتی سەرۆك بارزانی کە خۆی داڕێژەری پلانی شەڕەکە و سەرپەرشتیاری جێبەجێکردنییەتی بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی دەوروبەری شنگال تاوەکو شکاندنی گەمارۆی سەر چیای شنگال؟**

- سەرەتا دەبێت پیرۆزبایی خۆمتان ئاراستە بکەم، چونکە ئەو کارانەی تا ئێستا ئێوە ئەنجامتان داوە، بێ ئەندازە گرنگن، هیوادارم بتوانن سەرجەم شاری شنگال کۆنترۆڵ بکەنەوە و ئومێدەکە ئەوەیە بگەنە چیای شنگال، چونکە زۆر گرنگە بۆ ئێوە و هەروەها بەلای کەمەوە بۆ عێراقیش گرنگە. بەڵام ئەوەی تا ئێستا ئێوە کردووتانە دەستکەوتێکی گەورەیە و سەرکەوتنێکی مەزنە. من نەمزانیبوو کە بارزانی بەڕاستی لەگەڵ هێزەکاندا بوو، بەڵام بارزانی خۆی پێشمەرگەیە و جەنگاوەرێکی مەزنە. مەسەلە گرنگەکە هەر ئەوە نییە کە ئێوە ئەو ناوچانە ڕزگار بکەن کە کوردەکانی تێدا دەژین، لەبەر ئەوەی تا ئێستا تێڕوانینی تەواوی جیهانی ئیسلامی ئەوەیە کە داعش زۆر سەرکەوتوو بووە و زۆر بەهێز بووە، ئەمەش زۆر مەترسیدارە، چونکە لە تەواوی جیهانی ئیسلامیدا و تەنانەت لە هەندێ کۆمەڵگەی موسڵمانی ڕۆژئاوادا خەڵکی پڕن لە سەرسامی بەرامبەر بە داعش، ئێمەش دەزانین کە داعش و خەڵکانی ناو داعش چۆنن، هەر سەرکەوتنێکی داعش زۆر مەترسیدارە، نەك هەر تەنها لەو ناوچانەی سەرکەوتوو دەبن لە —داگیرکردنی- وەك عێراق و سووریا، بەڵکو مەترسییە لەسەر تەواوی جیهانی ئیسلامی و هەروەها بۆ ڕۆژئاواش، کەواتە دەستکەوتەکەی ئێوە زۆر گرنگە، نەك هەر تەنها بۆ کورد و بۆ ئێزیدییەکانیش- کە ئەوانیش بە هەمان شێوە کوردن-، بەڵکو من دەڵێم بۆ تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها بۆ ڕۆژئاواش. من دەزانم کە ئێستا ئەمریکا مەشق بە هەندێ کەس لە ئێوە دەکات کە ئەمەش زۆر گرنگە، ئەوان سوپایان نییە شان بە شانی ئێوە شەڕ بکەن، دەبێت ئێوە خۆتان ئەم کارە بکەن، ئەوە ئەرکی خۆتانە، ئەوان بە مەشق و دابینکردنی کەل و پەل هاوکاریتان دەکەن، هەروەها هەندێ کەل و پەلی نوێیان پێداون، بەڵام ئەوان تەنها لە ئاسمانەوە هاوکاریتان دەکەن. من پێشبینی ناکەم بەم نزیکانە ئەمریکا سوپا بۆ ئێوە، یان بۆ موسڵ بنێرێت، دەبێت ئەم کارە ئێوە خۆتان و عێراقییەکانی دیکە ئەنجامی بدەن، بەڵام بێ ئەندازە گرنگە پیشان بدرێت کە دەکرێت داعش تێکبشکێندرێت.

*** دوو ڕۆژ پێش ئێستا سەرۆك بارزانی لە بەرەکانی جەنگ و لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ پەیامنێری کەناڵی ئەلعەرەبیە باسی لەوە کرد کە ئامادەیە گیانی خۆی بەخت بکات بۆ کوردستان و ڕایگەیاند ئەوەی دوژمنی کوردستان و مرۆڤایەتی بێت، دوژمنی منیشە، ئێوە چۆن ئەمە لێکدەدەنەوە؟**

- بەڵێ پێموایە ئەوەی ئەو دەیڵێت ڕاستە، داعش هەر تەنها دوژمنی کورد نییە، بەڵکو دوژمنی شیعەشە، هەروەها دوژمنی ژمارەیەکی زۆری سوننەکانیشە و دوژمنی زۆرینەی سوننە عەرەبەکانی عێراقیشە. هەروەها داعش دوژمنی شارستانییەتە، هەروەك دەبینین دوژمنی شارستانییەتی هاوچەرخە، بە دڵنیاییەوە تەفسیری ئەوان بۆ ئیسلام تەفسیرێکی زۆر ڕادیکاڵە و لە بنەڕەتدا شەڕکردنی ئێوە لە دژی داعش یارمەتیدەرە بۆ خەڵکانێکی زۆر، ئەوان جێی سەرسامی جیهانی ئیسلامی نەدەبوون ئەگەر سەرکەوتوو نەبوونایە، هەندێ جار سەرکەوتن سەرنجی خەڵك ڕادەکێشێت، ئەو کاتە زۆرینەی جیهانی ئیسلامی دەڵێن: زۆر سوپاس ئێمە

**مەسعود بارزانی سەرکردەیەکی ژیرە و دەزانێت چۆن لەگەڵ کێشەکاندا مامەڵە بکات، بەڵام پێویستە ئێوە یەکڕیزی خۆتان بپاریزن و دەبێت فێربن پێکەوە کاربکەن**

**ئەگەر ئێوە لە چوارچێوەی بەغدا بمێننەوە، کە پێموایە پێویستە بمێننەوە، ئەوا دەستکەوتی زۆر گرنگتان هەیە کە پیشانی بەغدای بدەن و پێیان ڕابگەیەنن کە ئێمە شایستەی لەوە زیاترین کە تا ئێستا لە ئێوەوە بەدەستمان هێناوە**

نامانەوێت لەگەڵ داعشـــدا بین. لەبـــەر ئەوە من دەڵێم ئەوەی بارزانی دەیڵێت، راســـتە، ئەوان دوژمنی کورد و دوژمنی زۆرینەی موسڵمانانن، کەواتە من سەد دەر سەد لەگەڵ ئەوەدا هاوڕام کە ئەوەی ئێوە دەیکەن گرنگە.

**ئێوە ناتوانن چەکدار بنێرن بۆ موسڵ و ئەم کارەش نەکەن باشە، بەڵام لە ناوچە کوردییەکاندا ئەگەر بەراوردی بارودۆخی خۆتان بکەن بە رەوشی ئێوە لە مانگی ئابدا، کە ئێستا ئێوە لە چیای شنگالن، ئەوا ئەوەی ئێوە کردووتانە جێی سەرسامییە**

*** ئاشـــکرایە هێزی پێشمەرگە تەنها شەڕی خۆیان ناکەن، بەڵکو شـــەڕی ســـەرجەم جیهان دەکەن، لەبەر ئەوەی داعش دوژمنی هەمووانە، ئایا تا چ رادەیەك پێویستە چەکی پێشکەوتووی قورس و مۆدێرن بدرێتە پێشـــمەرگە و مەشق و راهێنان بە پێشمەرگە بکرێت و رێکبخرێن بۆ ئەوەی ســـەرکەوتوو بن لە شەڕەکەیاندا و لە بەزاندنی تیرۆریستاندا، چونکە ئەگەر ئەم چەکانە بۆ پێشـــمەرگە دابین نەکرێن، ئـــەوا ئایندەی کورد و کوردستان دەکەوێتە مەترسییەوە؟**

- پێموایە پێویستە دوو جۆر چەك بدرێت بە پێشمەرگە، کە ئێستا یان نییانە، یاخود ئەگەر هەیانبێت زۆر کەمە، لە ئێســـتادا رۆکێتی دژەتانکی زۆر پێشکەوتوو هەیە و زۆر کاریگەرن، پێویستە پێشـــمەرگە دژەتانکی وایان پێ بدرێت، بە دڵنیاییەوە تۆپ و هاوەنی قورسیشـــیان پێویســـتە، لەبەر ئەوەی زۆر بە ئاسانی لە شوێنێکەوە بۆ شـــوێنێکی دیکـــە دەگوازرێتەوە و کێشـــیان زۆر نییە و هەروەها زۆر کاریگەریشـــن، هیوادارام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامـــادە بێت ئەم چەکانەیان پێ بـــدات، ئەگەرچی نازانم ئایـــا ئامادەیە، یان نا، بـــەڵام جەخت لـــەوە دەکەمەوە کە پێویســـتە ئێوە ئەو چەکـــە مۆدێرنانەتان پێ بدرێت بـــۆ ئەوەی لە دژی ئـــەو چەکانە بەکاری بهێنن کە داعش بەکاری دەهێنن و ئێوە دەتوانن تێکیانبشـــکێنن. هەمیشـــە ئەو پرسیارە لـــە حکومەتی بەغدا دەکرێت کە ئەگەر ئەمریکییەکان چەکێکی زۆری پێشـــکەوتوو بدەنە پێشـــمەرگە، ئەوا رەنگە هـــەوڵ بدەن رێگری لێ بکـــەن، بەڵام پێموایە دەبێت ئێـــوە بتوانن بەرگری لە خۆتـــان بکەن. دەزانم پێویســـتە ئەمریکا مەشـــق بە پێشـــمەرگە بکات، کە ئەوەندەی من بزانم ئەمریکا ئێستا مەشق بە پێشمەرگە دەکات، پێویستە بتوانن بەرگری لە کوردستان بکەن لە دژی هەر کەسێك کە سەرشێتی بکات، ئەگەر سەرۆك وەزیرانی نوێ لە بەغدا بڕیاری دا کە دەبێت کوردەکان تێکبشـــکێندرێن، وەك ئەوەی سەددام حوسێن کردی لە ساڵی ١٩٨٧، یاخود پێش ئەوە، ئەوا دەبێت ئێوە بتوانن بەرگری لە خۆتان بکەن. بۆیە دەقاودەق ئێوە پێویستتان بەو چەکانەیە کە بتوانن لە رێیانەوە بەرگری لە خۆتان بکـــەن. هەروەها ئـــەوەی ئێوە پێویســـتتانە بریتییە لە پاسەوانی نیشتمانی، یان پێشمەرگە کە بەهێز بن و بە باشی مەشقیان پێکرابێت بۆ پاراستنی ناوچەکە.

**ئەوەی ئێستا ئێوە ئەنجامی دەدەن، زۆر گرنگە، ئێستا داعش خاك لە دەست دەدات، ئەمەش زۆر زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بە جیهان پیشان بدرێت کە ئەوان سەرکەوتوو نین، تەواوی جیهانی ئیسلامی و تەواوی رۆژئاوا و....هتد لە ئێوەی کورد دەڕوانن**

*** ئێســـتا فشـــارێکی زۆر هەیە لە سەر هەرێمی کوردســـتان کە پتر لە ملیۆنێك و ٥٠٠ هەزار ئاوارە کە لە عەرەبی سوننە و مەسیحی و تورکمان و ئاوارەکانی رۆژئـــاوا پێکهاتوون و کوردســـتان توانای ئەوەی نییە یارمەتییان بۆ دەســـتەبەر بکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چـــۆن بتوانین کارێك بکەین جیهـــان لەم دۆخەدا و بۆ یارمەتیدانی پەنابەران هاوکاری هەرێمی کوردســـتان بکات؟**

- ســـەرەتا ملیۆنێك و ٥٠٠ هەزار ئاوارە ژمارەیەکی زۆر گەورەیە کە ژمارەی دانیشتووانی ئێوە لە ٥ ملیۆن تێپەڕناکات، مەبەســـتم لە دانیشتووانە مەحەلییەکە و کوردەکانی عێراقە. تاکـــە هۆکارێکیش بۆ ئەوەی ئەم کارە ناکەن، ئەوەیە کە ئەوان وەك پێویست بایەخ نادەن و پێیان وا نییە کە وەك پێویست ئەمە مایەی کێشە بێت. کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە چۆن وا بکرێت تەواو هۆشیار بن بە کێشـــە گەورەکە. من پێتان دەڵێم پێویســـتە چی بکەن، رەنگە چوار، بەڵام بە شـــێوەیەکی سەرەکی سێ حکومەت، یان دامەزراوە دەتوانن هاوکاریتان بکەن، بە دڵنیاییەوە پێویستە ئەمریکا هاوکاریتان بکات، هەروەها فەڕەنســـا کە لە رابردوودا هاوکاری کردوون، بە هەمان شـــێوە نەتەوە یەکگرتووەکانیش کـــە هەندێ بودجەی هەیە، دەبێت هاوکاری کوردستان، یان کوردەکان بکات. رەنگە ئەڵمانیاش، - بەڵام من نازانم-، ئەمە پێشنیاری منە، تەواوی مەسەلەکە بریتییە لە هۆشیاریی گشتی و راگەیاندن، حکومەتی ئێـــوە _حکومەتی هەرێمی کوردســـتان - دەبێت قســـە لەگەڵ خەڵکی ئەوروپا و ئەمریـــکادا بکات، و بچن لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنییە ســـەرەکییەکانی ئەڵمانیا و فەڕەنســـا و ئەمریکا قسە بکـــەن، هەروەهـــا لەگەڵ رۆژنامە ســـەرەکییەکاندا و پێشنیاری ئەوەیان بۆ بکەن سەردانی کوردستان بکەن، دەبێت بیانهێننە کوردســـتان و کەمپەکانیان بگەڕێنن، ئێســـتا زستانە و هەوا زۆر سارد دەبێت لە زستاندا و لە دهۆکیش کە ناتوانن قوتابخانە بکەنەوە، ئەمە کارەساتە. حکومەتەکان هیـــچ کارێك ناکەن تاوەکـــو راگەیاندن ناچاریـــان نەکـــەن، واتە هەموو شـــتێك راگەیاندنە و دەبێت بیانهێنن بۆ کوردســـتان و پێشوازییان لێ بکەن، بۆ ئەوەی ئـــەوان بارودۆخەکە ببینن و فشـــار بخەنە ســـەر بەرپرسانی حکومەتەکانی رۆژئاوا و ئەمریکا بۆ ئەوەی هاوکارییەکی زیاتری ئاوارەکان بکەن، سەرۆکی وڵاتان، یان ســـەرۆك وەزیران بڕیاری گەورە دەدەن کە دەبێت لە رێی راگەیاندنەکانەوە پێیان بگەن. راگەیاندن و رای گشـــتی لە بەرژەوەندی خۆتـــان بەکار بهێنن. ئێستا شاندێکی ئێزیدییەکان لە ئەمریکا- نازانم دەچن

بۆ واشـــنتۆن، یان نیۆیۆرك-كە ئەوان چاویان بە خەڵك دەكەوێت و باسی ئێش و ئازاری ئێزیدییەكان بۆ دەكەن لە زســـتاندا و لە كەمپەكانی ئاوارەیی لە كوردستاندا، بەڵام ئەمە شـــتێكی زۆر بچووكە كە روودەدات، ئێوە پێویســـتتان بەوە هەیە راگەیاندنە جیهانییەكان بهێننە كوردستانەوە كە بۆ خۆیان رەوشەكە ببینن، بزانن بوونی ملیۆنێك و ٥٠٠ هەزار ئاوارە ژمارەیەكی زۆر گەورەیە. من دەزانم ئێوە خەڵكتان لە واشـــنتۆن دی سییە، بەڵام دەبێـــت ئێوە كار لەگەڵ نەتـــەوە یەكگرتووەكاندا بكەن بۆ ئـــەوەی هەندێ هاوكاری دارایـــی بۆ ئەم ئاوارانە بنێرن. شـــتێكی دیكە، لە نیویۆرك شاندی ئەمریكا بۆ نەتەوە یەكگرتووەكان زۆر زۆر هەستیارن لە ئاست ئێش و ئازاری مرۆڤایەتیدا و زۆر پشـــتیوانی لە هاوكاری مرۆیی دەكەن. لەبـــەر ئەوە دەبێت هەوڵ بدەن و بگەنە شـــاندی ئەمریكا لە نەتەوە یەكگرتووەكان لە نیویۆرك. لە نێو هەمـــوو وڵاتاندا پێموایە شـــاندێكیان هەیە كە لە هەموویان هەســـتیارن لە ئاست پرسە مرۆییەكاندا، كەواتە پێویستە هەوڵ بدەن پەیوەندییان پێوە بكەن، من دڵنیام كە كێشـــە نابێت، پەیوەندی بە شاندەكەوە بكەن و چاوپێكەوتنێك لەگـــەڵ باڵیۆزی ئەمریكا لە نەتەوە یەكگرتووەكان رێكبخەن، كە ئەو خانمە زۆر هەســـتیارە لە ئاست ئەم پرسانەدا.

*** هەمیشـــە باس لەوە دەكرێت كـــە ئەمە كاتێكی گونجاو نییە بۆ ئەوەی كورستان لە عێراق جیا ببێتەوە و سەربەخۆیی رابگەیەنێت، بەڵام ئێستا یەك لەسەر سێ خاكی عێراق بە دەست داعشەوەیە، هەروەها شیعەكانیش هێزی حەشدی شەعبییان دروست كردووە بە سەرۆكایەتی هادی ئەلعامری، ئایا تا چەند مەترسی ئەوە هەیە كە شەڕێكی ناوخۆیی خوێناوی دروست بێت لە نێوانیاندا لە كاتێكدا ئەوان سوننە وەك داعش سەیر بكەن؟**

- دەبێـــت زۆر بە روونـــی بە بەغدا بڵێـــن كە ئێوە رێگەنادەن بەوەی میلیشـــیاكانی حەشـــدی شەعبی رەوانـــەی ناوچە كوردیەكان بكرێـــت، واتە دەتوانن بە بەغدا بڵێن: زۆر ســـوپاس، ئێمە ســـوپای نیشتمانی عێراقمان لە كوردستان ناوێت، لەبەر ئەوەی ئێوەی كورد باشتر لە ســـوپای نیشتمانی عێراق بەرەنگاری داعش بوونەوە. لەبەر ئەوە ئێوە پێویســـتتان بە میلیشـــیاكانی حەشدی شەعبی نابێت لە ناوچە كوردییەكان، بە هیچ شێوەیەك، پێموایە سوننەكانیش بە بەغدایان راگەیاندووە كە ئەوەیان لە ناوچە سوننییەكەدا ناوێت، دەكرێت سوپای نیشتمانی عێراق قبووڵ بكەن، بەڵام نەك میلیشیاكان. من نازانم چۆن حكومەتی بەغدا میلیشـــیای شـــیعە دەنێرێت بۆ ناوچە كوردییەكە؟ دەبێت هۆشـــدارییان پێ بدرێت و ئاگادار بكرێنـــەوە كە رێگە بە ناردنی هیچ میلیشیایەكی شیعەكان نادرێت بۆ ناوچە كوردییەكان، تەنانەت بۆ كەركووكیش، چونكە ئەوان دەزانن كە ئێستا ئێوە زۆربەی ناوچـــەی كەركووكتان كۆنترۆڵ كردووە، كەواتە ئێوە پێویســـتتان پێیان نییە لەوێدا. مەســـەلەكە روونە و من باســـی بەغدا دەكەم، ئەگەر من لە جێی سەرۆك وەزیرانی عێراق (عەبادی) بم، ناتوانم بیر لەوە بكەمەوە كە میلیشـــیا شـــیعەكان بنێرم بۆ كوردستان، ئەمە هیچ مانایەكی نییە. ئێوەش ئێســـتا بەشدارن لە كابینەكەی بەغدا و وەزیری دارایی لە ئێوەیە، دەتوانن بە سەرۆك وەزیران بڵێن كە تكایە میلیشیا شیعەكان لە ناوچە شیعەنشینەكاندا جێگیر بكە، نەك لە ناوچەكانی دیكەدا، ئەمە لە بەرژەوەندی هەموو لایەكدایە.

*** ئەگەر ئەو ســـەركەوتنانەی پێشمەرگە تۆماری كردوون لەســـەر دەستی حەشدی شـــەعبی و خەڵكی دیكە بهاتانایەتەدی، ئایا رەوشەكە لە عێراقی ئێستادا چۆن دەبوو؟**

- پێموایە میلیشیا شیعەكان لەو ناوچانەدا سەركەوتوو نابن. هەر بۆیە ئەگەر شـــەڕی داعشـــیان كردبێت لە ناوچە سوننییەكاندا ئەوا ئەمە كارێكی خراپە، چونكە ژمارەیەكی زۆری مەدەنییە ســـوننییەكان دەكوژن، كە ئەمەش زۆر خراپە. كەواتە دەبێت هەڵوێستی كوردەكان ئەوە بێت كە میلیشـــیا شـــیعەكان لە بەغدا بمێننەوە، یاخود لە باشـــووری بەغدا و كـــەس ئەوانی لە ناوچە ســـوننییەكاندا ناوێت. سەرەتا دەبێت سوپای نیشتمانی لێ بێت كە پتر دیســـپلینكراو و رێكخراو و بەرپرسیارن بە بەراورد بە میلیشـــیاكان و حەشدی شەعبی، ئەمە خاڵی یەكەم. خاڵی دووەم ئەوەیە كە راســـتە دژواری و گومان و ترسێكی زۆر هەیە لە نێوان ئێوە و سوننەكانی عێراق، چونكە ئەوان لە نێو ســـوپای سەددام حوسێندا بوون، بەڵام ئێســـتا سەددام حوســـێن لە ژیاندا نەماوە و واقیعێكـــی تازە هاتۆتەپێشـــەوە، بۆیە دەبێت قســـە لەگەڵ ســـوننەكاندا بكەن و لەگەڵ سەرۆك خێڵەكاندا پێكەوە كاربكەن بۆ قەناعەت پێهێنانی بەغدا كە هیچ میلیشیایەكی شـــیعە نەنێرێت بۆ ناوچە سوننییەكان. هەروەها دەبێت ســـوننەكانی بەغداش بگەنە رێككەوتن كە لە ئایندەدا ئەوانیـــش هەمان ئەو مافانەیان هەبێت كە ئێوە لە بەرامبـــەر بەغدا هەتانە. ئەمە ژمارەیەكی ســـنووورداری پاســـەوانی مەحەلی لەخۆ دەگرێت كە لەلایـــەن بەغداوە داراییان بۆ دابین بكرێت، وەك ئەوەی ئێســـتا بەغدا رازی بووە دارایی بۆ پێشـــمەرگە دابین بكات، كەواتە دەبێت رازی بێت دارایی بۆ ژمارەیەكی كەم — زۆر نا- پاسەوانی نیشتمانی لە ناوچەی سوننەدا

**ئومێد دەكەم كە ئێوە لە ماوەی چەند رۆژی داهاتوو، بتوانن بەرەو چیای شنگال و سنووری سوریا بڕۆن و ئەو كاتە دەتوانن ناوچەیەک كۆنترۆڵ بەرەو كوردەكانی سووریا، ئەمەش زۆر گرنگە. كەواتە بە پشتیوانی ئەمریكا و رەنگە لەم كاتەشدا بەغدا بەرهەڵستییەک نەكات. ئەوا دەكرێ لە ماوەی دوو بۆ سێ مانگدا پانتاییەكی گەورەی خاكتان لە نێوان هەرێمی كوردستان و سنووری سووریادا دەست بكەوێت**

**ئێوە كۆنترۆڵی كەركووكتان كردووە و دەتوانن لەوێدا راپرسی بكەن، لەبەر ئەوەی زۆرینەی شارەكەش كوردن ئەوا دەنگ بۆ ئەوە دەدەن كەركووك ببێتە بەشێک لە هەرێمی كوردستان، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەبێت مافی یەكسان بدەن بە توركمان و بە عەرەب و مەسیحییەكان و ئێزیدییەكان كە ئەوانیش كوردن**

دابین بکات. ئەگەر خێڵە سوننییەکان بگەنە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا دەتوانن داعش بکەنە دەرەوە، چونکە داعش لە ناوچە سوننەکانە، ئەگەر دەتانەوێت سوننەکان هاوکاریتان بکەن، ئەوا دەبێت بگەنە ڕێککەوتنێکی نیشتمانی لەگەڵیاندا و دەستوورێکی نوێش هەبێت، بۆ ئەوەی هەمان مافی ئێوەیان هەبێت. من نامانەوێت باسی ئەمە بکەم، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە کەرکووکەوە هەبێت، ئەوا ئێوە کۆنترۆڵی کەرکووکتان کردووە و دەتوانن لەوێدا ڕاپرسی بکەن، لەبەر ئەوەی زۆرینەی شارەکەش کوردن ئەوا دەنگ بۆ ئەوە دەدەن کەرکووك ببێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەبێت مافی یەکسان بدەن بە تورکمان و بە عەرەب و مەسیحییەکان و ئێزیدییەکان کە ئەوانیش کوردن، ئێستا ئێوە دەستڕۆیشتوویییەکی زۆرتان هەیە لە ئاست بەغدا و توانیوتانە شتێك لە بەغداوە بەدەست بهێنن کە پێشتر نەتاندەتوانی. پێموایە بەغدا بەوە ڕازی دەبێت کەرکووك بەشێك بێت لە هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی لە ڕوی ئەمری واقیعەوە و لە پراکتیکدا ئێستا کەرکووك لە کوردستاندایە، ئەگەر حکومەتی بەغداش بەوە ڕازی نەبێت، ئەوا ئێوە دەتوانن بڵێن کە بەلای کەمەوە ئێمە لە ڕووی ئەمری واقیعەوە جڵەوی کۆنترۆڵمان بەدەستەوەیە، کەواتە ئێوە فشارێکی زۆر گرنگتان بەدەستەوەیە لە ئاست بەغدا، بەغدا زۆر پێویستی بەم هەناردەکردنی نەوتە هەیە. من بەڕاستی ئومێد دەکەم کە ئێوە لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوو، بتوانن بەرەو چیای شنگال و سنووری سوریا بڕۆن و ئەو کاتە دەتوانن ناوچەیەك کۆنترۆڵ بەرەو کوردەکانی سووریا، ئەمەش زۆر گرنگە. کەواتە بە پشتیوانی ئەمریکا و ڕەنگە لەم کاتەشدا بەغدا بەرهەڵستییەك نەکات. ئەوا دەکرێ لە ماوەی دوو بۆ سێ مانگدا پانتاییەکی گەورەی خاکتان لە نێوان هەرێمی کوردستان و سنووری سووریادا دەست بکەوێت.

*** هەر لەم کاتەی ئەم دیمانەیەتان لەگەڵ دەکەین، ئێستا پێشمەرگە لە (سنونێ)ـن و مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئاسایشی هەرێمی کوردستان خۆی لەوێدایە و بەرەو شنگال پێشڕەوی دەکەن و داعش لە هەڵاتندایە، چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەو هەواڵە هەیە؟**

- ئەمە هەواڵێکی زۆر مەزنە و هەواڵێکی زۆر خۆشە و ئێستا ئێوە زۆر نزیکن، بەڵام پێموا نییە ئێوە بتوانن داعش لە موسڵ دەربکەن، بەڵام ئەوەی ئێستا ئێوە ئەنجامی دەدەن، زۆر گرنگە، ئێستا داعش خاك لە دەست دەدات، ئەمەش زۆر زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بە جیهان پیشان بدرێت کە ئەوان سەرکەوتوو نین، تەواوی جیهانی ئیسلامی و تەواوی ڕۆژئاوا و....تاد لە ئێوەی کورد دەڕوانن.

*** ئایا گرتنەوەی شنگال و بەرگریی کۆبانێ تا چەند ئەوەیان سەلماندووە کە ئەگەر هاوکاری پێشمەرگە بکرێت، ئەوا دەتوانن داعش تێکبشکێنن؟**

- ئەمە لە ناوچە کوردییەکاندا ڕاستە، بەڵام ئێوە ناتوانن چەکدار بنێرن بۆ موسڵ و ئەم کارەش نەکەن باشە، بەڵام لە ناوچە کوردییەکاندا ئەگەر بەراوردی بارودۆخی خۆتان بکەن بە ڕەوشی ئێوە لە مانگی ئابدا، کە ئێستا ئێوە لە چیای شنگالن، ئەوا ئەوەی ئێوە کردووتانە جێی سەرسامییە، گەرچی ئەمە بۆ من جێی سەرسوڕمان نییە، چونکە من دەزانم کە پێشمەرگە و شەڕڤانەکانی کورد بەگشتی زۆر بەتوانان، بەڵام ئەوان ئێوەیان غافڵگیر کرد، ئێستا کە دەبینین ڕۆحی شەڕکردنی کوردانە و توانای سەربازی دەگەڕێتەوە، ئەوا ئەمە شتێکی زۆر گرنگ و گەورەیە. ئەگەر بەراوردیشی بکەیت بە ئەدای سوپای نیشتمانی عێراقی ئەوا ئێوە کارێکی زۆر مەزن و گەورە دەکەن و ئەوان نایکەن،- بەلای کەمەوە لە ئێستادا-. ڕاستە هێزی ئاسمانی ئەمریکا هاوکاری ئێوە دەکات، بەڵام هێزی ئاسمانی ئەمریکا هاوکاری سوپای عێراقیش دەکات لە نزیك بەغدا، بەڵام ئەوان کارێکی بەرچاو ناکەن، هەروەها ئەوان کەتیبەی تانکیان هەیە، کە ئێوە نیتانە. ئێوە توانا و بەهای خۆتان پیشانی بەغدا داوە، کە ئەوەش زۆر گرنگە. ئێستا ئێوە گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکەن کە دەتانەوێت. ئەگەر ئێوە لە چوارچێوەی بەغدا بمێننەوە، کە پێموایە پێویستە بمێننەوە، ئەوا دەستکەوتی زۆر گرنگتان هەیە کە پیشانی بەغدای بدەن و پێیان ڕابگەیەنن کە ئێمە شایستەی لەوە زیاترین کە تا ئێستا لە ئێوەوە بەدەستمان هێناوە. ئێستا لەبەر ئەوەی نەوتتان هەیە و لەبەر ئەوەی شەڕ دەکەن، ئەوا پێگەیەکی زۆر بەهێزتان هەیە لە گفتوگۆکانتاندا لە ئاست بەغدا، ئێوە پێویستتان بەمەیە، پێویستە سەرکردایەتی کورد بیر لەوە بکاتەوە کە چ شتێك زۆر گرنگە بۆ ئێوە و دەتوانن چی بەدەست بهێنن و هەروەها دەتوانن دەستبەرداری چی بن، کە بڵێن: ڕاستە ئەمە باشە، بەڵام دەتوانین دەستبەرداری بین، تەرکیزیش بکەنە سەر ئەوەی دەبێت هەتانبێت و دەکرێت دەستکەوتی زیاتریش بەدەست بهێنن، بەڵام شەڕی بۆ بکەن، شەڕی سیاسی و گفتوگۆی بۆ بکەن، ئێوە لە پێگەیەکی زۆر باشدان، لە مانگی حوزەیراندا، من چاوم بە دیبلۆماتکارێکی زۆر پایەبڵندی ئەمریکا کەوت- کە ناتوانم لەوە زیاتر بڵێم-، پێم ڕاگەیاند داعش چەك و چەکدار و توانای

**ئەگەر خێڵە سوننییەکان بگەنە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا دەتوانن داعش بکەنە دەرەوە، چونکە داعش لە ناوچە سوننەکانە، ئەگەر دەتانەوێت سوننەکان هاوکاریتان بکەن، ئەوا دەبێت بگەنە ڕێککەوتنێکی نیشتمانی لەگەڵیاندا و دەستوورێکی نوێش هەبێت، بۆ ئەوەی هەمان مافی ئێوەیان هەبێت**

**دەتوانن بە بەغدا بڵێن: زۆر سوپاس، ئێمە سوپای نیشتمانی عێراقمان لە کوردستان ناوێت، لەبەر ئەوەی ئێوەی کورد باشتر لە سوپای نیشتمانی عێراق بەرەنگاری داعش بوونەوە**



پێویســـتیان نییە بۆ داگیرکردنی بەغدا، واتە دەتوانن نزیك ببنەوە لە بەغدا، بەڵام ناتوانن بەغدا داگیر بکەن، بەڵام داعش دەتوانێت زیانی گەورە بە کورد بگەیەنێت، لەبـــەر ئەوە دەبێت تێبگەن کـــە ئەولەوییەتی یەکەمی ئەمریکا ئەوەیە هـــاوکاری کورد بکات، ئەگەر داعش کوردســـتان داگیر بکات، ئەوا ئەمە مەترسیدار دەبێت بۆ جیهانی ئیســـلامی و بۆ رۆژئاوا و بۆ هەموو کەس و هەمـــوو جیهان و بە دڵنیایییـــەوە بۆ کوردیش، کورد هاوپەیمانی سروشتی ئێوەن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کەواتە ئەرکی ئێوەیە هاوکاری کورد بکەن، ئەو زۆر باش گوێی بۆ گرتم، کە من ئەوم جارێکی دیکە بینییەوە. جەختم لەسەر شتێك کردەوە کە پێموایە ئەو باوەڕی پێی بوو، پێش ئەوەی چاوی بە من بکەوێت، چەند رۆژێك دواتر هێرشـــی ئاســـمانی ئەنجامدرا. من دەڵێم ئێستا ئەمریکاش دەزانێت کە ئێوە کارێکی باشـــتان کردووە و پێگەیەکی باشـــی گفتوگۆکردنتان هەیە. لە راستیدا ئێوە داعشتان راگرتووە و پاشەکشەتان پێکردووە، سوپای عێـــراق نەیتوانی ئەم کارە بـــکات، کەواتە ئەوە دەبێت هاوکارتان بێت لە گفتوگۆکاندا لەگەڵ بەغدا، پێموایە هیچ کاتێك پێگەیەکی ئەوەنـــدە بەهێزی گفتوگۆتان نەبـــووە کە دەتوانن بڕیار بدەن چ شـــتێك بۆ ئێوە زۆر گرنگە و دەتوانن دەستەبەرداری چی ببن.

*** وەك دواپرسیار ئایا ساڵی ٢٠١٥ لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ کوردستان باشتر دەبێت؟**

- من گومانم لەوەدا نییـــە کە بارودۆخەکە بۆ ئێوە باشتر دەبێت، ئەگەرچی نرخی نەوتیش دابەزیوە، بەڵام ئێوە شـــتێکتان بەدەســـت هێناوە و پێگەیەکی بەهێزتان هەیە، کە دەبێت پەیوەندییەکانتان لەگەڵ واشـــنتۆن و بەغدا و ئەنقەرە بەردەوام بێت و دەبێت لەگەڵ ئەو سێ پایتەختەدا گفتوگۆ بکەن، ئەگەرچی ئێســـتا ئێوە بە بەراورد بە رابردوو زیاتر لە ئەمریکا نزیك دەبنەوە، بەڵام ئێوە هێزی خۆتان پیشاندا، ئەمەش زۆر گرنگە، ئەوەی ئێوە کردتان هاوکاریکردنی ئەمریکا بوو، نەك هەر تەنها کوردستان.کەواتە دەبێت ساڵی ٢٠١٥ ساڵێکی باش بێت بۆ ئێوە، بـــەڵام دەبێت ژیرانە کار بکەن و ئەولەوییەتی روونتان هەبێت، مەســـعود بارزانی سەرکردەیەکی ژیرە و دەزانێت چـــۆن لەگەڵ کێشـــەکاندا مامەڵە بکات، بەڵام پێویســـتە ئێوە یەکڕیـــزی خۆتان بپاریزن و دەبێت فێربن پێکەوە کاربکەن، ئێمە لە ئیسرائیل رکابەرییەکی زۆرمان هەیە لە نێو پارتە سیاسییەکان و ئێستاش بەرەو هەڵبژاردنەکان دەچین، بەڵام ئێمە توانیومانە لەگەڵ ئەو رکابەرییەدا پێکـــەوە کاربکەین، هەر ئەمەش وایکردووە ئیسرائیل ئەو ئیسرائیلەی ئێستا بێت، کەواتە بیرۆکەکە ئەوەیە فێربن چۆن بەسەر رکابەرییە تەقلیدییەکاندا زاڵ بن و پێکەوە کاربکەن، مەرج نییە یەکترتان خۆش بوێت، من ناڵێـــم دەبێت یەکترتان خۆش بوێـــت، بەڵام دەبێت پێکـــەوە کاربکەن، ئەمە زۆر گرنگە. کەواتە یەکڕیزی کورد کلیلی سەرکەوتنە.



**د. پشتیوان سادق** وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە چوار کۆمەڵگەی پیشەیی گەورە بۆ خوێندنی پیشەیی دروست بکرێت

مەعریفە و دەســـەڵات دوو چەمکی پێکەوە گرێدراون و سەرچاوە و ژێرخانی مەعریفەش لە پەروەردەو فێرکردنەوە دەســـت پێدەکات، وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانیش وەک گەورەترین وەزارەتی حکومەت کە ١٨٠ هەزار مامۆستا و فەرمانبەری هەیە و خزمەتگوزاریی خوێنـــدن و فێـــرکاری و پەروەردە پێشکەشـــی ١،٧ ملیۆن قوتابـــی دەکات، پەروەردەکردنی نەوەی دواڕۆژی دەکەوێتەسەرشان و ئەوەش بە ئەرکێکی گران و هەستیار هەژمار دەکرێت، بەڵام ئایا ســـتراتیژیەتی پەروەردە و فێرکردن چۆن دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ بەرهەمهێنانی کادری پیشـــەیی بۆ بازاڕ؟ ئایا تا چەند رۆڵی سەرپەرشتیاران لە چاودێری و سەرپەرشتیی پرۆســـەی خوێندن بەهای پێدراوە؟ وەزارەتی پەروەردە تـــا چەند بایەخ بە کچان دەدات بۆ ئەوەی نەوەیەکی ژنی لێهاتوو بۆ داهاتووی کوردســـتان دروست بێت؟ ئایا سایکۆلۆژیەتی منداڵانی بەرکەوتەی شـــەڕی دژەتیرۆر تا چەند بایەخی پێدراوە؟ بەهۆی بارودۆخی شـــەڕی تیرۆریســـتانی داعش پرۆســـەی خوێندن بۆ ماوەیەک دواکەوت، ئەو کێشە و گرفتانە چۆن چارەسەر دەکرێن؟ ئەمانە و چەندین پرســـی هەنوکەیی لە بواری پەروەردە لە دیمانەیەکی (گۆڤاری گوڵان)دا ئاراستەی د. پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان کراون و ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.

**زیاتر لە ٥٠٪ی بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی کوردستان ئافرەتن و هەر خانمێکی بەڕێوەبەری قوتابخانەش وەک وەزیرێک سەیر دەکەم**

**داوا لە خەڵکی دەوڵەمەندی کوردستان دەکەم، لە دروستکردنی قوتابخانە هاوکاری حکومەتی خۆیان بکەن**

**چارەنووسی ئایندەی کوردستان ئەرکی ئەو نەوەیە کە ئێستا ئێمە پەروەردەیان دەکەین**

**بناخەی هەموو گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە بە گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە لە خوێندن و پەروەردەکردنەوە دەست پێدەکات**

**بۆ ئەوەی بتوانین قوتابی بە باشی پەروەردە بکەین، دەبێت پێش هەموو شت ژینگەی باشی بۆ دروست بکەین**

**هەوڵمانداوە ئەنجوومەنی دایک و باوکان لەگەڵ قوتابخانەکان چالاکتر بکەین، بۆ ئەوەی لە گرنگی خوێندنی کوڕ و کچەکانیان تێبگەن و لە خوێندن بێبەشیان نەکەن**

**بەڕێوەبەری قوتابخانەمان هەیە، ئافرەتە و زیاتر لە ١٠٠٠ قوتابی و زیاتر لە ١٠٠ کارمەندی هەیە، بەشێوازیکی ئەوتۆ بەڕێوەیان دەبات پێی سەرسامین، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو ئافرەتە سەرکردەیە و سەرکردایەتی دەکات**

**١٨٠ هەزار مامۆستا و فەرمانبەرمان هەیە کە ١٢٠ هەزاری مامۆستان**

**زۆر کەس گلەیی لە ئێمە دەکات لەسەر پرۆسەی خوێندن لە کەرتی تایبەت، لەبەر ئەوەی هەندێکیان هێندەی بیر لە قازانج دەکەنەوە، بیر لە خوێندن ناکەنەوە، بۆیە ئێستا مۆڵەتمان راگرتووە و پێداچوونەوەی لەسەر دەکەین**

*** ئێستا لە جیهاندا مەعریفە واتە دەسەڵات، سەرچاوە و ژێرخانی مەعریفەش لە پەروەردەو فێرکردنەوە دەست پێدەکات، ئایا ستراتیژیەت و فەلسەفەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بۆ پەروەردەکردنی نەوەی داوڕۆژ چییە؟**

- ستراتیژیەت و فەلسەفەی وەزارەتی پەروەردەی کوردستان بریتییە لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی نەوەیەك کە بڕوا و متمانەی بەخۆی هەبێت و کەسایەتی بەهێز بێت و بڕوای بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و لێبوردەیی و یەکتری قبووڵکردن هەبێت، بڕوای بە ئازادی و مافە مەدەنییەکان هەبێت و ئینتمایەکی گەورەی بۆ کوردستان هەبێت، بۆ ئەوەی ببێتە تاکێکی سوودبەخش بۆ کوردستان و ئەو نەوەیە بێت کە شایستەی ئەوە بێت بەرپرسیاریەتی ئایندەی کوردستان بگرێتەدەست، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم ستراتیژیەت و فەلسەفەیە پێویستی بە ژێرخانێکی پەروەردەیی هەیە، دروستکردنی ئەم ژیرخانە کە زۆر لایەن دەگرێتەوە و پەروەردە رۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێت، پێویستی بە یاسا و هەماهەنگیی نێوان ژمارەیەك لە وەزارەتەکان هەیە، هەروەها پێویستی بە هاریکاری میدیا و پیاوانی ئایینی و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بناخەی هەموو گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە بە گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە لە خوێندن و پەروەردەکردنەوە دەست پێدەکات، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکردنی ژێرخانێکی پەروەردەیی کردۆتە ئەولەوییەتی کارەکانی و بڕیاری پێویستی لەبارەوە دراوە، بەڵام دروستکردنی ئەم ژێرخانە لەلایەك پێویستی بە ئیمکانیەتێکی گەورەیە و لەلایەکی دیکەوە ئەو ژێرخانە کاتی دەوێت و پڕۆژەکان قۆناخ بە قۆناخ ئەو ژێرخانە تەواو دەکەن، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەم پرسە هەمەلایەنە، من وەك وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەیەك پێش ئێستا داوام کرد لە پەرلەمان خستنەڕوویەك (پریزنتەیشن) پێشکەش بکەم، لەم خستنەڕووودا گرفتەکانی پەروەردەمان بە ١٤ گرفت و ١٤ پڕۆژە پێشکەش کرد.

*** دەکرێت بزانین ئەو گرفت و پڕۆژانەی کە لە پەرلەمان باستان کرد، چی بوون؟**

- وەك پێشتریش باسمکرد ستراتیژیەتی پەروەردە هەمەلایەنە، بۆیە خاڵی یەکەم کە باسمان کرد، مەسەلەی ژێرخانی پەروەردەیی بوو، ئەمەش واتە تەوەری سەرەکی لەم باسەدا قوتابییە و بۆ ئەوەی بتوانین قوتابی بە باشی پەروەردە بکەین، دەبێت پێش هەموو شت ژینگەی باشی بۆ دروست بکەین، دوای ئەمە دەبێت هۆیەکانی فێرکردن وەك تاقیگەی سەردەمییانە و داتاشۆ و پێداویستییەکانی دیکەیان بۆ دابین بکەین، هاوکات زۆر گرنگە بۆ مامۆستایان بەردەوام خولی راهێنان و فێرکردن بە شێواز و زانیاری نوێ هەبێت، بۆ ئەوەی مامۆستایان لە گۆڕانکارییە تازە و خێراکانی جیهان دانەبڕێن، راشکاوانەتر بۆ ئەوەی مامۆستایانی کوردستان لە رووی زانستی و هونەری فێرکردن و پەروەردییەوە لە ئاستی ئێستای گۆڕانکارییەکان بن، هەروەها گرنگە بەردەوام پڕۆگرامەکان گۆڕانکاری تێدا بکرێت. ئێمە لە کوردستان پڕۆگرامێکی پەروەردەیی باشمان هەیە، بەڵام ئەم پڕۆگرامە دەبێت بەردەوام بەپێی گۆڕانکارییەکان وەرچەرخانی بەسەردا بێت و هاوشان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان پێش بکەویت، بۆیە لەم لایەنەوە بڕیارمان داوە بەردەوام بە میتودی خۆماندا بچینەوە بۆ ئەوەی بەردەوام نوێکردنەوە هەبێت و بە شێوەیەکیش بنووسرێتەوە کە قوتابی بە باشی تێبگات.

*** ئایا تاچەند بیرتان لەوە کردۆتەوە کە پڕۆگرامی پەروەردە و خوێندن لەگەڵ کەرتی تایبەت و ئاستی پەرەپێدانی کوردستان یەکبگرێتەوە؟ بە واتایەکی دیکە ستراتیژیەتی پەروەردە و فێرکردن ببێتە سەرچاوەیەك بۆ بەرهەمهێنانی کادری پیشەیی بۆ بازاڕ؟**

- ئەمە لایەنێکی زۆر گرنگە و لە پڕۆژەی ئێمەدا هەیە، ئێمە لە قۆناخێکی وەرچەرخانی گەورەی پەرەپێدانی بەردەوامداین و فەلسەفەی ئابووریی ئێمە، ئابووری بازاڕە، یان ئەوەی پێی دەڵێن: «ئابووری ئازاد»، لەم چوارچێوەیەدا زۆر گرنگە پرۆسەی پەروەردە و خوێندن گرێبدرێتەوە بە پێداویستیی بازاڕی کارەوە، بۆ ئەمەش بیرمان لەوە کردۆتەوە چوار کۆمەڵگەی پیشەیی گەورە بۆ بەرهەمهێنانی کادری مامناوەندی لە بوارەکانی بازرگانی، کشتوکاڵی، گەشتیاری، کەرتی نەوت و پیشەسازی و...هتد لە کوردستان بکەینەوە، بۆ ئەمەش سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری لەسەر ئەوە داوە کە ئەو چوار کۆمەڵگەیە بۆ خوێندنی پیشەیی دروست بکرێت، بەڵام ئەمەش پەیوەستە بە ئیمکانییەتی حکومەت و کۆتایی هاتنی ئەو قەیرانە داراییەی کە لە کوردستان هەبوو، کە لە ئێستا خەریکە ئەو قەیرانە بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، بۆیە ئومێد زۆرە لە ئایندەیەکی نزیك ئەو پڕۆژانە دەستیان پێبکرێت.

*** وەزارەتی پەروەردە وەزارەتێکی زۆر گەورە و فراوانە، هەندێك گرفت کە لە ستراتیژیەتی پەروەردە دروست دەبێت، یە هۆی بیرۆکراتییەتی وەزارەتە، ئایا بیرتان لەوە کردۆتەوە ئەم بیرۆکراتییە کەم بکەنەوە؟**

- راستە وەزارەتی پەروەردە گەورەترین وەزارەتی

حکومەتی هەرێمی کوردستانە و ١٨٠ هەزار مامۆستاو فەرمانبەری هەیە، هەروەها خزمەتگوزاریی خوێندن و پەروەردەییش پێشکەشی ١،٧ ملیۆن قوتابی دەکات، هەڵسووڕانی ئەم قەوارەیە پێویستی بە ئیمکانیەتێکی ماددی زۆر گەورە هەیە، هەروەها پێویستیشی بە شێوازێکی کارگێڕی چالاکیش هەیە، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە لەسەر ئاستی قوتابخانەکانی کوردستان و لە شێوازی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان دەسەڵاتی زیاتر بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان دەدەین، واتە بڕیارمان داوە بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان دەسەڵاتێکی لامەرکەزییان پێبدرێت لە رووی کارگێڕی و داراییەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بمانەوێت ستراتیژیەتی پەروەردەییمان بەسەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێت، ئەوا دەبێت قوتابخانەکان بە باشی بەڕێوەببرێن، هەروەها بەڕێوەبەرەکانیش دەبێت ئەو مامۆستا لێهاتووانە بن کە دەتوانن شان بدەنە بەر ئەو بەرپرسیاریەتییە.

*** لایەنێکی دیکە لە کەرتی پەروەردە و خوێندن، رۆڵی سەرپەرشتیارانە کە پێویستە زۆر چالاکانە سەرپەرشتیی پرۆسەی خوێندن و ئاستی لێهاتوویی مامۆستاکان بکەن، ئایا بۆ سەرپەرشتیاران بەرنامەتان چییە؟**

- پێش ئەم دیمانەیە من لەگەڵ هەموو سەرپەرشتیارانی پارێزگای هەولێر کۆبوومەوەو لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا ئەم کۆبوونەوە لەگەڵ سەرپەرشتیارانی سلێمانی و گەرمیان و دهۆکیش ئەنجامدەدەین، ئامانجمان لەم کۆبوونەوانە ئەوە دەبێت، سەرپەرشتیاران وەك هاوکارێکی رەخنەگر لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندن رۆڵی خۆیان ببینن بۆ ئەوەی بەردەوام کوالیتی خوێندن و پەروەردە لە کوردستان روو لە هەڵکشان بێت، بۆ ئەمەش هەنگاو بۆ ئەوە هەڵدەگرین کە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی زیاتر سەربەخۆییان پێبدەین بۆ ئەوەی بتوانن لەم بوارەدا زیاتر رۆڵی خۆیان بگێڕن.

*** ئایا بەنیاز نین کۆنگرەیەك گرێبدەن، یان یاسای وەزارەکەتان هەموار بکەنەوە؟**

- کۆنگرەی پەروەردەییمان لەپێشە و کۆنگرە گرێدەدەین، هەروەها یاسای وەزارەتیشمان ئێستا لە پەرلەمانە و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئێمە لەوەزارەتی پەروەردە پرۆژە و پێشنیارمان زۆرە، بەڵام جێبەجێکردنی کات و ئیمکانییەتی دەوێت، هەر بۆ نموونە: پرۆژەی دروستکردنی ٢٠٠٠ قوتابخانەمان هەیە کە ئەمە پرۆژەیەکی درێژخایەنە و لانیکەم ١-١٠ ساڵی دەوێت.

*** ئەگەر باسی ئەو ئاستەنگانە بکەین کە بەهۆی بارودۆخی شەڕی تیرۆریستانی داعش هاتوونەتە ئاراوە و هاتنی ئەو هەموو ئاوارانە بۆ کوردستان، بەتایبەتی بۆ پارێزگای دهۆك کە بووە هۆی ئەوەی پرۆسەی خوێندن ماوەیەك دوابکەوێت، ئایا تاچەند ئەو بارودۆخە کاریگەری لەسەر پەروەردە هەبووەو تاچەند توانیوتانە خزمەتگوزاریی پەروەردە و خوێندن بۆ ئاوارەکان دابین بکەن؟**

- سێ جۆر ئاوارە رووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، یەکەمیان ئاوارەکانی رۆژئاوان، دووەمیان ئاوارەکانی عەرەبی سوننەی ناوەراست و باکوری عێراقن، سێیەمینیان ئاوارەی خۆمانن کە دوای هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش روویان کردە شاری دهۆك و شارەکانی دیکەی کوردستان، لە پرسی ئاوارەدا یەکەمین هەنگاو ئەوەیە چۆن شوێنی حەوانە بۆ ئەو ئاوارانە دابین دەکرێن، بێگومان بۆ ئاوارەکانی رۆژئاوا و عەرەبی سوننە کەمپ دروستکراوە و پاش دروستکردنی کەمپ خزمەتگوزاریی تەندروستی و خوێندنیان بۆ دابینکراوە، سەبارەت بە ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی داوای داگیرکردنی شنگال لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە، ژمارەیەکی یەکجار زۆری ئاوارە رووی لە پارێزگای دهۆك کردو چوونە شارەکانی دیکەش، بەڵام هی دهۆك زۆر زۆر بوون، بۆیە بەرپرسانی پارێزگای دهۆك نەیادەتوانی لەیەك کاتدا کەمپ بۆ ئەو هەموو خەڵکە دروست بکەن، خەڵکە ئاوارەکە بێ شوێن بوون، بۆیە بەرپرسانی پارێزگای دهۆك کەوتنە بەردەم دوو بژاردە، یان ئەوەیە دەبێت ئەو خەڵکە ئاوارە رووبەڕووی نارەحەتی و مردن ببنەوە، یان ئەوەیە دەبێت بچنە نێو قوتابخانەکان، واتە بژاردەی دیکە لەو کاتە بۆ تەنگەوەهاتنی ئەو ئاوارانە لەبەر دەست نەبوو، بۆیە ناچاربوون دەرگای قوتابخانەکان بە رووی ئاوارەکان بکەنەوە، ئەگەر بژاردەی دیکە هەبوایە ئێمە رازی نەدەبووین ئاوارەکان بچنە قوتابخانەکان، هەموو قوتابخانەکانی پارێزگای دهۆکیش ئاوارەی تیا نەبوو، بەڵکو قوتابخانەکانی زاخۆ و سمێل و ناوەندی شاری دهۆك ئاوارەی تیا بوو، بەڵام لە رۆژی ٢٠١٤/١٢/١ هەموو قوتابخانەکان چۆڵکراون، ئێمە رۆژی ٢٠١٤/١١/٢٧ سەردانی دهۆکمان کرد و کۆبوونەوەمان لەگەڵ پەروەدەی دهۆك کرد، هەر لەوێ بڕیارماندا دەسەڵاتی تەواو بدرێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و لە قوتابخانەکانیش دەستبەجێ دەستبکرێت بە نۆژەنکردنەوە، ئەمەش لەچوارچێوەی ئەو ستراتیژیەتە کە پێشتر باسمکرد، بەوەی دەسەڵاتی زیاتر دەدەینە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، ئێستا قوتابخانەکان نۆژەنکردنەوەیان خەریکە تەواو دەبێت و پرۆسەی خوێندن

**پشتگیری کەرتی تایبەت دەکەین بۆ ئەوەی ئەوانیش لەو بوارە هاریکاری حکومەت بن، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە خوێندن و پەروەردەی کەرتی تایبەت لە کەرتی گشتی باشتر بێت، لەبەر ئەوەی هەموو یەکەمەکانی پۆلی ٩ و ١٢ کە یەک تاقیکردنەوە دەکەن، هەموویان لە قوتابخانەکانی کەرتی گشتی بوون**

**هەوڵدەدەین نەوەکانی داهاتوو ئەو کەسایەتییە بەهێزانە بن، کە متمانە و بڕوایان بە خۆیان هەبێت و ئاگاداری مێژووی پڕکارەساتی نەتەوەی خۆیان بن، دەبێت لەسەر ئەم پاشخانە فێری هەستی نیشتمانی و بنیادنانەوەی وڵات و پاراستنی وڵاتیان بکەین**

**بەرپرسانی پارێزگای دهۆك کەوتنە بەردەم دوو بژاردە، یان ئەوەیە دەبێت ئەو خەڵکە ئاوارە رووبەڕووی نارەحەتی و مردن ببنەوە، یان ئەوەیە دەبێت بچنە نێو قوتابخانەکان، واتە بژاردەی دیکە لەو کاتە بۆ تەنگەوەهاتنی ئەو ئاوارانە لەبەر دەست نەبوو، بۆیە ناچاربوون دەرگای قوتابخانەکان بە رووی ئاوارەکان بکەنەوە**

دەستی پێکردۆتەوە، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ماوەیەش، ئێمە لە سەرەتاوە کێشەی قوتابییانی پۆلی ١٢مان چارەسەر کرد، لەبەر ئەوەی ئەوان لە پۆلی کۆتایین، بۆ ئەوانی دیکەش دەسەڵاتمان داوە بە بەڕێوەبەرەکان کە ڕۆژانە وانەیەك زیاد بکەن، هەروەها پشووەکانمان لەبەردەمن و دەتوانن سوودی لێوەربگرن و قەرەبوویان بکەینەوە.

*** ئەم بارودۆخەی ئێستا کە بەهۆی شەڕی تیرۆریستانی داعش ڕووبەڕووی بووینەوە، کاریگەری نەرێنیی زۆر لەسەر سایکۆلۆژیەتی منداڵانی کوردستان دروست دەکات، ئایا لەچوارچێوەی ئەو ستراتیژیەتەی ئاماژەتان پیکرد، ئەم لایەنەتان لەبەرچاو گرتووە؟**

- وەزارەتی پەروەردە تەنها ئەرکی لە خوێندا بچووك نابێتەوە، بەڵکو ئەرکی سەرەکی پەروەدەی نەوەکانی دوارۆژە، بۆیە ئەم لایەنە جێگەی بایەخی ئێمەیە و بەرنامەی چڕوپڕمان بۆی هەیە، لە چوارچێوەی ئەم بەرنامەیە ئێمە هەوڵدەدەین نەوەکانی داهاتوو ئەو کەسایەتییە بەهێزانە بن، کە متمانە و بڕوایان بە خۆیان هەبێت و ئاگاداری مێژووی پڕکارەساتی نەتەوەی خۆیان بن، دەبێت لەسەر ئەم پاشخانە فێری هەستی نیشتمانی و بنیادنانەوەی وڵات و پاراستنی وڵاتیان بکەین، کەواتە بنیادنان و پاراستن دوو ئەرکی گرنگی نەوەکانی داهاتووی ئێمەن، بەڵام دەبێت بزانن چۆن بنیاد دەنێنەوە و چۆن دەیپارێزن، دیارە بۆ بنیانانەوە دەبێت ئەم سەرمایە مرۆییە ببنە سەرچاوەی مەعریفە، بۆ پاراستنی ئەم وڵاتەش دەبێت بڕوایان بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئازادی و لێبوردەیی و یەکتری قبووڵکردن هەبێت، دەبێت فێریان بکەین چۆن ژینگەی کوردستان دەپارێزرێت، چۆن کوردستان جوانتر دەکرێت و چۆنیش ڕووبەڕووی دوژمنانی ئازادی و سەرفرازی کوردستان دەبنەوە، ئەمانە هەمووی ئەرکی پەروەردەیین و دەبێت لە کەسایەتی نەوەی داهاتوومان‌دا ڕەنگبداتەوە و چارەنووسی ئایندەی کوردستان ئەرکی ئەو نەوەیە کە ئێستا ئێمە پەروەردەیان دەکەین.

*** بەڵام ئێستا لە کوردستان دوو جۆر پەروەردە هەن، پەروەردەیەکی کەرتی گشتی و پەروەردەیەکی حکوومی، کە هەست دەکرێت کوالیێتی خوێندن و پەروەردە لە کەرتی تایبەت بەرزترە، ئایا پێتوا نییە جۆرێك لە ناهاوسەنگی لە نێوانیاندا هەیە؟**

- لەوانەیە گرفتی سەرەکی پەروەردە و خوێندن لە کەرتی گشتی ئەوە بێت ژمارەی بینایەی قوتابخانەکان لەگەڵ ژمارەی قوتابیان هاوسەنگ نەبێت، لەبەر ئەوەی ئێمە پێویستمان بە دروستکردنی ٢٠٠٠ قوتابخانە هەیە لە ئێستاوە تا دەساڵی داهاتوو، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ساڵانە ژمارەی قوتابیان زیاد دەکات، بۆیە ئەم ئەرکە ئێستا بەتەنها لەسەر شانی حکومەتە و ئیمکانیەتەکانیش ئێستا ئەوەندە باش نییە، چونکە دروستکردنی ئەم ژمارە زۆرەی قوتابخانە پێویستی بە چەند ملیار دۆلار هەیە، بۆیە من لێرەوە داوا لە خەڵکی دەوڵەمەندی کوردستان دەکەم، لە دروستکردنی قوتابخانە هاوکاری حکومەتی خۆیان بکەن، ئێستا خەڵێکی زۆر داوای کردووە مزگەوت دروست بکات، ڕاستە مزگەوت پیرۆزە و پێویستیشە، بەڵام سوپاس بۆ خوا و بۆ هیمەتی خەڵکانی خێرخواز و دەستیان خۆش بێت لە ژمارەی پێویست زیاتر مزگەوتیان دروستکردووە، بۆیە هەقە لە ئێستادا کە هەموومان هەست دەکەین چەند پێویستمان بە قوتابخانەیە بۆ منداڵەکانی خۆمان، باشترە خێرەکەیان لە قوتابخانە دروستکردن بکەن، کە ئەویش بێجگە لەوەی هەمان خێری مزگەوت دروستکردنی هەیە، ئەرکێکی مرۆڤایەتی و نیشتمانیشە. سەبارەت بە کەرتی تایبەتیش کە وەبەرهێنان لە کەرتی پەروەردە دەکەن، ئێمە پشتگیری کەرتی تایبەت دەکەین بۆ ئەوەی ئەوانیش لەو بوارە هاریکاری حکومەت بن، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە خوێندن و پەروەردەی کەرتی تایبەت لە کەرتی گشتی باشتر بێت، لەبەر ئەوەی هەموو یەکەمەکانی پۆلی ٩ و ١٢ کە یەك تاقیکردنەوە دەکەن، هەموویان لە قوتابخانەکانی کەرتی گشتی بوون، ئەمەش مانای ئەوەیە وێڕای ئەوەی گرفتی بینایەشمان هەیە، بەڵام مامۆستایانی کەرتی گشتی زیاتر خۆیان ماندوو دەکەن، بەپێچەوانەوە زۆر کەس گلەیی لە ئێمە دەکات لەسەر پرۆسەی خوێندن لە کەرتی تایبەت، لەبەر ئەوەی هەندێکیان هێندەی بیر لە قازانج دەکەنەوە، بیر لە خویندن ناکەنەوە، بۆیە ئێستا مۆڵەتمان ڕاگرتووە و پێداچوونەوەی لەسەر دەکەین، هەتا لە هەموو شتێك دڵنیا نەبین و سیڤی مامۆستاکان نەبینین، مۆڵەتی خوێندن بە قوتابخانەکانی کەرتی تایبەت نادەین.

*** لایەنێکی دیکەی پەروەردە بایەخدانە بە کچان، ئایا تاچەند وەزراەتی پەروەردە بایەخ بە کچان دەدات بۆ ئەوەی نەوەیەکی ژنی لێهاتوو بۆ کوردستان دروست بێت؟**

- بۆ زانیاری ئێوە، ئەمساڵ هەموو قوتابییە یەکەمەکانی پۆلی ٩ لە کوردستان کچ بوون، لە پۆلی ١٢ش بەشی زۆریان کچ بوون، ئەمە جێگەی خۆشحاڵییە و نیشانەی ئەوەیە ژینگەی کوردستان و وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی ڕێگرنین لەبەردەم خوێندنی کچان و دایك و باوکەکانیش بایەخ بە کچەکانیان دەدەن،

**بۆ ئاوارەکانی ڕۆژئاوا و عەرەبی سوننە کەمپ دروستکراوە و پاش دروستکردنی کەمپ خزمەتگوزاریی تەندروستی و خوێندنیان بۆ دابینکراوە**

**کۆنگرەی پەروەردەییمان لە پێشە و یاسای وەزارەتیشمان ئێستا لە پەرلەمانە و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە**

**پرۆژەی دروستکردنی ٢٠٠٠ قوتابخانەمان هەیە کە ئەمە پرۆژەیەکی درێژخایەنە و لانیکەم ١-١٠ ساڵی دەوێت**

**پێویستە سەرپەرشتیاران وەک هاوکارێکی ڕەخنەگر لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندن ڕۆڵی خۆیان ببینن بۆ ئەوەی بەردەوام کوالیتی خوێندن و پەروەردە لە کوردستان ڕوو لە هەڵکشان بێت**



دەتوانم بڵێم لە قوتابخانەکانی کوردستان ڕێژەی کوڕ و کچ وەك یەکە، بۆیە ستراتیژیەت و فەلسەفەی پەروەردە و خوێندن لای ئێمە بۆ دروستکردنی تاکی لێهاتوو و خاوەن کەسایەتی بەهێزە، بێگومان کە دەڵێین تاك بێ جیاوازیی رەگەزی، هەردوو رەگەزی نێر و مێ دەگرێتەوە، بۆیە گرنگ و پێویستە کچانیش وەك ژنانی لێهاتووی داهاتوو پەروەردە بکرێن و پەروەردەشیان دەکەین.

*** وەك د.پشتیوان سادق کە ئێستا وەزیری پەروەدەیت، تاچەند لەماوەی دەست بەکاربوونەتەوە هەوڵتداوە ڕێژەی ئافرەت لە پۆستەکان بەرز بکەیتەوە؟**

- لەوانەیە وەزەراتی پەروەردە سروشتێکی دیکەی هەبێت و هەر بە سروشتی خۆی ڕێژەی ئافرەتی لە پۆستەکاندا بەرز بێت، لەبەر ئەوەی ئێمە ١٨٠ هەزار مامۆستا و فەمانبەرمان هەیە کە ١٢٠ هەزاری مامۆستان، هەروەها لەناو وەزارەتیش زۆربەی کارمەندەکان ئافرەتن، بۆیە لەم ڕێژەیە ٥٠٪ی ئافرەتن، دیارە لەو ١٢٠ هەزار مامۆستایەش لەوانەیە ٥٠٪ زیاتری ئافرەت بن، لە ناو جومگە سەرەکییەکانی وەزارتیش چەندین خانم بەڕێوەبەرن وەك (پەیوەندییەکان، دڵنیایی جۆریی، ژمێریاری و چەندی دیکە) لەمەش زیاتر لە ٥٠٪ی بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی کوردستان ئافرەتن، بەڕێوەبەری قوتابخانەمان هەیە، ئافرەتە و زیاتر لە ١٠٠٠ قوتابی و زیاتر لە ١٠٠ کارمەندی هەیە، بەشێوازێکی ئەوتۆ بەڕێوەیان دەبات پێی سەرسامین، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو ئافرەتە سەرکردەیە و سەرکردایەتی دەکات، خۆی وەزیرە و بڕیار دەدات، من هەر خانمێکی بەڕێوەبەری قوتابخانە وەك وەزیرێك سەیر دەکەم.


*** هەر سەبارەت بە پرسی ئافرەت، دیارە هەندێك کێشە هەیە کە بە هۆی نەریتی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی کچان دەبنەوە، وەك بەشوودانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ و لە قوتابخانە دەرهێنانیان، ئایا تاچەند هەوڵتان داوە، یان پێشنیارتان کردووە خوێندنی ئیلزامی بکرێتە پۆلی ١٢ بۆ ئەوەی کچان لە قوتابخانە دەرنەهێندرێن؟**

- لەکوردستان خوێندنی ئیلزامی هەتا پۆلی ٩یە، وازهێنان لە خوێندن دوای پۆلی ٩ تەنها کچان ناگرێتەوە، بەڵکو کوڕانیش هەن دوای پۆلی ٩ واز لە خوێندن دەهێنن، بەڵام ئەوەی جەختی لەسەر دەکەیتەوە و دەیگێڕیتەوە بۆ نەریتی کۆمەڵایەتی، من ناڵێم ئەم حاڵەتە بوونی نەماوە، بەڵام زۆر کەم بۆتەوە و دەبێت لە هەوڵدانیش بەردەوام بین بۆ ئەوەی ئەو کەلتوورە بگۆڕین، بۆ ئەمەش هەوڵمانداوە ئەنجوومەنی دایك و باوکان لەگەڵ قوتابخانەکان چالاکتر بکەین، بۆ ئەوەی هەوڵبدەین لە گرنگی خوێندنی کوڕ و کچەکانیان تێبگەن و لە خوێندن بێبەشیان نەکەن، من نەك هەر بێبەشکردنی کچان لە خوێندن، بەڵکو بێبەشکردنی کوڕانیش لە خویندن بە کارێکی زۆر خراپ دەزانم و دەبێت هەوڵمان بۆ ئەوە بێت پەنا بۆ هەموو میکانیزمێك بەرین بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە نەهێڵین.

**ئەمساڵ هەموو قوتابییە یەکەمەکانی پۆلی ٩ لە کوردستان کچ بوون، لە پۆلی ١٢ش بەشی زۆریان کچ بوون، ئەمە جێگەی خۆشحاڵییە و نیشانەی ئەوەیە ژینگەی کوردستان و وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی ڕێگرنین لەبەردەم خوێندنی کچان و دایک و باوکەکانیش بایەخ بە کچەکانیان دەدەن**

# پشتگیری و پشتتێکردن

## لە نێوان کردەی ئەخلاقی و نائەخلاقیدا



ڕێبوار سیوەیلی*

تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

**پشـــتگیریی ئەخلاقیانە چ بێمەرج و چ مەرجدارانە بێت، بەرزترین جۆری پشـــتگیرییە. چونکە لەوێدا جگە لە هەڵوێستێکی مرۆیی و ئاکاریانە کە ئامانجی چاکەی گشتیە، شتێکی تر نایێتە ئامانج. بۆ نمونە وەك یارمەتیدانی مسوڵمان، مەسیحی، بێدین بۆ ئاوارە ئێزیدییەکان بەبێ ڕەچاوکردنی سنووری ئایینی و ئەتنیکی و هتد. یان هەر جۆرە پشتگیرییەك بۆ تێپەڕاندنی یاسای خۆشگوزەرانی منداڵان لە پەرلەمان، هەرچەندەش لایەنە پشتگیرەکان لە حزب و بۆچوونی جیاوازەوە هاتبن.**

کەی ئێمە پشتگیریی یەکتر دەکەین و کەی پشت لەیەکتر دەکەین؟ ئایـــا ئەو کاتەی پشـــتگیری دەکەین مەرجمان چییە و ئەو کاتەی نایکەین بەڵگەمان چییە؟ ئایا مەرجە هەمـــوو پشـــتگیرینەکردنێك پشـــتتێککردن بێت؟ بۆچی پێویســـتە هەندێ جار پشـــتگیریمان بخەینە چوارچێوەی ڕەچاوکردنەوە، پشـــتگیر نەبین، بەڵام ڕەچاو بکەین؟ ئایا ئەگەر کاتەکە کاتی پشتگیری بوو، بەڵام پشتمان تێکرد، بۆچی ئەمـــە وەك کەمتەرخەمـــی لێکدەدرێتەوە؟ ئەدی ئەگەر کاتەکە کاتی پشتگیری نەبوو، بەڵام ڕەچاوکردنمان هەڵبـــژارد، بۆچی ئەمە کارێکـــی ئەخلاقییە؟ ئایا چۆن حســـاب لەســـەر یەکتر بکەین؟ چۆن پێکەوە بژین؟ چۆن متمانە بەیەکتر بکەین؟

هەموو ئەم پرسیارانەم ئەو کاتە بە خەیاڵدا هاتن کە بینیم پەرچەکرداری لایەنە تورکمانی و مەسیحییەکانی هەرێمی کوردستان چەندە لە ئاست دەستنیشانکردنی نوێنەرانی ئەم لایەنانەدا توند بوون، کە پێویســـتە بچنە ناو ئەنجومەنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە. نەك هەر ئەمە، بەڵکو پەیوەندیی لایەنـــە پێکهێنەرەکانی حکومـــەت و دامودەزگاکانیش لە چەند دەرفەت و بوارێکدا، چ لەســـەر ئاستی کەسایەتی و چ لەســـەر ئاستی سیاســـەتی حیزبی، بەوجۆرە خۆی بەدیار دەخات کە هێشـــتا ئەم پرسیارانە یەکالا نەبوونەتەوە و وەك ئەوەیـــە ئێمە لە هەرێمی کوردســـتاندا هەمیشـــە دەبێت چاوەڕوانـــی ئەو ڕێگر و بۆمبە چێنراوانەی ناوخۆ بکەین، کە جیاوازیی تێڕوانینی سیاســـی و ئایدیۆلۆژیی هەڵیاندەتۆقێنێ و پرۆســـەی سیاسی هەرێمەکە و بڕیاری سیاسی و یەکێتی نەتەوەیی ئێمە شپرزە دەکات. ئەمەش لە کاتێکدا کە نەیارەکانی ناوخۆ و دەرەوە، لە ڕیزدا وەســـتاون بۆ ئەوەی ئەو کەلێن و دەرفەتانە بدۆزنەوە کە لێیانەوە و بە نییەتی خراپەوە دەیانەوێ بێنە ژوور.

یەکالاکردنەوەی ئەم کێشـــەیە کە هەندێجار کێشەیەکی دەروونییە، نەك سیاســـی، زۆر گرنگە. چونکە دۆســـت و خەمخۆرانـــی ئەم دەڤـــەرە بەتایبەتی لەم شـــەڕەدا کە ڕووبەڕووی کورد بۆتەوە، دەیانەوێ هەرێمی کوردستان لەم پرســـەدا یەك دید و یەك هەڵوێست بێت و پشت ساردکەرەوە نەبێت، هێندەی ئەوەی پشتگیر بێت بۆ هەوڵە دەرەکییەکان لە چارەســـەر و پشتیوانیی هەموو کێشەکاندا. ئەمە جگە لـــەوەی میراتێکی مێژوویـــی چاوەڕوانکردووی کوردیش وەك نەتەوەیەك هەیە بۆ هاتنەدی ئەم خەونە ڕەوایە. بۆیە گرنگە قســـە لەسەر پشتگیری و پشتێکردن و ڕەچاوکردن بکەین.

پشتگیریکردن ڕەگێکی کۆنی لە کولتووری عەشیرەییدا هەیە. وشەی پشـــت جگە لەوەی ناوە بۆ بەشێکی لەش، لە کولتووریی کۆمەڵایەتیدا ئاماژەیە بە هێزێکی پاڵپشت کـــە کەس و لایـــەن و ئەندامان وەك ســـوپایەکی نەبزۆك لێیدەڕوانن، بەتایبەتی ئەوکاتەی وەك تاك و وەك گرووپ ڕووبەڕووی پەلامار و هێرشی نەیار و دژومنەکانیان دەبنەوە. پشتگیریکردن لەوێدا ئەو سوپایەیە کە لە ڕووی مەعنەوی و پراکتیکییەوە بە هاناوە دەچێت و خۆی پیشاندەدات وەك ئەوەی پشـــتگیر و بەرگریکارە. پشتگیریکردن بەم مانایە دڵنیایی بەخشینە بە تاك و ئەندامانی گرووپێك لە کاتێکدا گیرۆدەی کێشـــەیەك دەبن لەگەڵ کەســـان و ئەندامانی گرووپەکانیتردا.

**تەنیا شتێک کە کۆی گریمانەکان قلْپ دەکاتەوە، ئەوەیە کەمتەرخەمییەکان بکرێتە هەل بۆ چڕکرنەوەی داواکارییەکان و گوشارهێنانی زیاتر لەوەی جەنگ خستوویەتە سەر شانی کۆمەڵگە و حکومەتەکەی**

وشـــەکە لە بواری کۆمەڵایەتییـــەوە پەڕیوەتەوە بواری سیاسی. بەوجۆرەش هەموو هاوپەیمانێتییە سیاسییەکانی نێـــوان لایەنـــە پێکهاتـــووەکان، بە جۆرێك لـــە جۆرەکان چاوەڕوانیی پشتگیریکردنی یەکترییان هەیە.

**هیچ پێکەوەژیانێک بە بوونی نییەتی شاراوە سەرکەوتوو نابێت، هیچ پێکەوەژیانێکیش بەبێ پشتیگری بەردەوامی وەرناگرێت، بەڵام بەردەوامییش بەبێ مەرج و ڕەچاوکردن نایەتەدەست**

پشـــتگیریکردن دۆخێکی تایبەتە کـــە تیایدا ڕەهەندی پراکتیکـــی و ڕەهەندی ئەخلاقی خـــۆی بەدیار دەخات. واتە هەم بزوێنەری هێزە و هەم بەگەڕ خەری هەڵوێســـتی ویژدانی و کردەیی. بەڵام مەرجیش نییە هەردووکیان پێکەوە دەربکەون. جار هەیە لە ڕووی کردەییەوە و بە جووڵاندنی هێز و یەکخستنی تواناکانی دوو لایەنە هاوپەیمانەکە کۆتایی

پێدێت و لە پەیوەندییە داخراوەکانی نێوانیشدا ڕەخنە و سەرکۆنەکردن و سنووردانان بۆ یەکتری بەردەوامە. جاریش هەیە پشتگیرییەکە تەنیا لایەنی مەعنەوی و ئاکاریانە دەگرێتەوە و ناگاتە ئاستی ماسوولکە دەرپەڕاندن و بەیاننامەیەکی پشتگیری دەردەکرێت.

لە دۆخی پشتگیریکردندا، پشتگیرکەران، یان مەرجیان هەیە، یان نییانە، ئەگەر نەیانبێت، ئەوە پشتگیریکردنەکە پێناسەی ئەو کارە، یان بارودۆخە دەکات کە پشتگیریی لێدەکرێت و هەڵوێستی پشتگیریکەر وەك هەڵوێستێکی ئەخلاقییانە خۆی بەرجەستە دەکات. بەڵام پشتگیریکردن هەمیشە ئەخلاقییانە و هەمیشەش بێ مەرج نییە. تەنیا ئەو کاتە پشتگیریکردنەکە ئەخلاقییانەیە، واتە مەبەست لێی بەجێهێنانی پرانسیپ و ئەرکێکی ئەخلاقییە کە ئەنجامەکە لەسەر بەرژەوەندیی هەردوولا نەبێت و لە دەرەوەی بەرژەوەندیی ئەوانەوە بێت بە یەکتر، بەڵکو لەسەر بەرژەوەندیی گشتی و وەك هەنگاوێکیش بێت بۆ لە ئێستاوە باشترکردنی داهاتوو بۆ نەوەکانی پاشتر. وەك ڕێککەوتن لەسەر پشتگیریکردنی لایەنە ناکۆکەکان لەسەر سیاسەتی ژینگەپارێزی، تەندروستی و دەرمان، پەروەردە و فێرکردن، پەیوەندییەکانی هەرێم و دەرەوە، مەرجەعی سیاسی و سامانە گشتییەکانی سەر و ژێر زەوی.

ئەو پشتگیرییانەش ئەخلاقین کە مەرجیان لە پشتگیریکردنەکە ئەوەیە بەو پشتگیرییە سنوورێك لە نێوان باشە و خراپە، یان بەسوود و بێ سوود دابنرێت. پشتگیری لێرەدا پێشوەخت دەسەڵاتی خۆی بە سنووردارکردنێك، یان لادانی سانسۆر لەسەر شتێك دەستنیشان دەکات کە بەرژەوەندیی گشتی و دوارۆژی تێدایە.

پشتگیریی ئەخلاقییانە چ بێمەرج و چ مەرجدارانە بێت، بەرزترین جۆری پشتگیرییە. چونکە لەوێدا جگە لە هەڵوێستێکی مرۆیی و ئاکاریانە کە ئامانجی چاکەی گشتییە، شتێکی تر نابێتە ئامانج. بۆ نموونە وەك یارمەتیدانی موسڵمان، مەسیحی، بێدین بۆ ئاوارە ئێزیدییەکان بەبێ ڕەچاوکردنی سنووری ئایینی و ئەتنیکی و هتد. یان هەر جۆرە پشتگیرییەك بۆ تێپەڕاندنی یاسای خۆشگوزەرانی منداڵان لە پەرلەمان، هەرچەندەش لایەنە پشتگیرەکان لە حزب و بۆچوونی جیاوازەوە هاتبن.

ئەمە هەمان پشتگیریشە کە چاوەڕێدەکرێت ناکوردەکانی هەرێم لەم بارودۆخەی ئێستای هەرێمەکەی بکەن کە دووچاری هاتووە. پشتگیرییەکەیان هەرچەندە لە ئێستا بە چاوپۆشیکردن و لێخۆشبوون لە داوا و مافەکانیان تەواو دەبێت، بەڵام پشتگیرییەکی ئاکاریانەیە لە کۆی دۆخەکە نەك پشتتێکردن. پێویستە ئەمە هەڵوێستی گشت لایەنە سیاسی و خاوەن بۆچوونە جیاوازەکانی ئاستی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنیش بێت بەبێ دەستهەڵگرتنیان لە کۆی ئەو ڕەخنە و داواکارییانەی هەیانن لە یەکتری.

گوشارهێنان بۆ سەر هەرێم لەبەر شتی تایبەت لەکاتێکدا کە کۆمەڵگە و حکومەت بە شەڕێکی گشتییەوە گیرۆدە بوون، سەندنەوەی برێک لە وزەیە لەم کۆمەڵگەیە و ئیدارەکەی کە دەبوو لە شەڕی دوژمندا بیانخستایەتە گەڕ

ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا هەمیشە دەبێت چاوەڕوانی ئەو ڕێگر و بۆمبە چێنراوانەی ناوخۆ بکەین، کە جیاوازیی تێڕوانینی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی هەڵیاندەتۆقێنێ و پرۆسەی سیاسی هەرێمەکە و بڕیاری سیاسی و یەکێتی نەتەوەیی ئێمە شپرزە دەکات. ئەمەش لە کاتێکدا کە نەیارەکانی ناوخۆ و دەرەوە، لە ڕیزدا وەستاون بۆ ئەوەی ئەو کەلێن و دەرفەتانە بدۆزنەوە کە لێیانەوە و بە نییەتی خراپەوە دەیانەوێ بێنەژوور

نابێت پشتگیری وەك پاشگەزبوونەوە تەماشای بکرێت. من لەگەڵت ناکۆکم، بەڵام پشتگیریت دەکەم، پەشیمانیش نیم لە ناکۆکییەکەم و داواکانم، لەگەڵ ئەوەشدا گوشارت لەدژ بەکار ناهێنم. چونکە گوشارهێنان بۆ سەر هەرێم لەبەر شتی تایبەت لەکاتێکدا کە کۆمەڵگە و حکومەت بە شەڕێکی گشتییەوە گیرۆدە بوون، سەندنەوەی برێك لە وزەیە لەم کۆمەڵگەیە و ئیدارەکەی کە دەبوو لە شەڕی دوژمندا بیانخستایەتە گەڕ. هەرچەندە ئەمجۆرە پشتتێکردنانە دەکرێت ئەوپەڕی دژەئاکاریانە بن، دەتوانن ئەوەندەش ئاکاریانە و مەرجدارانە بن. من پشتگیریی تۆ دەکەم، چونکە ئێمە لە هەمان دۆخ و کۆمەڵگەدا دەژین. شەرمی من لە شەهیدەکانی تۆ ڕێگەم لێدەگرێت هەڵوێستێکی خۆپەرستانەم هەبێت لە ئاست کەمتەرخەمییەکانتدا بەرامبەرم، بەڵام من مەرجدارانە پشتگیریت دەکەم و هەرکات ئەم بارودۆخە تێپەڕی لەسەر مافەکانم دێمەوە دەنگ. من پەشیمان نابمەوە لە داواکانم، بەڵکو چاوەڕوان دەبم.

بەمجۆرەش لە جیاتی پشت تێکردن، ڕەچاوکردن دەکەمە پیشەم و بەوکارەشم پشتگیرییەکی مەرجدارنەت دەکەم.

هیچ پێکەوەژیانێك بە بوونی نییەتی شاراوە سەرکەوتوو نابێت، هیچ پێکەوەژیانێکیش بەبێ پشتیگری بەردەوامی وەرناگرێت، بەڵام بەردەوامییش بەبێ مەرج و ڕەچاوکردن نایەتەدەست.

لە بارودۆخێکی وەك ئەوەی هەرێمی کوردستاندا کە جەنگێکی خوێنین و چارەنووس نادیار یەخەی وڵات و کۆمەڵگەکەمانی گرتووە بەبێ جیاوازی و هێزی پێشمەرگەشی لە هەرێمدا کردۆتە پشتگیری ئەم ئەزموونە بۆ بەردەوامی، پشتگیری نەکردن لە پێشمەرگە و بە گرنگ نەگرتنی خەباتەکەی، بە هەمان ئەندازە نائەخلاقییانەیە کە پشت تێکردنە لە کۆمەڵگەی کوردی و حکومەتەکەی لەبەر ئەو کەموکوڕییانەی لە ئێستادا هەیەتی.

بە هەمان شێوەی کە کەمینەکانیتر و حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان مافی خۆیانە لەم خەبات و بەرەنگارییەدا بەشداربن، بە هەمان شێوەش مافی خۆیانە مەرجیان هەبێت لە داواکانیاندا. تەنیا شتێك کە کۆی گریمانەکان قڵپ دەکاتەوە، ئەوەیە کەمتەرخەمییەکان بکرێتە هەل بۆ چڕکرنەوەی داواکارییەکان و گوشارهێنانی زیاتر لەوەی جەنگ خستوویەتە سەر شانی کۆمەڵگە و حکومەتەکەی. لەم کاتەدا پشتتێکردن وەك کردەیەکی نائەخلاقی و نابەرپرسیارانەی لێدێت لە کاتێکدا دەیتوانی کردەیەکی مەرجدارانەی ئەخلاقی، یان ڕەچاوکەرانەی ئەخلاقی بێت.

---

* مامۆستا لە بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەڵاحەدین

## داعش لە گۆشەنیگای سایکۆپۆلیتیکەوە

# ڕێبازی جیهادی و سەلەفی



ئازاد قەزاز

بۆ گوڵان دەنووسێت

**(٧)**

لە بەشی پێشوودا لەوە تێگەیشتین، کە پاشخانی فکری و ئایدیۆلۆژیی داعش، بە فکری ئەلقاعدەی جیهادی و فقهی سەلەفی جیهادی و فقهی توندڕەوی زەواهری و شێخەکەی بەناوی ئەبو عەبدوڵڵای موهاجری شێلدراوە، تەنانەت فکری جیهادی ئەلقاعیدەشی لە توندڕەویدا تێپەڕاندووە، تا ئەو ئاستەی کە ئەبوبەکری بەغدادی لە فەرمانی ئەیمەن زەواهری کە جێگرەوەی بن لادنە، دەرچووە.

لێرەدا بە پێویستی نازانم کە هەرچی گرووپی توندڕەوی جیهادی سەلەفی هەن، کۆیان کەمەوەوە و باسیان بکەم، ئەوەی بەلامەوە گرینگە ئەوەیە کە خوێندنەوەی موسڵمانەکان بۆ ئیسلام بە گشتی لەم سەردەمەدا بە جیهادی و سەلەفی و سیاسییەوە، بە توندڕەو و میانەڕەوەوە، ئەگەرچی جۆری پەروەردە و کەلتوور و ژینگەی کۆمەڵایەتی لە هەندێ رووەوە، لە یەکتری جیایان دەکاتەوە، بەڵام چەن خاڵێکی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە. ئەوەی کە لێرەدا گرینگە بوترێ، ئەوەیە کە مێژوویەکی هاوبەش و پنتی سەرەتا، لە هەموویاندا رەنگێك دەداتەوە. چۆن تیۆری مەزنە تەقین دەڵێت کە ئەم گەردوونە سەرەتا لە خاڵێکی زۆر گچکەوە دەستپێدەکات و پاشان بەتێپەڕبوونی کات، تەن و ئەستێرە و گەلە ئەستێرەی جۆراوجۆری لێوە دەردێت و ئەتۆم دەبێتە بنەڕەتی هەریەك لەو تەنە جیایانە، ئاوهاش ژیانەوەی ئیسلامییەکان لەو سەرەتایەوە، لەهەر پارچەیەکیدا بیگریت، ناوکرۆکێکی ئەو سەرەتایەی لە خۆیدا هەڵگرتووە. لەبەرئەوەی بە گشتی هەمووان باوەڕیان وایە کە ئیسلام تاکە ڕێبازی شەرعیی خودایە لەم ژیانەدا، دوا پەیامی خودایە بۆ مرۆڤایەتی، تاقە چارەسەرە بۆ گرفت و کێشەکانی ئیمڕۆکە، گەڕانەوەی مرۆڤەکانە بۆ قورئان، چونکە قورئان پیت بە پیت کەلامی خودایە و محەمەد دواپەیامبەرە، هەرچی باوەڕی وا نەبێت، ئەوە کافر دەبێت و هەرچی موسڵمانیشە باوەڕی بەم بنەمایانە وەك خۆی نەمێنێت، ئەوا مورتەد دەبێت. هەر کۆمەڵگە و گەلێك لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیەدا بێت، لە چاوی ئەواندا دەبێتە کۆمەڵگەیەکی جاهلی.

ئەوە راستە کە ئیسلام لە سەرەتادا لەسەر ئەم بنەمایانە خۆی دامەزراندووە، وەلێ بەراوردکردنی سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام لەگەڵ هەنووکەی ئیسلامدا، هەڵەیەکی مەنهەجی کوشندەیە، جا چ بۆ ئیسلامییەك کە دەیەوێ بانگەشە بۆ ئیسلام بکات و، چ بۆ ئەوەشی کە دەیەوی ئیسلام عەیبدار بکات، ئەوە لە هەردوولاوە هەڵەی زانستی ئەنجام دەدرێت. بۆیە ئیسلام خۆی وەك لە سەرەتادا واتە لەساڵانی ٦٠٠ی زایینی کە دەرکەوت، جیاوازییەکی جۆرەکی لەگەڵ ئەم سەرەتایەی سەدەی بیستدا هەیە کە هەڵیدایەوە و دەبێ ببیندرێتەوە، ئەگەرچی بە تێڕوانینێکی سەرپێیانە هیچ جیاوازییەك لەنێوان سەرهەڵدانی یەکەمی ئیسلام و سەرهەڵدانی دووەمی ئیسلام ناتواندرێ ببیندرێتەوە. ئەگەر هەر لەم بابەتەدا بوارمان بۆ رەخسا، هەوڵدەدەم هەندێکیش لەسەر ئەم بۆچوونە بدوێین.

لە پێشەوە ئەوەمان خستەڕوو، کە چەن بزاڤێکی ئیسلامی لە جیهانی ئیسلامدا لە بەرامبەر کاردانەوەی شکستی خەلافەت و هەرەسی ژیاری ئیسلامی لە بەرامبەر ژیاری رۆژئاوا لە سەرەتاکانی سەدەی پێشوو، هاتنەئاراوە. ڕێبازی جیهادی و سەلەفی کە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی پێشوو سەریاندەرهێنا، پەیوەستە بەو ڕێبازانەی کە سەرەتا لە کاردانەوەی شکستی ژیاری ئیسلام و کەوتنی

خەلافەتەوە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا روویاندا. ئەوە ئاشـــکرایە کە بزاڤی ئیخوانولموسلمین لە جیهانی عەرەب، بزاڤـــی ئەبوعەلای ئەلمەودودی لە پاکســـتان و کۆمەڵەی نوور لە تورکیـــا وەك کاردانەوەیەك ســـەریاندەرهێنا و هەر یەکەو لە ناوچەکەی خۆی، ســـەربەخۆ گەشـــەیان دەکرد. ئەمانە ئەو بزاڤ و ڕێبازانە بوون کە دەیانەویست جارێکیتر بۆ ســـەرچاوەی یەکەمی ئیســـلام بگەڕێنەوە، چونکی بە بۆچوونـــی ئەوان، رووخانی ژیاری ئیســـلام، دەرئەنجامی دوورکەوتنـــەوەی موســـڵمان بووە لە ئیمان و لە ئیســـلام و وازهێنـــان بـــووە لە ئاکاری ئیســـلامی و کـــزی ئیمانی موسڵمانەکان بۆتە هۆکاری ئەم شکستە. بۆیە چارەسەریش هەر گەڕانەوەیە بۆ ئەو سەرچاوەیەی کە ئوممەتی موسڵمان لێی دوور کەوتۆتەوە. ئەگەرچی ســـەرکردە و رابەرانی ئەم بزاڤانە، سیاســـەتێکی نەرمیان پیادە دەکرد و ڕێبازی خۆیان لەســـەر پەروەردەی تاك و خێزان و کۆمەڵ بەڕێدەکرد، بەڵام لە هەناویاندا سیاسەتێکی رەقیشیان هەڵگرتبوو. دەرەنجامی چەوســـاندنەوەی ئەم بزاڤانە لە لایەن حکومەتی نەتەوەیی ئـــەو دەوڵەتانەی تیا دەرکەوتبـــوون و گەڵاڵەبوونی فکری گەڕانـــەوە بـــۆ دامەزراندنی خەلافەت وەك ســـەرچاوەی بووژانـــەوەی ژیاری ئیســـلامی، دواجار بزاڤی ســـەلەفی جیهادیشـــی لێکەوتەوە. ئەم بۆچوونە ئـــەوە ناگەیەنێت کە ئەم بزاڤانە وەك پیلانگێڕی دامەزرابێتن و هەر تەنها بۆ ئەو مەرامە توندڕەوییە خۆیان مەڵاس دابێت. نەخێر؛ مەبەستی مـــن ئەوەیە کە مرۆڤ کائینێکـــی دینامیکییە و دەتوانێ لە جۆری خوێندنەوەی خۆیـــدا، بەرەو ئەو ناخەی خۆی و ئەو ســـتراتیژەی لە هەناویدا هەڵیگرتووە، دەق و رووداو بەو ئاقارەدا بەرێت کە خۆی ئارەزووی بۆی هەبێت.

ئەگـــەر فکری ســـەیید قوتب بخوێنینـــەوە، دەبینین وەك سیاسەتێکی رەق لە هەناوی ئیخوانێکی نەرمدا دێتەدەرەوە. قوتـــب لە ژێر کاریگەری ئەبوعـــەلای مەودودی کە باس لـــە حاکمییەت دەکات، باوەڕی وایـــە هەرچی حوکم هەیە ئینســـانییە و حوکمی خودا کە لە قورئانەوە ســـەرچاوەی گرتـــووە، حوکمێکـــی خودایانەیـــە. بەمانایەکیتر حوکمی ئینسانی حوکمێکی جاهیلییە لەبەرامبەر حوکمی خودا کە خەلافـــەت و پیادەکردنی حوکمی قورئانە و هەر ئەوەشـــە گوزارش لەو فەرمانەی خودا دەکات. قوتب لەم بۆچوونەی خوارەوەدا ئەم قوڕە زۆر خەستتر دەکاتەوە، کاتێ کە دەڵێ:

ئـــەم عالەمەی ئیمڕۆ یەکپارچە لـــە جاهیلییەتدا دەژی. ئـــەم جاهیلییەتـــە لەســـەر ئـــەو بنەمایە دامـــەزراوە کە دەستدرێژی کردۆتە سەر گرینگترین خاسییەتی ئولوهییەت (خوداوەندانـــە) لـــە ســـەر زەوی، کە ئەویش خاســـییەتی حاکمییەتە (فەرمانڕەوایی).

ئیدی لێرەوە ئیخوان باڵێکی فرەوانی دەکەوێتە ژێر کاریگەری فکریی ســـەیید قوتبەوە و بەرەو توندڕەوی سەردەکێشـــێت. هەرچەن قوتب خۆی هیـــچ هەوڵێکی توندڕەوی پێوە دیار نەبووە، چونکی ئەویش هێشـــتا باوەڕی بە گۆڕانکاری لە دەروونـــی تاکەکانەوە بووە، بەڵام ئـــەو باڵە توندڕەوانەی کە ســـەرهەڵدەدەن، لە گۆڕانکاری دەروونیی تاك و کۆمەڵەوە کە ئیخوان و سەید قوتب خۆیان باوەڕیان وا بووە، خۆیان بۆ گۆڕانکاری جەستەیی و بەکارهێنانی هێزی بازوو چەك و تەقەمەنی، دەگوێزنەوە.

قوتب خۆی هەرچەنە موسڵمانی بە گەورە و بەهادارتر لە لە غەیری موســـڵمان دەبینی، بەڵام هێشتا باوەڕی بەوە بوو کە موســـڵمان دەبێت، لە ناخـــەوە خۆی بگۆڕێت بۆ ئەوەی بەرەو حوکمی خودا بگەڕێنەوە. وەك خۆی دەڵێت:

« کاری ئێمـــە ئـــەوە نییـــە لەگـــەڵ ئـــەم واقعەی کە کۆمەڵگەیەکی جاهلییە، ڕێکبکەوین، ناشـــبێ هیچ جۆرە هاوســـۆزییەکمان (ولاء) بۆی هەبێـــت، چونکە ئەم واقعە بەو ســـیفەتە جاهیلییەتەی کە هەیەتی، شیاوی ئەوە نییە کە ڕێککەوتنی لەگەڵـــدا ئەنجام بدەین. کاری ئێمە ئەوەیە لە ســـەرەتادا خۆمان بگۆڕین تا ئـــەم کۆمەڵگەیە دواجار بگۆڕین.. یەکەم هەنگاو ئەوەیە کە خۆمان لەئاست بەها و بۆچوونەکانی ئـــەم کۆمەڵگەیەدا بەرز راگرین، لە پێناوی ئەوەی لـــە نیوەڕێگەیەکدا بەوان بگەینەوە، نابێ خۆمان لە هەندێ بەها و بیروبـــاوەڕی خۆمان دوور رابگرین، نەخێر؛ نابێت وا بکەین، چونکە ئێمە و ئەوان لەســـەر دوو ڕێگەی جیاوازین، ئەگـــەر لە گەڵ ئەواندا بە یەك هەنگاو بە یەك ئاڕاستەدا بڕۆین، ئەوا کۆی بەرنامەکەی خودا ون دەبێت و لە کۆتاییشدا ڕێگەکەمان ون دەکەین.

ئەو خۆ بە مەزنتر زانینەی موســـڵمان لە بەرامبەر غەیری موســـڵمان، یەکێکە لەو دەردانەی کە جیهانی ئیســـلامی پێیەوە دەتلێتەوە و بۆتە یەکێك لەو سەرچاوانەی کە جیهانی ئیسلامی گیرۆدە کردووە و ناتوانێ خۆی بۆ ئەویتر بکاتەوە، کە ئەویش وەك ئـــەو مرۆڤێکە و بەهای مرۆڤبوونی خۆی هەیە. ئەمە تیشـــکێکی ئەو سەرەتایەی یەکەمە کە ئیسلام تیا ســـەریهەڵداوە، بەڵام گەیشتنی ئەو تیشکی خۆ بە زال زانینەی ســـەرەتا لەبەرامبەر نەیارانی ئیسلام، بۆ ئیمڕۆکە نەگونجاوە. ئەم بۆچوونەی ســـەیید قوتب دیســـانەوە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئیسلامی سیاسی ئیمڕۆکە لەو ڕێبازە خودایییە لایانداوە کاتێ بەشـــداری دەسەڵاتێك دەکەن کە لە چاوی ئەودا (سەیید قوتب) دەســـەڵاتێکی جاهلییە. واتە خەســـڵەتێکی خودایان بۆ خۆیان بردووە، لەگەڵ دەسەڵاتی جاهلیی سەردەمدا دانوستان دەکەن و لە بری حوکمی خودا لەگەڵ حوکمی مرۆڤاندا خۆیان تێکەڵ دەکەن. ئەمە هەمان ئەو بۆچوونەیە کە کاتی خۆی خەواریجەکان عەلی کوڕی ئەبوتاڵێبیـــان پێ تۆمەتبار دەکرد. لـــەوە دەچێت ئیخوانی ئیمڕۆکەش بۆ مەنهەجی ســـەیید قوتـــب بگەڕێنەوە و لە خەواریج و داعـــش زیاتر نزیك ببنـــەوە و ببنە هاوپەیمان، چونکی ئیخوان لە میسردا لە بێئومێدی و شپرزەییدا دەژی، بۆیە گرتنەبەری ڕێگەی توندڕەوی لەوە دەچێت بە تاقە دەرچـــەی خۆیانی بزانن. ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئیخوان دەبێتە داعـــش، چونکە ئیخوان بەرنامـــەی خۆی هەیە و

**گۆڕینی واتا و چەمکی خودا لەم سەردەمەدا، موسڵمان لە گرێی دەروونی بە کافرکردنی ئەویتر رزگار دەکات کە زۆربەی جار جۆرێک لە دژواری بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی موسڵمان درووست دەکات**

**لە فەرهەنگی موسڵمانەکاندا وشەی کافر یانی غەیری موسڵمان و مامەڵەکردن لەگەڵ کافر لەم فەرهەنگەدا هێندە مەرجدارە قبووڵکردنی وەک مرۆڤێکی ئاسایی زۆر زەحمەت دەبێت**

**ئیخوان دوایانکرد کە لە خۆپیشاندانەکەدا قورئان بەرزکەنەوە. ئەمەش رەوتێکی سیاسی بوو کە کاتی خۆی بەرەی موعاوییە دژ بە عەلی دایانهێناو لێرەدا ئەمانیش دووبارەی دەکەنەوە**

لەوانی جیادەکاتەوە، بەڵام دڵخۆش دەبێت بە سەرکەوتنەکانی داعش، لەبەر ئەوەی دژ بە دەسەڵاتی هەنووکەی عەرەبی و شیعە دەجەنگێت. بەڵام ئەوەتا لە ٢٨-١١-٢٠١٤ دا ئیخوان دوایانکرد کە لە خۆپیشاندانەکەدا قورئان بەرزکەنەوە. ئەمەش رەوتێکی سیاسیی بوو کە کاتی خۆی بەرەی موعاوییە دژ بە عەلی دایانهێناو لێرەدا ئەمانیش دووبارەی دەکەنەوە. بۆیە واتێدەگەم کە ئیخوانی جیهانی بەگشتی لەگەڵ ئەوەشدا کە لەگەڵ داعشدا هاوسۆزن، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەمانە وەك خەواریج خۆیان کتومت دووبارە دەکەنەوە، یان ئیخوان خۆیان داعش بن. سەیر لەوەدایە کە ململانێی نێوان مورسی و سیسی لەوەی عەلی و موعاوییە دەچوو، مورسی مەزڵووم و سیسی زاڵم، وەك چۆن عەلی مەزڵووم و موعاوییە زاڵم بوو، کەچی ئیخوان رەفتارە سیاسییەکەی موعاوییە دووبارە دەکاتەوە! بۆیە هەڵەیە گەر بڵێین گرووپێکی ئیمرۆ کتومت، لاسایی گرووپێکی رابردوو دەکاتەوە، ئەگەرچی ئامانجەکان، هەمان ئامانجی پێشوو و هەوڵی بۆ دەدرێتەوە.

بەهەرحاڵ ئەگەر ئیخوان تاوەکو لابردنی (محەمەد مورسی)یش لە سەر کورسی دەسەڵات، هێشتا نەگەیشتبنە ئەو بۆچوونەی سەیید قوتب سەبارەت بە تەکفیر و هیجرەت و حاکمییەت، پاش مورسی رەنگە زۆربەیان ئێستە وەك داعش تەکفیری ئەم حکومەتانەی دنیای ئیسلامی بکەن، چونکە یەکەم هەستدەکەن ستەمکاری بەرامبەریان ئەنجامدراوە، سەرەڕای ئەو هەموو تەنازولەی بۆ دیموکراسی (بە بۆچوونی خۆیان) کردیان، کەچی هەر رەزامەندی ئەو حکومەتانەیان وەرنەگرت. دووهەمیش ئەو باوەڕەیان پتر لا تۆخ بۆوە کە ئەم وڵاتانە، هەروەك چۆن داعش و خەواریج و قوتب باوەڕیان وابووە، لە ئیسلام و حاکمییەتی خودا لایانداوە. ئەگەر ئیخوان تاوەکو ئێستەش بۆ موراعاتکردنی واقع و رۆژگار و سیاسەتکردن، لە بنەما سەرەکییەکانی باوەڕی ئیسلام خۆیان هەندێك لادابوویێت، وا ستەم و چەوساندنەوەیەی ئەم واقعە و سیاسەتەکەی جیهانی عەرەبی ئەوانی خستەوە سەر ئەو رێچکەیەی کە دەمێك بوو دەبوایە بیانگرتبایەتەبەر. واتە ئەو نەستەی تاوەکو هەنوکە بەریان پێگرتبوو، وا زوڵمی واقع هێنایەوە بەر هەستیان و لە رەفتاریاندا خۆی نمایش دەکاتەوە.

ئێمە لە پێشەوە ئاماژەمان بە وتەکەی سەیید قوتب دا کە موسڵمان وەك مرۆڤ لە ناموسڵمانەکان بە مەزنتر دەبینێت. واتە ئەو تێگشتنەی بۆ خودا کە بە ئێمە ناسێنراوە، ئەمەش یەکێك لەو حاڵەتە نەستییانەی کە زیاتر لە هەزار ساڵە لە نەستی موسڵماندا نیشتووە. ئەو خودایەی بە جۆرێکە کەس ناناسێت و لە کەس رازی نابێت، تەنها لە موسڵمانەکان نەبێت، دان بەکەسدا نانێت، تەنها بە موسڵمانەکاندا نەبێت، کەسی ناوێت تەنها ئەوانە نەبێت کە چەند تقوسێك ئەنجام دەدەن، چاکەی کەسی لەبەرچاو نییە، تەنها ئەو چاکانەیە کە موسڵمانەکان دەیکەن. خولاسە خوایەکە چاوی لە هەموو کەس نووقاندووە، تەنها لەو چەند کەسە نەبێت کە ناوی دەهێنن و هیچ ناکەن، هاواری بۆ دەکەن و وەستاون، خۆیان داوەتە پەنای ئەو و هیچیان لە دەست نایەت، گەر کەسێکیتر شتی لەدەست بێت، پێیان خۆش نابێت، گەر یەکێکیتر چاکە بکات، پێی نازانن. گەر چاك وردبینەوە خوایەك لە نەستیاندا جێگیر بووە، توندڕەو، خۆبین، واتە ئەو خودایە هەر لە داعش خۆی دەچێت. مێژووی ئەم وێناکردنە بۆ خودا لە مێژووی ئیسلامدا ئەگەرچی لەسەرەتادا رەنگە گونجاو بوویێت و بایەخی خۆی هەبوویێت، بەڵام درێژە پێدانی تا ئەم سەردەمە گرفت و کێشەی ئاکاری و سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆری خوڵقاندووە. بۆیە لێرەوە دەڵێم کە دەبێت کۆدەتایەکیش بەسەر ئەو نەستەدا بکرێت و ئەو جۆرە تێگەشتنە بۆ خودا وەك چەمکێ کە لە نەستی موسڵمانەکاندا جێگیر بووە، بگۆڕدرێ. ئەو خوایە لە ناخیاندایە لە رەگەزپەرستەوە بۆ رەگەزناسیێ، لە توندڕەووە بۆ خوایەکی ناسك و میهرەبان بگۆڕێ کە هەموو مرۆڤێك بە جیاوازی باوەڕ و بۆچوون و رەگەزەوە، بە مەرجێ لە خزمەت مرۆڤایەتیدا بێت، بەیەك چاو ببینێت. گۆڕینی واتا و چەمکی خودا لەم سەردەمەدا، موسڵمان لە گرێی دەروونی بە کافرکردنی ئەویتر رزگار دەکات کە زۆربەی جار جۆرێك لە دژواری بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی موسڵمان درووست دەکات.

لە فەرهەنگی موسڵمانەکاندا وشەی کافر یانی غەیری موسڵمان. مامەڵەکردن لەگەڵ کافر لەم فەرهەنگەدا هێندە مەرجدارە قبوڵکردنی وەك مرۆڤێکی ئاسایی زۆر زەحمەت دەبێت. ئەو کاتەی کە ئیسلام سەرییهەڵداوە و ئەوانیتر دانیان پێدانەناوە وەك دیاردەیەکی نوێ، وەك ئایینێکی تر، لە ئەنجامی کاریگەری عەقیدە و کەلتوور و خێڵ و قەبیلە سیفەتی کافرێتییان وەرگرت. هەر کات و زەمەنێك ئەم جۆرە سیفات و فاکتەرانە ببێتە رێگر لە داننان بەویتردا، ئەویش دەبێتەوە بە کافر، بۆیە دەبێت ئەم چەمکە حاڵەتێکی دینامیکی وەرگرێت، نەك ئیستاتیکی. هەروەك ناکرێت بە مارکسییەك بۆ هەتاهەتایە بوترێت پرۆلیتار و بە دژەکەی بوترێت بۆرژووا، چونکە زۆر مارکسی هەن بورژووان، با بەناو خۆیان بە مارکسی بزانن. بەم واتایە کافر یانی کەللەڕەق، خۆپەرست و رەگەزپەرست، داننانێت بەو هەقەی کە ئێستە لە ئارادایە. واتە لەو کاتەدا کە ئیسلام هات و هەقێکی بۆ عەرەب هێنا و پاشان بۆ مرۆڤەکانیتریش پەخشی خۆی نارد، وەرنەگرتنی ئەو نوێیە و ئازاردانی هەڵگرانی ئەو هەقە نوێیە، ناوی کافریان لێنرا. ئایا دەتوانین کافری ئەو رۆژانە بکەینە پێوەر بۆ غەیرە موسڵمانی ئەم رۆژانە؟!


بەهەرحاڵ هەوڵێکمان دا پەیوەندییەکی مێژوویی لە نێوان سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژیای ئیخوان و چەکەرەکردنی ئایدیۆلۆژیای سەیید قوتب و ئایدیۆلۆژیای توندڕەویدا بدۆزینەوە، کە دواجار چۆن لە داعش و وێنەکانی ئەواندا خۆی گەلاڵە دەکات. لە بەشەکانی داهاتوودا پتر لە داعش نزیك دەبینەوە، تا قووڵتر بە جیهانبینی ئەوانیشدا شۆڕ بینەوە.

**ئەو خۆ بە مەزنتر زانینەی موسڵمان لە بەرامبەر غەیری موسڵمان، یەکێکە لەو دەردانەی کە جیهانی ئیسلامی پێیەوە دەتلێتەوە و بۆتە یەکێك لەو سەرچاوانەی کە جیهانی ئیسلامی گیرۆدە کردووە و ناتوانێ خۆی بۆ ئەویتر بکاتەوە، کە ئەویش وەک ئەو مرۆڤێکە و بەهای مرۆڤبوونی خۆی هەیە**

**بەراوردکردنی سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام لەگەڵ هەنووکەی ئیسلامدا، هەڵەیەکی مەنهەجی کوشندەیە، جا چ بۆ ئیسلامییەک کە دەیەوێ بانگەشە بۆ ئیسلام بکات و، چ بۆ ئەووشی کە دەیەوێ ئیسلام عەیبدار بکات**

**مرۆڤ کائینێکی دینامیکییە و دەتوانێ لە جۆری خوێندنەوەی خۆیدا، بەرەو ئەو ناخەی خۆی و ئەو ستراتیژەی لە هەناویدا هەڵیگرتووە، دەق و رووداو بەو ئاقارەدا بەرێت کە خۆی ئارەزووی بۆی هەبێت**

# بارودۆخی ئەمنیی عێراق لە نێوان بێ سەروبەریی ئەداو لاوازیی ئیرادەی سیاسیدا



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵانی نووسیوە

بارودۆخی ئەمنیی هەر وڵاتێك پشت دەبەستێ بە ئامادەگیی دامەزراوە ئەمنییە سەربازییە پسپۆڕەکان و ئەدای سەرکردایەتیی سیاسی، هەروەها بە پتەویی بنیادی دەوڵەت و دروستیی ئەدای دەزگاکانی لەوانەش بوونی توانا ئابوورییەکان و کۆتایی هێنان بە نەخۆشییەکانی وەك بێکاری و هەژاری و زۆر شتی دیکە، دیارە لێرەدا لە واقیع دوور ناکەوینەوە کاتێ ئاماژە بکەین بە دوو حاڵەت لە عێراقی ئەمڕۆدا، کوردستان لە بارودۆخێکی سەقامگیر و ئاسایشدایە لەسایەی ئامادەگیی دامەزراوەکانی و دروستی و راستیی بڕیاری سیاسیدا، لەبەرامبەریشدا پشێویی رەوشی ئەمنی لە عێراقی فیدراڵدا لە سایەی ئەو ئیفلیجی و بێ توانایيەی کە بە دامەزراوەکانی حکومەتی فیدراڵەوە دیارە هەروەها لاوازیی ئیرادەی سیاسی. کاتێکیش دێینە سەر بارودۆخەکە و وردەکارییەکەی دەخوێنینەوە، دەبینین کە پێکهێنانی حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا لەسەر بنەمای پشککاریی تایفی و خۆخەریککردن بە دابەشکردنی پۆستەکانەوەیە نەك دانانی بەرنامەکان کە پێشتر هەموو تواناکانی چارەسەرکردنی ئەو پێشێلکارییانەی لەبەین بردووە. لەلایەکەوە کەسانێکی ململانێکار هەن لەنێو خودی باڵەکانی تایفەگەریدا کە هانیان دەدات تەگەرە و ئاستەنگ لەبەردەم هەوڵەکانی لایەنی دیکە بخوڵقێنن، لەلایەکی دیکەوە هەندێ بەرپرس دانراون، یان دادەنرێن کە بێ بڕوانامەن، یان بڕوانامەی ساختەیان هەیە و دواتر هیچ لێهاتووییان لێ بەدی ناکرێ تاکو لە شوێن ئەو بەرپرسیارێتییەدا بن، یان ئەدای گونجاوی وەزیفیان هەبێت. بێجگە لەمانەش ئەو دامەزراوانە پڕیەتی لە خەڵکی میلیشیایی کە فەرمان لە لایەنە حزبییەکان وەردەگرن، نەك لە سەرکردایەتیی ئیداریی حکومەت، دوور لەمەش بە ئاشکرا پۆستەکانی خۆیان بۆ خزمەتکردنی بزاڤی میلیشیایەکانیان دەقۆزنەوەو کاری رفاندن و پارەبەردانەوە و تاڵان ئەنجام دەدەن بە پێی ئەجێندای سەرکردایەتییە تایفەگەرەکانیان لە ململانێیەکی سەختدا لە نێوان باڵە تایفەگەرییەکاندا لەسەر حیسابی سەقامگیریی بونیادی دەوڵەت و دامەزراوە فەرمییەکان.

جا ئەگەر بگەینە هەندێ پێکهاتە سەربازی و ئەمنی دەبینین کە بێ توانای پیشەیین لەلایەك هەروەها چەکی نوێیان نییە کە لەگەڵ ئەو ئەرکەی بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێزانەدا بگونجێت کە بە چەکی تازە چەکدارکراون وێڕای گیانی خۆکوژییان لەشەڕدا، ئەمەش ئەو دیمەنەیە کە گوزارشتە لەو هەرەسهێنانە سەرتاسەرییەی ئەو دامەزراوەیە لە موسڵ و شار و پارێزگاکانی دیکە، کە لە سایەی دەسەڵاتی بێسەروبەردا داگیرکران تا بوونە پاروویەکی جووراوی تیرۆر و چەتە خوێنڕێژەکانی.

بیروبڕوای سەربازیی سوپای ستەمکار بە درێژایی زیاتر لە سێ دەیە لەسەر فەلسەفەی شۆڤینی و فاشیستی دامەزرابوو کە بووە هۆی ئەنجامدانی تاوانگەلێکی قێزەوەن دەرحەق پێکهاتەکانی گەلی عێراق، لێرەدا دەکرێ ئاماژە بکەین بە تاوانەکانی جینۆساید دژ بە مرۆڤایەتی کە سوپای پێشووی عێراق دەرحەق کورد ئەنجامیدان، بەڵام دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو سوپایە و دەزگا سەرکوتکەرەکانی رژێمی بەزیو ئەلتەرناتیفێکی دیکەی ئەو سوپایە لەسەر بنەمای دروست پێك نەهات، بیروبڕوای سەربازیی لای سوپای عێراقی فیدراڵ بوونی نییە و پشتگوێ خستنێکی بەئەنقەستی هێزی پێشمەرگەش لەلایەن سەرکردایەتیی فیدراڵی لە بەغدا بەو ناوەی بەشێکی سەرەکییە لە سوپای

نیشتمانی عێراقی بەدی دەکرێت، ئەو هێزە لەگەڵ ئەو هەموو هەڵوێستە نەرێنیانەی بەغدا بەڵام رەگ و ریشە و ئەزموون و توانای خۆی داکوتاوە، چونکە پێشمەرگە هێزێکی مەشقپێکراوەو بیروبڕوای دروستی سەربازییان هەیە، پرسیارەکەش ئەوەیە بۆچی ئەو هێزە ناکرێت بە خاڵی سەرەتاو پێکهێنانی نموونەیی بنیادنانی سوپای عێراق فیدڕاڵی ؟

بەگشتی و بەر لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە جەخت دەکەینەوە لەسەر ئەوەی کە سوپایەکی بێ بیروبڕوای سەربازیی و بێ پاشخانێکی سیاسیی نیشتمانی کە هەموو پێکهاتەکانی دەوڵەتی فیدڕاڵی کۆکردبێتەوە، ناتوانێت ئامادەبێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەرکەکان لە هەلومەرجێکی ئاساییدا، ئەدی چۆن ئەگەر وڵات تووشی شەڕێکی نەگریس هات لەگەڵ داگیرکاریی تیرۆر کە سێییەکی رووبەری عێراقی گرتبێت، دەتوانێت ئامادەبێت!؟

لێرەوە و لەبەر رۆشنایی ئەم راستییەدا ئەنجامدانی دانوستانێکی نیشتمانی کە هەموو لایەك بگرێتەوە کارێکی پێویستە بۆ دانانی بناغەیەك بۆ بنیادنانی سوپا و دامەزراوە ئەمنییەکان بە شێوەیەکی کوالیتیی جیاواز نەك پێکەوەلکان هەروەك ئەمڕۆ روودەدات بە میکانیزمگەلێك کە دەکەوێتە بەر لۆژیکی پێش دەوڵەتی تازە!

ئەم ئەشکالییەتە لە سایەی بوونی گوتاری تایفەگەری و بەڕێوەبردنی پێکهاتەی حکومەتی فیدڕاڵی یەکلایی ناکرێتەوە، بەڵام ئێمە دەتوانین ئەو شەڕە نیشتمانییە ببەینەوەو لۆژیکی دەوڵەتی مەدەنی بسەپێنین بە رێگەی دانوستاندن کە پشت ببەستێ بە گوشاری داخوازییەکانی گەل لەلایەك و قۆستنەوەی دەرفەتی بوونی خەڵکی تازە و هی دیکەی بێلایەن کە بە چارەسەری ئەلتەرناتیف سواغ بدرێت لەبەر رۆشنایی ئاراستە گشتییەکەی گۆڕانکاریی کە لەلایەن دەوڵەتانەوە پشتیوانی لێکراوە بە مەرجی میکانیزمی تازە و بە پشت بەستن بە بنەمای دروستی بابەتییانەی بنیادنانی ئەو دوو دامەزراوە ئەمنییە گەورەیە.

بیرۆکەی بیروبڕوای سەربازیی سوپاو پۆلیس نارەزاییەکی بەهێز دەورووژێنێت لە دژی ئەوەی کە کارەکان بێ سوود و بێ ئەنجام لە بەرژەوەندیی میلیشیا چالاکەکانی سەرزەویدا بن لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوورو رۆژئاوا، کە لە کۆتاییدا ئەوان میلیشیان وێڕای پێکهاتەی تایفەگەرییان کە بوونیان دەقۆزنەوە بۆ مەرامی سەرکردەکانیان و نانەوەی ململانێ لەگەڵ یەکدیدا، دواتر تێکدانی ژێرخانی سەرتاپای کۆمەڵگە، جا بۆ ئەوەی ئەو بیروبڕوایەی سوپاو پۆلیس سەقامگیر بێت و لە مەیدانیشدا بۆ جێبەجێکردنی یاسا و سەپاندنی دەسەڵاتی مەدەنی بەرجەستەبکرێت، پێویستە بەدوای میکانزمگەلێکی پراکتیکیدا بگەڕێین بۆ کۆتایی هێنان بە بوونی ئەو میلیشیایانە دوور لە بیرۆکەی ئەوەی کە سوپاو پۆلیس تێکەڵ بکرێت وەك شێوازێکی چارەسەر، چونکە ئەمە هەڵیناوەشێنێتەوە، بەڵکو دەیخاتەوە گەڕ و هەموو ئەو تاوانانەی پەردەپۆش دەکات کە ئەنجامی دەدەن، لەکاتێکدا کە راستییەکەی ئەوەیە چەك لەلایەن دەوڵەت نەك لە لایەنێکی دیکەوە قۆرخ بکرێت و بوونی رکابەران نەهێڵدرێت کە رۆڵی هەردوو دەزگای سەربازی و ئەمنی ئیفلیج دەکەن.

لە روانگەیەکی دیکەی خوێندنەوەی بارودۆخە ئەمنییەکە لەبەر رۆشنایی ئاستەکانی بنیادنانی ئەو دەزگایانەی لێی بەرپرسن، دەتوانین دوای ئەوە تێبینییەکی بەرچاوی دیکە تۆماربکەین سەبارەت بە پێکهاتەی سوپاو پۆلیس و موخابەرات، ئەو دوو دەزگایەی یەکەم لەرووی ژمارەوە هەڵاوێسراون، بەڵام لەوەش مەترسیدارتر لەو هەڵئاوسانەیە کە بریتییە لە بوونی دیاردەی (فەزائی- بندیوار)! واتا دیاریکردنی ژمارەیەکی زۆری ناوی خەیاڵی کە بەکردەوە بوونیان نییە، واتا ئەو پێکهاتەیە پێشتر هەرەسی هێناوە بەبێ شەڕکردن لەگەڵ دوژمنانی نیشتمان و گەل لەبەر بۆشایی و خەیاڵیی هەندێ لەو کەسانە!

رەنگە لابردنی ئەو لیستانە دوای ئاشکرابوونیان بەشێکی گرنگی چارەسەرەکە بێت، بەڵام ئەوەندە بەس نییە ئەگەر لێپێچینەوەی بەرپرسیارانی بەدوادا نەیەت و ئەوەی کە بەتاڵانیان بردووە بە هۆی ئەو میکانیزمە بگەڕێندرێتەوە لەو سامانە زۆرەو دواتر ئەو تاوانە بە ریشەکێشکردنی بەرپرسان رابگیرێت.

لێرەدا ئەرکی گەڕان بەدوای ئەلتەرناتیف و قەرەبووکردنەوەی بنیادی سوپاو پۆلیس دەردەکەوێت بە قەبارەی گونجاوی ژمارەی ئە کەسانەی بەڕاستی خۆبەخشن لەو دوو هێزە تاکو بە شێوەیەکی دروست مەشق بدرێن و بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکەی پێیان دەسپێردرێت، ئامادەبکرێن. بە مەرجێ خۆبەخشەکان بەپێی رێنمایی یاسایی هەڵبژێردرێن، نەك لەبەر خاتری لایەنێك، یان توێژێك، هەروەها سوپا و پۆلیس واز لە تایفەگەری پەراوێزخستن و پشتگوێ خستن بهێنن و لەسەر بنەمای تایفەگەری پێکهاتەکانیان بە کارمەند پڕنەکەنەوە، بەو شێوەیەی کە لاسەنگییەکی بنیادنەرانە لە نێو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و بەو جۆرەی کە فەلسەفەی تایفەگەری بە هەموو نەخۆشییەکانیەوە دەسەپێنێت.

بە وردبوونەوە لە روونکردنەوەی کەموکوڕیی بنیادنەرانەی دەزگا پەیوەندیدارەکانی ئاسایشی نیشتمانی، دیارە کە بیرۆکەی پڕچەککردن و مەشق ئەمەش لەو کاتەدایە کە بیروبڕوای تازەی سەربازی قبوڵ ناکرێت ئەگەر لەسەر بنەمای یەکلایی کردنەوەی تەواوی بنیادنانی خودی سوپای فیدڕاڵی سەیری بابەتەکە نەکرێت، لەبەر ئەوەی لە دوو بەش پێکدێت، بنەمایەکی پێشمەرگەیە کە پێویستە چەکداربکرێت و بە شێوەیەکی باش مەشق بدرێن و بە ئاستی چەکدارکردن و مەشقی حکومەتی فیدڕاڵ، چونکە چەکدارکردنی هێزی پێشمەرگە بریتییە لە هێزی عێراقی فیدڕاڵ، ئەو ئاراستەیە لە پلانی ستراتیژیدا مانای پەرەپێدانی کوالیتیی سەرتاسەرییە کە دەکرێ گۆڕانکاریی چاوەڕوانکراو لە ئەدا بێنێتەئاراوە، هەروەها لە دابینکردنی سەقامگیریی تەواوی بارودۆخی ئەمنیی وڵات.

ئێمە لە کاتێکدا هەوڵدەدەین هەندێ تەوەر بە رێگەی ستراتیژیی قووڵ و بنیادنەرانە لە چارەسەرکردنیاندا دەستنیشان

**کوردستان لە بارودۆخێکی سەقامگیردایە لەسایەی ئامادەگیی دامەزراوەکانی و راستیی بڕیاری سیاسیدا، لەبەرامبەریشدا پشێویی رەوشی ئەمنی لە عێراقی فیدراڵدا لە سایەی ئەو ئیفلیجیی و بێ توانایییەی کە بە دامەزراوەکانی حکومەتی فیدراڵەوە دیارە**

**ئەو دامەزراوانە پڕیانە لە خەڵکی میلیشیایی کە فەرمان لە لایەنە حزبییەکان وەردەگرن، نەک لە سەرکردایەتیی ئیداریی حکومەت، پۆستەکانی خۆشیان بە پێی ئەجێندای سەرکردایەتییە تایفەگەرەکانیان بۆ کاری رفاندن و پارەبەردانەوە و تاڵان ئەنجام دەدەن**

**پێشمەرگە هێزێکی مەشقپێکراوەو بیروبڕوای دروستی سەربازییان هەیە، پرسیارەکەش ئەوەیە بۆچی ئەو هێزە ناکرێت بە خاڵی سەرەتاو پێکهێنانی نموونەیی بۆ بنیادنانی سوپای عێراقی فیدراڵ**

بکەین، ئەوا پەنجە ناخەینە سەر برینەکە لەسەر بنەمای خوێندەوەگەلێکی هەڵە، یان تیۆرێکی بێ بنەما، بەڵکو لەبەر رۆشنایی خوێندنەوەی واقیعەکە، وێڕای ئەو سەرکەوتنەی لە ئەنجامی هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی هاتۆتەدی لە کەمکردنەوەی مەترسیی تیرۆریستانی داعش، بەڵام دەستەکەوتەکان لە پاشەکشەدان لەبەر رۆشنایی ناڕوونیی وێنەی سەر زەوی تەنانەت هێزەکانی سەربازی و پۆلیس چەکیان پێ نەدراوە کە ئەمەش وایکرد چەند ناوچەیەکی گرنگ لەدەست بدەن کە بەر لە دوو مانگ گەڕاندبوویانەوە، هەروەك ئەوەی کە لە گوندەکانی ناوچەی بەغدادی و دەوروبەری قائیم و حەدیسە رووی دا، دیسان چۆن هەندێ کەرتی هێز بەبێ پشتیوانی و بە گەمارۆدراوی بەجێ دەهێڵدرێن بێ ئەوەی هیچ لێکدانەوەیەکی بابەتییانە بۆ ئەم کارە بکرێت، تەنیا رەهەندە تایفەگەرییەکە نەبێت لەلایەك و رەتکردنەوەی پشتیوانیی خەڵکی ئەو ناوچانە(بۆ نموونە رۆژئاوا) کە دەیانخاتە ژێر باری تاوانەکانی داعش و هێزەکانی تیرۆر بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە، بەمەش دەرفەتی کشان و بەهێزبوون بۆ تیرۆر دەستەبەردەکات.

جا بۆ دیاریکردنی راڕایی و دوودڵی ئەوا دەبینین هەندێ لایەنی سەرکردایەتیی حکومەتی فیدراڵ و ئەندامانی پەرلەمان باس لە بوونی خۆبەخش دەکەن کە بەمەش دەکرێ ئەو کەموکوڕییە قەرەبووبکرێتەوە لە پێکهاتە هەرەسهێنراو و هەڵوەشاوەکە، هەروەها باس لە پێشکەوتن دەکەن لە گەڕاندنەوەی بوونی دەوڵەت لە پارێزگاکان کە دەسەڵاتیان تێدا نەماوەو بۆ تیرۆریستانیان بەجێهێشت، تاکو داگیری بکەن، بەڵام چاودەپۆشن تەنانەت لە تەنیا ئاماژەیەك دەربارەی ئەوەی کە لە مەیدان روودەدات لە پاشەکشێی بێ پاساو ئەویش بە سەرلەنوێ رادەستکردنەوەی شارو گوندەکان بۆ دەسەڵاتی بێسەروبەری تیرۆر، هەروەك تازە ئاماژەمان پێکرد بە گەمارۆدانی لیوای ١٨ لە رۆژئاوای ئەنبار و کشانەوە لە چەند گوندێکی ناوچەی بەغدادی و بەجێهێشتنی عەشیرەتەکانی ئەلبونەمر و چەندانی دیکە بەبێ پشتیوانی تا لە دەسەڵاتی دۆزەخی دڕندانەی تیرۆریستانی داعش و هاوشێوەکانی رزگاریان بکات.

ئەم حاڵەتە تەنیا راڕاییەکی راگوزاریی نائاسایی نییە، بەڵکو حاڵەتێکی جەوهەریی هێزە تایەفەگەرەکان و بارودۆخە گشتییەکەیە کە پشتی بەستووە بە گوتارێکی میلیشیایی لە بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی تیرۆردا، ئەمەش ئاڵۆزییەکانی زیاترکردووە بە هۆی رەفتارە نەرێنی و مەترسیدارەکانی هێزە تایفەگەرییەکان، تەنانەت هەندێ لایەن ئەرکەکانیان بە لۆژیکی (رزگارکردن)ی خاك و پەرستنی(مرۆڤ) و قۆستنەوەو ئەنجامدانی تاوانی گەورە دەزانێت لەئاست هاووڵاتی لەسەر بنەمای جیاکاریی تایفەگەری و هەموو ئەو چەمك و ململانێیانەی لێیان دەبێتەوە.

لەنێو ئەو بێ سەروبەرییە ئەمنییەدا ناتوانین چارەسەرێکی پینەکاری بڕیاربدەین و لێدوانگەلی بەربڵاو بدەین و ملکەچیان بین، ئەوانە زیاترنین لە کوتینی دەهۆڵی بۆش و دەنگی بەرز، بەڵام بێ توانا لە گۆڕانکاریی جیددی بەرپرسیارانە، ئێمە لێرەدا بەراستی پشت دەبەستین بە گۆڕانکاریی لە ئیرادەی سیاسی ئەویش گرتنەبەری گوتاری نیشتمانیی عێراقێکی فیدراڵ، کە رێز لە هەردوو باڵی فیدراڵییەت بگرێت و دادپەروەری و یەکسانی لەنێوان رۆڵەکانی بەهەموو پێکهاتەو شێوەکان دابین بکات و دامەزراوەکانی بە بیروبڕواییەکی تازە بنیادبنێت کە پشت بە بوونی فیدراڵی ببەستێ و بەدوای بنەماکانی چارەسەرکردنی گەندەڵیدا بگەڕێت لەو دوو دامەرزاوە گرنگەدا، هەروەها گرتنەبەری پێوانەی وەزیفی کوالیت و هەوڵی چەکدارکردن و مەشقی جۆراوجۆر.

لەگەڵ بەتایبەتکردنی هەوڵی ئەمنی و ئەرکەکان بە سوپاو پۆلیس و پلەبەندیی لە کۆتایی هێنان بە بوونی میلیشیاکان و چارەسەرکردنی بابەتییانە، ئەویش بە تێکەڵکردنی ئەندامەکانیان لەگەڵ کۆمەڵگە و دەزگا هەمەجۆرەکان کە زیاتر گونجاون بۆ گرتنەخۆی کارمەندانی ئەو هێزانە و قەدەغەکردنیان لە مانەوەیان لەدەرەوەی دەسەڵات و یاساکانی دەوڵەت، لەگەڵ ئاگاداربوون لە کۆتایی هێنانی حاڵەتی پشتبەستن بە بوونی ئەوەی پێی دەڵێن: «حەشدی شەعبی»، هەروەها کۆتایی هێنان بە بیرکردنەوە لە دابەشکردنی چەك بە رێگەی میلشیاکان و لەدەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت. لەگەڵ پێگەیشتن و تەواوبوونی ئەدای یەکە سەربازییەکان و پۆلیس ناکرێ هیچ چەکدارکردنێك لە دەرەوەی چوارچێوەی سوپا قبوڵ بکرێت، وەك ئەوەی لەو ناوچانەی دەکەونە ژێر بەرگریی و پارێزگاریی پێشمەرگەدا هەیە، چونکە ئەو هێزانەن کە تواناکانیان پێگەیشتوون و دەتوانن ئەرکەکانیان بەجێ بێنن و پێویستیشیان بە پێکهاتەی تازە نییە لە هیچ شێوەیەك، چونکە ئەو پێکهاتانە لە کۆتاییدا دەبنە بارگرانییەك کە ناکرێ دەست بە پێکهاتنی بکرێتەوە.

**پێویستە خۆبەخشەکان بەپێی رێنمایی یاسایی هەڵبژێردرێن، نەک لەبەر خاتری لایەنێک، یان توێژێک، هەروەها سوپاو پۆلیس واز لە تایفەگەری پەراوێزخستن و پشتگوێ خستن بهێنن و لەسەر بنەمای تایفەگەری پێکهاتەکانیان بە کارمەند پڕنەکەنەوە**

خوێندنەوەیەکی بە ویژدانانەی بارودۆخی ئەمنی لە عێراقی فیدراڵی ئاماژەیە بۆ خوێندنەوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەو وێنا تراژیدیا مرۆییانەی رووداوەکان پێمان دەدەن، کە پێویستیان بە گۆڕانکاریی کوالیتی خێرا هەیە، هەروەها ئەوپەڕی سوودوەرگرتن لە پشتیوانیی نێودەوڵەتی و چارەسەرکردنی جددییانەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی فیدراڵی، چونکە بنەمایەکی بنیادنەرانەیە کە چاوەڕوانی چارەسەرە، ئەگەر لەسەرەتای ساڵی تازەدا عێراقێکی سەقامگیر و سەرکەوتوو بەسەر هەموو پێشێلکارە نەخۆشییەکانمان بوێت، ئەوا پێویستە ئەو لاپەڕەیە دابخەین کە لە ماوەی دەیەی رابردوودا بەم شێوە نەرێنییە بەسەر وڵاتی هێنا و دەبێ ئەو ئاراستەیە توند بکەین بە پلاندانانی ستراتیژیی تازە بە هەموو بنەمایەکی سەرکەوتووتر و ئاشتییانەتردا، با بەرەی گەل بۆ بنیادنانی دەوڵەتی مەدەنی فراوانتربێت بەو بنەما بابەتییانە کە ئەمڕۆ لەبەردەستدان ئەگەر هاتوو دەرفەتەکە قۆسترایەوە، ئەگەر نا پەشیمانی دادنادات!

---

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان و سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە دانیمارک**



گوڵان - بەغدا

# هەوڵە بێهودەکان بۆ دامەزراندنی هەرێمی فیدراڵی لە باشووری عیراقدا

**بەغدا بۆ شارێکی پڕ لە وەهم و دڵەڕاوکێ و زێدەڕۆیی وەرچەرخاوە**

**شەقامە کەلەپووریەکانی بەغدا کە جاران تژی بوون بە هونەرو ئەدەب و کەلەپوور ئێستا بوونەتە دوکان بۆ کەڵەکردنی کەلوپەل**

**ئامانجی سەرەکی لە داواکاری بە هەرێم کردنی بەسرە و پارێزگاکانی تر چاولێکەری هەرێمی کوردستانی عیراقە کە بووەتە مۆدێلێکی زیندوو لە ناوچەکەداو وەک ئەزموونێکی پێشەنگ لە مێژووی عیراقدا لێی دەڕوانرێت**

**شەقامی ڕەشید کە سەدان ساڵە بە شەقامی هونەرو کەلەپوورو بیناسازی ناسرابوو ئێستا بووەتە شەقامی کۆگاکان و شوێنی زبڵ و پاشماوەکانە، بەو شێوەیە پایتەختی عیراق هیچ هەستێکی شاعیری و هونەری تێدا نەماوە**

هەر کاتێك کەسێکی داماو هیوای بە هیچ شتێ نامێنێت، ئیتر بە نزمترین ئاستەکانی ژیان ڕازی دەبێت، ئەمە گوزارشتێك نییە لە بڕواو قەناعەت و ڕازی بوون بە بەشی خۆ، بەڵکو ئەمە لە ناخەوە مەرگی پارچەیەك ڕۆحی مرۆڤایەتیە، ئەمە ئەو بارە سەختەیە کە زۆربەی هاووڵاتیانی نیشتمانێکی وەك عیراقی تێدا گیرۆدەیە نیشتمانێك کە خاوەن بیری نەوت و سامانی سروشتی و خێروبەرەکەتی خواوەندە، ئێستا ڕوانین بەلای هاووڵاتیەکانیەوە شەوکوێرانەیە، یان ڕوونتر بڵێم ڕوانینێکی سادەوساکارانەیە، لە ژیانێکدان هیچیان بەر ناکەوێت، کاتێك خەڵکی شارەکانی بەسرەو کوت داخوازی دروستکردنی هەرێمیان هەیە، ئەوە تەنیا لە پێناوی باشتر بوونی بارودۆخی بژێوییان و سەقامگیربوونی ئاسایشی ناوچەکانیانە، نەك بۆ شتی تر.

کاتێ ئەو هەموو زبڵ و پیساییانەی ناو شاری بەغدای پایتەختت چاو پێدەکەوێت، لە بەرانبەریشدا دارمانی ئەدەب و هونەرو ڕۆشنبیری دەبینیت، ئیتر ئەوە بەسە تا پایتەختێك لە یاد بکەین کە لە مێژوودا ناوی دارولسەلام بووە، ئێستا خەڵکەکەی وێڵگەردی دەرفەتێکن تا بژین و ڕۆحی مرۆڤایەتیان بۆ بگەڕێتەوە.

## ● هەرێمەکان و بیرۆکەی بە هەرێمبوون لە عیراقدا

هەر لە پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی ستەمکار لە ساڵی ٢٠٠٣ بە دواوە، ئیتر زۆر لە پارێزگاکانی عیراق کەڵکەڵەی بیرۆکەی بەهەرێمکردن کەوتە سەریان، تا وەك مۆدێلە ئەکتیڤ و زیندووەکەی هەرێمی کوردستانی عیراق، ئەوانیش ببنە هەرێمێکی سەربەخۆ، بەڵام زۆربەی داخوازییەکانی بە هەرێمکردن کاردانەوەیان نەبووە، نەبیستران و گوێیان لێ کەڕ کراوە، لەبەرئەوە بێ ئاکام ماونەتەوە، وائیل عەبدوللەتیفی سیاسەتمەدار بە یەکەمین کەس لە قەڵەم دەدرێت کە هەوڵێکی لەم شێوەیەی بۆ بە هەرێمکردنی بەسرە لە ساڵی ٢٠٠٣ داوە، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٨ توانیویەتی واژۆی ٢٪ی کاندیدکراوان کۆبکاتەوەو داوایەکی فەرمی پێشکەشی بە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بکات بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر پێکهێنانی هەرێمێك بۆ بەسرە،بەڵام هەوڵەکەی سەرکەوتوو نەبوون، بە هۆی ئەوەی کە نەتوانراوە ڕێژەی ١٠٪ی دەنگدەرانی بۆ کۆبکرێتەوە، کە ئەوە بۆ خۆی یەکەمی قۆناغ بوو بۆ بڕینی هەنگاوەکانی ئەنجامدانی ڕاپرسی جەماوەری، دواتر لە ساڵی ٢٠١٠ زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە داوای گۆڕینی شاری بەسرەیان بۆ هەرێم کردو داواکارییەکەی خۆیان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران کرد تا بە پێی ڕێوڕەسمە کارگێڕییەکان فەرمان بدەن بە کۆمسیۆن لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە هەرێم بوونی بەسرە ڕابگەیەنن و لەو ماوە دیاریکراوەشدا پرۆژەکە بە هێزە سیاسیەکان بناسێنن تا پشتگیری ئەوانیش بە دەست بهێنن، دواتر کات وادەی ڕاپرسیە جەماوەرییەکە دیاری بکرایە، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران بە فەرمی وەڵامی ئەو داواکارییەی نەدانەوە، پاشتر لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٣ ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە دوبارەهەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە بۆ هەمان مەبەست، بە شێوەیەك ئەمجارەیان سکاڵای یاسایی لەسەر ئەنجومەنی وەزیران تۆمار بکەن گەر داواکارییەکە بخاتە کونجی فەرامۆشی، چونکە لە ٣٥ ئەندام ١٢ ئەندامیان واژۆی ڕەزامەندییان لەسەر دابوو، دواجار داواکارییەکە بلۆك کرا یان لە چوارچێوەی تێگەیشتنی سیاسیدا کشێنرایەوە.

## ● پەراوێزخستن و لەخشتەبردن هۆیەکە بۆ داواکردنی دروستکردنی هەرێم

ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی سەر بە دەوڵەتی قانون بە ناوی عەبدولسەلام مالیکی هۆشداری دا بۆ سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی بابەتی ڕاگەیاندنی هەرێمیی بە هاوشانی کۆمەڵێك پارێزگای ترەوە چونکە ئەوانە هەست بە فەرامۆشکراوێتی دەکەن و جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی کە سامانەکانی بەسرە بە هەدەر دەبرێت و دەدرێتە چەند لایەنێك کە دابەشکردنی سامانەکان بە یەکسانی لەگەڵ پارێزگاکانیاندا ڕەت دەکەنەوە، جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی ئەمە کارێکە نە بێدەنگ دەبین لێی نە پێی ڕازی دەبین و نە ڕێگەدەدەین بەوەی بەسەریانەوە بچێت.

ئەم نوێنەرە هاوکات جێگری پارێزگای بەسرەیە لەو بارەیەوە وتی ((بەسرە لە لایەن هەندێکەوە بە پایتەختی ئابووری عیراق و ئەو سنگە دەژمێردرێ کە عیراق هەناسەی پێ وەردەگرێت،٪٨٠ سامانی نەوتیی عیراق و چوار دەروازەی سنووری گرنگی لەسەرە کە دەڕوانێتە سەر کەنداوی عەرەبی، خەڵکەکەی هێشتا لە ناو پلێت و تەنەکەدا ژیان بەسەر دەبەن و خزمەتگوزاری لە نزمەترین ئاستەکانیدایە.))

## ● ئاڵای پێشنیازکراو بۆ هەرێمی بەسرەو کوت

هەرێمی واست واتە شاری کوت ئاواتی لە مێژینەی هەموو خەڵکی ئەو دەڤەرەیە، کەچی بەهۆی پەراوێزبوونی بەردەوامی لە لایەن حکومەتەوە لە کاتێکدا واست کۆمەڵێك ڕووبارو سامانی کشتوکاڵی و سامانی نەوتی تێدایە و باکوورو باشووری عیراق پێکەوە دەبەستێتەوە، ئاڵاپێشنیارکراوەکەی هەرێمەکەش بە پێی ئەوەی لە سایتەکانەوە بڵاوکراوەتەوە پاش ئەوەی چاویان لەسەر بەسرەیە کە ببێتە هەرێم، بریتیە لە سێ ڕەنگ، شین کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی بەسرە دەڕوانێتە سەر دەریا، سەوز کە ڕەمزە بۆ ڕەزو دارستان و باخەکانی بەسرەو لە ناوەندیشدا سپی کە هێمایە بۆ ئاشتیخوازی بەسرەو دەوربەری.

هەروەها دوو پەلکە گەڵای دارخورما لە ناوەندیدا هەیە بە سێبەری پشتەوەی دڵۆپێکی گەورەی نەوت وەك هێمایەك بۆ سامانی تێرو پڕی نەوت لەو شارەدا.

## ● قەیرانەکە هاوگونجانی بیرو ڕاو هەڵوێستەکان دەریخستوون

بیروڕاو هەڵوێستی هێزە سیاسیەکانی بەسرە سەبارەت بە جێبەجێکردنی هەرێمی فیدراڵی بۆ بەسرە هاوکوف و هاو گونجاون، جگە لە هەندی حزب و بزووتنەوە نەبێت کە بە تەواوی لە دژی دەوەستنەوە، هەندێکیش پشتگیری دەکەن بە ڕێژەی بەرزو نزمەوە، لایەنە سیاسیەکانی کە پشتگیری بیرۆکەو پرۆژەکە دەکەن پێیان باشە هەرێمەکە هەرسێ پارێزگاکانی واست و زیقارو میسان بگرێتە خۆی و پایتەختەکەشی بەسرە بێت هەندێکیش پێیان وایە شاری نەجەفیش لە خۆی بگرێت



ئاڵای پێشنیارکراوی هەرێمی بەسرا و کوت

و پایتەختی نۆ پارێزگا بێت کە دەکەونە هەرێمەکەوە، زۆربەی زۆری بەرپرسان پشتگیری پرۆژەکە دەکەن بە نهێنی و بەڵام بە ئاشکرا دەرینابڕن لەبەرئەوەی بە پێچەوانەی بیروڕای حزبەکانیانە..

چالاکوانی سیاسی ساڵح مەعموری لە بەسرەوە بۆ گوڵان هاتە قسەو وتی ئامانجی سەرەکی لە داواکاری بە هەرێم کردنی بەسرە و پارێزگاکانی تر چاولێکەری هەرێمی کوردستانی عیراقە کە بووەتە مۆدێلێکی زیندوو لە ناوچەکەداو وەك ئەزموونێکی پێشەنگ لە مێژووی عیراقدا لێی دەڕوانرێت ئەوەیە هاوشێوەی هەرێمی کوردستانی لێ بکرێت، لەو بارەیەوە مەعموری درێژەی زیاتری پێداو وتی سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان هەموو پارێزگاکانی تری هانداوە ئومێد بخوازن لانی کەم ٧٠٪ ئەو ئاسایش و ئارامی و پەرەپێدانی ئابووری و ئاوەدانیەی وەك ئەویان هەبێت، بەڵام زۆر لایەنی شیعی هەن لە پێناوی بەرژەوەندییە هەرێمایەتیەکان و هەروەها بەرژەوەندی سەنتەری بڕیاردان کە بەغدایە ئەم پرۆژانەی بە هەرێمکردنی بەسرە ڕەت دەکەنەوە.

ئەوەی زیاتر هاندەرە بۆ پێشکەش کردنی ئەم پرۆژانە ئەو هەموو زێدەڕۆیی و وەزیفە وەهمیانەیە کە لە ئەمینداریێتی گشتی بەغدا دەرکەوتون کە بریتیە لە ٧٥٠٠ وەزیفەی وەهمی تێیدا لە کاتێکدا باری ئابووری وڵات لە هەڵدێرێکی سەختایە.

ئەو گەڕەکە زێدەڕۆیانەی لە بەغدا بڵاوبوونەتەوە فەوزایەکی کۆمەڵایەتی بێسەرو بەری خوڵقاندووەو مەترسیەکانی ئابووری و ئاسایشی زیاتر کردۆتەوە، ئەوانە لە ئاکامی جەنگە تایەفەگەرییەکان و نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون و نەبوونی یاسا خوڵقاون وێڕای ئەو هەموو خێرو بێرەی وڵاتی عیراق هەیەتی، چەندین دامودەزگا هەن بە بێ هەبوونی کادرو کەسانی پیشەیی..

سەرچاوەیەکی ئەمنی بەرپرس لە بەغداوە بە گوڵانی ڕاگەیاند کە لە ناو ناوچە زێدەڕۆیەکاندا ڕێژەی منداڵان و ئافرەتان لە پیاوان زیاترن و زۆربەشیان بێ ناسنامەن و زۆربەی ژن و مێردەکان بە بێ گرێبەستی هاوسەرگیرین، چونکە نەچوونەتە دادگاکان بۆ ئەوەی هاوسەرگیریێتی بە یاسایی بکەن، منداڵانیان بێ قوتابخانەو بێ خوێندنن، خانووەکانیان بە هەڕەمەکێتی لە پلێت و تەنەکەو بلۆکی ڕووتەن بە بێ ژمارە دروست کراون، ژمارەی فەرمانبەریان لە حکومەتدا زۆر کەمە، زۆربەیان دەسگێڕو دەرۆزەکەرن، تێکەڵەیەکن لە خەڵکانی پەنابەر کە بەهۆی پرۆسەکانی توندوتیژێتی تایەفەگەرییەوە لەوێدا کۆبوونەتەوە.

**لە بەغدا ڕێژەی منداڵان و ئافرەتان لە پیاوان زیاترن و زۆربەشیان بێ ناسنامەن و زۆربەی ژن و مێردەکان بە بێ گرێبەستی هاوسەرگیرین، چونکە نەچوونەتە دادگاکان بۆ ئەوەی هاوسەرگیریێتی بە یاسایی بکەن، منداڵانیان بێ قوتابخانەو بێ خوێندنن، خانووەکانیان بە هەڕەمەکێتی لە پلێت و تەنەکەو بلۆکی ڕووتەن بە بێ ژمارە دروست کراون**

### ● ٧٥٠٠ وەزیفەی وەهمی لە ئەمینداریێتی بەغدا

گۆڤاری گوڵان هەوڵی زۆری دا تا پێوەندی بکات بە بەرپرسانی ئەمینداریێتی بەغدا، هەندێکیان ئامادەییان نیشان نەدا بۆ وتووێژ زۆربەشیان لە دەرەوەی وڵات بوون بەسەفەر چوون، هەندێکیشیان تەلەفونەکانیان داخرابوون، تەنیا یەکێکیان نەبێت بە ناوی ئەبو نەسیر فەرمانبەرە لەو بارەیەوە بە گوڵانی وت: ٧٥٠٠ فەرمانبەری وەهمی ناویان تۆمارکراوە، موچەی هەموویان لە نێوان بەرپرسانی ئەمینداریێتی دابەش دەکرێت.

شەقامی ڕەشید کە سەدان ساڵە بە شەقامی هونەرو کەلەپوورو بیناسازی ناسرابوو ئێستا بووەتە شەقامی دوکان و زبڵ وپاشماوەکانە، بەو شێوەیە پایتەختی عیراق هیچ هەستێکی شاعیری و هونەری تێدا نەماوەو بەرپرسان بیرێك لە شانۆو نواندن و ئەدەب و شیعری لە مێژینەی شارەکەیان ناکەنەوە تەنیا ڕوانینیان وەرچەرخاوە بۆ چۆنیەتی فرۆشتنی نەوت و بازرگانیکردنی بەرەڵڵا و دروست کردنی کۆمپانیای هەڕەمەکی، لەو بارەیەشەوە محەمەد حسێن کە ڕۆماننووسێکی عیراقی مشەختیە بە گوڵانی ڕاگەیاند هەست ناکەین ئێمە لە ناو دەوڵەتێکی بە دامودەزگاویکراو بین کە تێیدا حاکم لە گەلەکەی بترسێت، بەڵکو تەنیا خەریکی ململانێن لەگەڵ نەیارانیاندا.



# ئاوارەکان لەم وەرزەدا پێویستیان
# بە هاوکاریی نێودەوڵەتی هەیە

**گۆڤاری گوڵان لە درێژەی سەردانەکانیدا بۆ کەمپی ئاوارەکان، هەرسێ کەمپی (دارەشەکران، هەم شەم یەک و کەوەرگۆسک)ی بەسەر کردەوە و دانیشتووانی ئەو کەمپانەش سەرەرای دەربڕینی دڵخۆشی خۆیان بۆ سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە و بەهاناچوونی هەرێمی کوردستان بۆ کۆبانێ، هاوکات نیگەرانیی خۆیان لە ئاستی خزمەتگوزارییەکان و خراپی شوێنی نیشتەجێبوونیان دەربڕی، بەتایبەتی ئاوارەکانی کوردی شەبەک و کوردی کۆبانێ کە لەم دواییەدا هاتبوونە ئەو کەمپانەو شوێنی حەوانەوەو چادرەکانیان بەپێی پێویست نەبوو، ئاوارەکان داوا لە حکومەت و خەڵکی کوردستان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکەن لەم وەرزە سەختەی سەرما و سەهۆڵبەندانەدا ئاوڕی زیاتریان لێبدەنەوە.**



**ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان:**
**هاوکاری و کۆمەککردنی هاووڵاتیانی سووریا لە ساڵی ٢٠١٥ پێویستی بە ٨ ملیار و ٤٠٠ ملیۆن دۆلار هەیە**

بارودۆخی زیاتر لە (ملیۆن و نیوێك) ئاوارە لە هەرێمی کوردستان کە بەسەر ٢٩ کەمپدا دابەشبوون، تادێ روو لەخراپی دەکات، بەتایبەت لەگەڵ هاتنی وەرزی سەرماو سۆڵەی زستان و کەمبوونەوەی هاوکاری و کۆمەکەکانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و پشتگوێخستنی حکومەتی مەرکەزی بەغدا بۆ بەهاناچوونی هاووڵاتییانی خۆی کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیداری ناوەندەوە لە پارێزگاکانی موسڵ و سەلاحەدین و کەرکووك و دیالە دەربەدەربوون و وەکو ئاوارەی وڵاتێکی دراوسێ مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، ئەمە لەکاتێکدا لەکۆی ٢٠ کەمپی ئاوارە کە لە سنووری پارێزگای دهۆکدا هەن، ١٦ کەمپیان تایبەتە بە ئاوارەکانی پارێزگاکانی موسڵ و ناوەڕاستی عێراق، کەچی حکومەتی ناوەندی عێراق هیچ هاوکاری و یارمەتییەکی پێشکەش نەکردوون. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش کە دووچاری قەیرانی بودجە بووەتەوە، رایگەیاندووە کەوا هاوکاری و کۆمەککردنی هاووڵاتیانی سووریا لەساڵی ٢٠١٥ پێویستی بە ٨ ملیار و ٤٠٠ ملیۆن دۆلار هەیە. بەمشێوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەبەرامبەر گەورەترین کارەساتی مرۆیی کەمتەرخەم بووە، ئەو کارەساتەی کە بەهۆی وەحشیگەریی و دڕندەییەی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام ئاوارەبوونی زیاتر لە ٧ ملیۆن هاوڵاتی سووری و زیاتر لە ٢ ملیۆن ئاوارەی عێراقی لێکەوتەوە، وەزیری پەرەپێدانی ئەڵمانیش ئەم کارەساتەی بە «کارەساتی سەدە» ناو بردووە، لە تازەترین ڕاگەیاندراویشیدا ڕێکخراوی یونسێف هۆشداری بە وڵاتانی کۆمەکبەخش و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

**سلێمان ئەحمەد:**
**مێژووی کورد لەئامێزگرتنی خێزانەکانی کۆبانێ لە لایەن سەرۆک بارزانی و خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە لەبیر ناکات، بەرگریکردنی پێشمەرگەش لە کۆبانی وەرچەرخانێکی مێژوویی و نەتەوەیی بووە**

**حەمەد نایف:**
**جگە لە ڕێکخراوی خێرخوازی بارزانی و چەند ڕێکخراوێکی ناوخۆیی کەس ئاوڕی لێنەداوینەتەوە وا بڕوات ژیانمان زۆر سەخت و خراپتر دەبێت**

**قەدریە شاکر:**
**تەنیا ئومێدمان بە حکومەتی هەرێم و خێرخوازانی کوردستان هەیە**

**عەبدولرەزاق سەرحان:**
**هەموومان نەخۆش و ماندووین و داواکارین حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوە خێرخوازەکان و خەڵکی کوردستان فریامان بکەون و منداڵەکانمان لە سەرما ڕزگار بکەن**

دا کە ڕێکخراوەکەیان پێویستی بە ٦٤ ملیۆن دۆلار هەیە بۆ فریاکەوتنی خێرای ٢ ملیۆن منداڵی ئاوارە کە لەم زستانەدا لە بارودۆخێکی خراپدان و پێویستیان بە کۆمەك و هاوکاری مرۆیی و تەندروستی خێرا هەیە، خراپبوونی ڕەوشی ژیانی پەنابەران و ئاوارەکان لەکەمپەکانی کوردستان لەم وەرزەدا لەکاتێکدایە هەموو ژمارەو داتاکان کە لەناو کەمپەکانەوە باسی لێوە دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە تادێت ژمارەی ئاوارەکان روو لە زیادبوونەو دۆخەکە لەوە زیاتر دەخایەنێت کە پێشبینی دەکرا، بەتایبەتی ئاوارەبوونی ئەو خێزان و گەنجانەی لە بەر نەبوونی هەلی کار و خراپی بارودۆخی بژێوی خێزانەکانیان لە سووریا و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشەوە روو لەهەرێمی کوردستان دەکەن، وەکو خێزانەکانی قامیشلۆ و دیرك کە لەم راپۆرتەدا بەسەرمانکردوونەتەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەڕای گرفتی دارایی و شەڕی داعش و کەم ئەزموونی لایەنە پێوندارەکانی حکومی بۆ پێشوازیکردن و ڕێکخستنی ئەم ژمارە زۆرەی پەنابەرو ئاوارە بەپێی توانای بودجەی بەردەست چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری جۆراوجۆریان لەناو کەمپەکانی ئاوارە جێبەجێ کردووە، لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان خێرخوازان و ڕێکخراوە ناوخۆییەکانیش وەکو ڕێکخراوی بارزانی و پێشمەرگەکانی کوردستان بەپێی توانا کۆمەك و هاوکاری ئاوارەکانیان کردووە، ئەوەتا پێشمەرگەکانی کوردستان فراوانترین هەڵمەتی بەخشینی دیارییان بۆ منداڵانی تەمەن ٢ تا ١٠ ساڵی ناو کەمپەکان لەسنووری پارێزگای دهۆك و هەولێر ئەنجام دا، منداڵەکانیش بە سروودی بژی پێشمەرگە پێشوازییان لە کاروانی هاوکارییەکان کرد. لەمیانەی سەردانەکانی تیمی گۆڤاری گوڵان بۆ کەمپی ئاوارەکان، هەرسێ کەمپی (دارەشەکران، هەم شەم یەك و کەوەرگۆسك) مان بەسەر کردەوە کە سەرەڕای دڵخۆشییان بۆ سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەو بەهاناچوونی هەرێمی کوردستان بۆ کۆبانێ بەڵام نیگەرانیش بوون لە ئاستی خزمەتگوزارییەکان و خراپی شوێنی نیشتەجێبوونیان بەتایبەتی ئاوارەکانی کوردی شەبەك و کوردەکانی کۆبانێ کە لەم دواییەدا هاتبوونە ئەو کەمپانەو شوێنی حەوانەوەو چادرەکانیان بەپێی پێویست نەبوو، زۆربەی چادرەکانیان ژێر ئاو کەوتبوون و گرفتی نەبوونی گەرماو W.C و خراپی خزمەتگوزاری ئاو و کارەبا و ئاوەڕۆیان هەبوو.

**● ئاوارەکان داوا لە حکومەت و خەڵکی کوردستان دەکەن لەم وەرزەدا زیاتر هاوکارییان بکەن**

لەمیانەی بەسەرکردنەوەی ئاوارەکان سەرەتا سەردانی کەمپی (دارەشەکران)مان کرد، دیمەنی منداڵان و ئافرەتانی کۆبانێ کە لە ژێر خێوەت و ناو قوڕ و لیتەدا بوون بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر بوو بۆ خراپی بارودۆخەکەیان، ئەوان سەرەڕای خراپی بارودۆخەکەیان سوپاسی سەرۆك مسعود بارزانیان کرد بۆ بەهاناچوونی شارەکەیان و هەڵوێستەکەی بەڕێزیان بە هەڵوێستێکی نەتەوەیی بەرز نرخاند، داواشیان لە خەڵکی کوردستان و کاربەدەستانی هەرێم کرد ئاوڕێکیان لێبدەنەوە، بەتایبەتی لەم وەرزەی سەرماو سۆڵەی زستاندا کە جگە لە شەقامە سەرەکییەکانی ناو کەمپەکە کۆڵانەکانی دیکەی بەردەم چادرەکانی ناو کەمپەکە هەمووی قوڕ و لیتەیە و خێوەتەکانیش لە سەرماو سۆڵەی ئەم وەرزە نایانپارێزێت.

محەمەد نایف خەڵکی (قامشلۆ)ی ڕۆژئاوای کوردستانە و سەرەتا باسی ئەوەی کرد کە چەند مانگێکە کۆمەك و هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان کەمیان کردووە، هاوکات گوتی: «جگە لە ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی و چەند ڕێکخراوێکی ناوخۆیی کەس ئاوڕی لێنەداوینەتەوە وا بڕوات ژیانمان زۆر سەخت و خراپتر دەبێت».

قەدریە شاکر دانیشتوویەکی دیکەی هەمان کەمپە و ئەویش گلەیی و ڕەخنەیەکی زۆری لە حکومەتی عێراق هەبوو، گوتیشی: «تادێت پێداویستییەکانی تەندروستی و خزمەتگوزاریی و پەروەردەیی ئاوارەکان روو لە زیادبوون دەکات، کەچی حکومەتی عێراق و دامودەزگاکانی بەهیچ شێوەیەك کۆمەك و هاوکاری ئەم کەمپانەی نەکردووە و تەنیا ئومێدمان بە حکومەتی هەرێم و خێرخوازانی کوردستان هەیە».

ئاوارەکان وێڕای دەستخۆشییان بۆ حکومەتی هەرێم کە قوتابخانەی بنەڕەتی تا پۆلی نۆیان بۆ دابین کراوە، بەڵام داوای قوتابخانەی ئامادەییش دەکەن، هەروەها باسی ئەوە دەکەن کە ئەو بنکە تەندروستییانەی کراونەتەوە، هەموو چارەسەرێکی پزیشکی تێدا نییە و نەبوونی پزیشکی پسپۆڕ و شارەزاش گرفتێکی گەورەی بۆ دروست کردوون، هەروەها داوا دەکەن ڕێگەیان پێ بدرێت بە بلۆك ژوورێك بۆ خێزانەکانیان دروست بکەن و لە سەرمای زستان و گەرمای هاوین بیانپارێزن.

**● ئاوارەکانی کۆبانێ**
**هەڵوێستی سەرۆك بارزانی و پێشمەرگە بەرز دەنرخێنن**

لەناو چەمێکی پڕ لە قوڕ و لیتە ژمارەیەك خێوەتی لێبوو کە تایبەت بوون بە ئاوارەکانی کۆبانێ، ئەوان سەرەڕای سوپاس و پێزانینیان بۆ هەڵوێستی بەڕێز مسعود بارزانی بە ناردنی پێشمەرگە بۆ بەرگریکردن لە کۆبانێ هاوکات داوایان لە خەڵکی کوردستان کرد بە هانایانەوە بچن و هاوکاری و یارمەتییان پێشکەش بکەن، چونکە وەك خۆیان باسیان کرد، کۆمەکە نێودەوڵەتییەکان زۆر کەمی کردووە و ڕووبەڕووی حاڵەتێکی ناهەموار بوونەتەوە.

سلێمان ئەحمەد خەڵکی (کۆبانێ)یە و باسی ئەوە دەکات کە «مێژووی کورد لەئامێزگرتنی خێزانەکانی کۆبانێ لە لایەن سەرۆك بارزانی و خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە لەبیر ناکات، بەرگریکردنی پێشمەرگەش لە شارەکەیان بە وەرچەرخانێکی مێژوویی و نەتەوەیی دادەنێت و هاوکات دەڵێت: «دوای ئەوەی لە دەستی داعشەکان دەربەدەر بووین و تورکیا بە خراپی مامەڵەی لەگەڵ کردین، هەڵوێستی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان و پێشمەرگەکان لەبیر ناکەین و واڵاکردنی سنوورەکانی باشووری کوردستان بۆ پێشوازیکردنی خەڵکی کۆبانێ و نیشتەجێکردنیان لە کەمپەکان وەرچەرخانێکی نەتەوەیی و مێژوویی بوو، هەر ئەمەشمان چاوەڕوان دەکرد لە سەرۆکی کوردستان و پێشمەرگە و خەڵکەکە، بەڵام داواکاریشین لێرەش بە فریای منداڵەکانمان



بکەون و هاوکاری و یارمەتی خێرامان لە شیر و داربی و پێداویستیەکانی زستانەمان پێشکەش بکەن، چونکە لەناو ئەم قوڕ و لیتەیە و لەبەر ئەم سەرمایە ژیان زۆر زەحمەتە و منداڵەکانمان هەمووی نەخۆش کەوتوون».

محەمەد بەشیر خەڵکی (دێرك)ـە و ئەویش لە دەستپێکی قسەکانیدا گوتی: «سەری ڕێز و ستایش بۆ سەرۆکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە دادەنوێنین کە پارێزگاری لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکەن و ئەو ژمارە زۆرەی کوردی ڕۆژئاوایان لەئامێز گرتووە، لەکاتێکدا ئاگاداری بارودۆخی خراپی دارایی وڵاتەکەین، بەڵام ژیانی ژێر چادر مەترسی ئاگرکەوتنەوە و ژەهراویبوون و خنکاندنی منداڵەکانمانی لێدەکەوێتەوە».

**● قەیرانی دارایی un ئاوارەکانی نیگەران کردووە**

لە کەمپەکانی دارەشەکران و هەم شەم یەك و کەوەرکۆسك ژمارەیەك لە ئاوارەکان نیگەرانی خۆیان بەرامبەر بە کەمبوونەوەی هاوکاری و کۆمەکەکانی un ڕاگەیاند. هەر لەو بارەیەوە ئیلهام حەسەن گوتی: «ماوەیەکە ڕێکخراوە جیهانییەکان تەنانەت هاوکارییەکانی منداڵانیشیان کەم کردۆتەوە، ئێستا بۆ دابینکردنی شیری منداڵ و دایبی و پێداویستییەکانی دیکە زۆر لە زەحمەتیداین، تەنانەت جلوبەرگیشمان بۆ منداڵەکانمان نییە».

نەبوونی جلوبەرگ و پێڵاوی منداڵان و ئافرەتان لەم وەرزە سەرما و سۆڵەی زستاندا سەرنجی ڕاکێشاین و پرسیارمان لە ئاوارەیەك بە ناوی عەبدولڕەحمان موراد جەلۆ کرد، کە ئایا هیچ هاوکاری و کۆمەکێکتان بەدەست گەیشتووە؟ لەوەڵامدا گوتی: «حکومەتی عێراق هیچ هاوکارییەکی نەکردووین و ئێستا یارمەتییەکانی unیشمان لەسەر بڕاوە، ئەگەر هەشبێت، زۆر کەمە، ئێستا هەر هەموومان پێویستیمان بە پێڵاو و جلوبەرگ هەیە و داواکارین خێرخوازانی هەرێمی کوردستان بەدەنگمانەوە بێن و جلوبەرگمان بۆ بهێنن».

عەبدولڕەزاق سەرحان هاووڵاتی خەڵکی (کۆبانێ)یە و ئەویش گوتی: «لەم شوێنەدا هەر هەموومان نەخۆش و ماندووین و داواکارین حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوە خێرخوازەکان و خەڵکی کوردستان فریامان بکەون و منداڵەکانمان لە سەرما ڕزگار بکەن، ئێمە پێویستیمان بە شوێنی باشتر هەیە، یا هیچ نەبێت ڕێگەمان پێ بدەن بلۆك بهێنین و بۆ خێزان و منداڵەکانمان ژوورێك دروست بکەین».

**● بەرپرسی پەیوەندییەکانی کەمپەکانی ئاوارە لەپارێزگای دهۆك:**

**پێویستە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئاستی هاوکارییەکانیان زیاتر بکەن**

سەبارەت بەکەمبوونەوەی هاوکارییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عێراق بۆ هەزارەها خێزانی ئاوارە لە سنووری دهۆك، سالم سەعید بەرپرسی پەیوەندییەکان لە کەمپی دۆمێز تایبەت بۆ گوڵان گوتی: «ماوەیەکە بە شێوەیەکی بەرچاو ئاستی هاوکاری و کۆمەکە مرۆییەکان بۆ کەمپەکانی پارێزگای دهۆك کەمی کردووە، بە ڕادەیەك لە هەر ٢٠ کەمپی ئەم سنوورە کە زیاتر لە ملیۆنێك ئاوارەی تێدا نیشتەجێیە، نیگەرانییەکی زۆری لێکەوتۆتەوە، لەلایەکی ترەوە ١٦کەمپی ئەم سنوورە ئاوارەی خەڵکی عێراقی تێدا نیشتەجێیە، کەچی حکومەتی عێراق بەپێی پێویست ئاوڕی لەم کەمپانە نەداوەتەوە، ئەم دۆخە و سەرما و سۆڵەی زستان مەترسیدارە، بەتایبەتی کە تادێت ژمارەی ئاوارەکان ڕوو لە زیادبوون دەکات، پێشبینی ئەوەش دەکرێت لەساڵی ٢٠١٥ ئەم ژمارەیە ڕوو لە زیادبوون بکات و خەرجییەکانیشیان زیاد بکات، هەر بۆیە ساڵی ئایندە ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت، گەربێتو ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و مرۆییەکان هاوکارییەکانیان زیاد نەکەن و بەهانای ئەو ژمارە زۆرەی لێقەوماوەکان نەیەن، پرسی ئاوارەکان بە یەکێك لەو دۆسییە گرنگ و مرۆییانە دادەنرێت کە کاریگەری توندو ڕاستەوخۆی لەسەر بەرنامە و کاری حکومەت لە ساڵی ئایندە دەبێت، چونکە وادیارە بارودۆخی سووریا ئاڵۆزتر بێت، زۆریش لەو هاونیشتمانییە کوردانەی ڕۆژئاوا جگە لە مەترسی داعش لە بەر خراپی بارودۆخی مرۆیی و نەبوونی خزمەتگوزاریی ڕوویان لە هەرێم کردووە، ئەوەش گرفتێکی گەورەیە و پێ ناچێت بەم نزیکانە چارەسەر بێت».

بەرپرسی پەیوەندییەکانی کەمپەکانی ئاوارە لەپارێزگای دهۆک:

**١٦کەمپی ئەم سنوورە ئاوارەی خەڵکی عێراقی تێدا نیشتەجێیە، کەچی حکومەتی عێراق ئاوڕی لەم کەمپانە نەداوەتەوە**




# بەربەریەتی داعش بەرامبەر ژن

## بەکارهێنانی ژن وەک چەکێکی سایکۆلۆژی بۆ بە کۆیلەکردن و خەڵاتی شەڕ


■

### دامەزراندنی فیرقەی خەنسا بۆ جیهادی نیکاح




”شەڕانگێزەکان ناتوانن جیهان کاول بکەن،
ئەوەی دنیا کاول دەکات،
بیدەنگبوونە بەرامبەر رەفتاری شەڕانگیزەکان“

ئەلبێرت ئەینشتاین




**سەنتەری وۆردۆ ولسن نامیلکەیەکی بە ناونیشـــانی: «بەربەریانیزم: داعش وەک هەڕەشـــەیەکی توند بۆ سەر ژنان» بڵاو کردۆتەوە، ئـــەم نامیلکەیە لە ١١ کۆمێنت پێکهاتـــووە کە ١١ خانم لە سەرانســـەری جیهان نووســـیویانە و تیایـــدا خانمێکی کـــورد بە ناوی زەکیـــە حەقی و خانمێکی عێراقی بە ناوی سەفیە سوهێل بەشدارییان تێدا کردووە و، هەریەکەیان بە تێڕوانینی خـــۆی هـــەم شـــرۆڤەی ســـەرهەڵدانی تیرۆریســـتانی داعـــش و ڕاگەیاندنـــی خەلافەتە ئیسلامییەکەی دەکەن، هەمیش زۆر ڕاشکاوانە ئەو ڕەفتارانەی (داعش)یان خستۆتەڕوو کە بەرامبەر ژن کردوویەتی، بەتایبەتی دوای داگیرکردنی شـــنگال و بە کۆیلەکردن و فرۆشـــتنی کچـــان و ژنانی کوردانـــی ئێزیدی، شـــەبەک، تورکمان، کریســـتیان و عەرەب، هەروەها هەوڵدان بـــۆ گۆڕینـــی ئاییـــن و مەزهەبەکانیان. لـــەم ڕاپۆرتـــەدا پوختـــەی هەندێک لەو بۆچوونانە دەخەینەڕوو.**

## • بێدەنگی و بێ هەڵوێستیی دەوڵەتانی عەرەبی جیهانی کەڕ کردووە

سەرەتا پرۆفیســـۆر هالە ئەسفەندیار کە خانمێکی فارس زمانی خەڵکی ئێرانە و توێژەرە لەســـەنتەری ناوبراو، جەخت لەســـەر ئەوە دەکاتـــەوە کە لە دوای داگیرکردنی موســـڵ لەلایەن داعشـــەوە، ئەبوبەکری بەغدادی لەســـەر مینبەرەوە خەلافەتی ئیســـلامی ڕاگەیاندووە و لەناو ئەم دەوڵەتی خەلافتەدا سیستمێك پەیڕەو دەکرێت کە لەســـەر ئـــەم بنەمایانە داڕێژراوە: « کۆمەڵکوژی، ســـەربڕین و لەسێدارەدان، گۆڕینی ئایین بـــەزۆر، دەرکردنی بە کۆمەڵ»، لەمەش زیاتر تیرۆریســـتەکانی ئەبوبکر بەغدادی شـــارەکان تاڵان دەکەن، مۆنۆمێنتەکان دەشکێنن، مەزارگە و کەنیسە و حوســـەینییەی شـــیعەکان و دێری ئێزیدییەکان و هەر شـــتێك لەگـــەڵ بیروبۆچوونـــی ئایینی ئەوان نەگونجێت، دەیتەقێننەوە، بەڵام سەرباری هەموو ئەم کارە دڕندانانە ڕەفتارە وەحشـــییانە و بەربەرییەکانیان بەرامبەر بە ئافرەت شێوازێکی تایبەتییە و ئافرەت بە هەردوو شـــێوازی دیاری و ئامانج مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. کاتێك تیرۆریستانی داعش شوێنەکان دەگرن، ئافرەت لە هەر تەمەنێکدا بێت، دەیگرن و پاشـــان وەك کۆیلە دەیانفرۆشـــن و وەك سەبایەش بەکاریاندەهێنن و ناچاریان دەکەن لەگەڵ تیرۆریســـتان سێکس بکەن، بۆیە ئافرەتان لە هەرتەمەنێکدا بووبن، لەبەردەســـتی داعش هەتك کراون، ژنە کریستیانەکان و ئێزیدییەکان ناچار کراون ئایینی خۆیان بگۆڕن.

دوای خســـتنەڕووی ئەم ڕاســـتییانە خاتوو هالە ئەســـفەندیار ئاماژە بەوە دەکات خەلافەتی ئیسلامی داعش ئەو هەموو ڕەفتارە دڕندانە و وەحشیگەرییانەی ئەنجامداوە، کەچی وڵاتانی عەرەبی بە ڕادەیەك بێدەنگن لـــە بەرامبەر تاوانەکانی داعش کـــە بێدەنگییەکەیان کەڕی کردووین، بۆیە دەبێت ئەو پرســـیارە بکەین کە: ئەو حکومەتە عەرەبییانەی شـــانازییان بە خۆیانەوە دەکرد، بـــەوەی کە هێندە ژمارەی ژن لە قوتابخانە و زانکۆ و خوێندنی باڵا دەخوێنن و، هێندە ژمارەیان لە حکومەت بەشـــدارن و، هێندە ژمارەیان چالاکوانن لە بواری کۆمەڵایەتی، ئەو حکومەتانە هەموویان ئیمزایان لەســـەر ڕێککەوتنە جیهانییەکان بۆ پاراستنی مافی ژن کردووە، ئیمزایان لەسەر مافەکانی مرۆڤ کردووە، بۆچی لە بەرامبەر بە کۆیلەکردنی ژنانی کریستیان و ئێزیدی و تەنانەت عەرەبیش بێدەنگییان هەڵبژاردووە؟

بێگومان ئەم بێدەنگییانەی دەوڵەتانی عەرەبی مانای ئەوەیە ئەوان دەیانەوێت جیهان بگێڕنەوە بۆ سەدەی حەوتەمی زایینی و نیمچە دوورگەی عەرەبی، ئەو سەردەمەی کە کچی کۆرپەلەیان زیندەبەچاڵ دەکرد و شەرمیان لە بوونی کچ دەکرد.

**● ٦٠ هەزار ئافرەتی دووگیان لە ژێر هەڕەشەی داعشدان**

خاتوو رۆبین رایت کە ئەویش هەم توێژەرێکی گەورەیە و هەمیش رۆژنامەنووسێکی ناسراوە، لە کۆمێنتەکەی خۆیدا ئاماژەی بەوە کردووە، ئەوەی داعش بەرامبەر بە ژنان کردوویەتی و راپۆرتی لەسەر کراوە، وەك بە کۆیلەکردن و ئەوەی کە کڕین و فرۆشتنیان پێدەکات، ئەو راپۆرتانەن کە ناڕاستەوخۆ لەسەر زاری خەڵکانی دیکەوە وەرگیراون، لەمەدا رۆبین رایت ئەوەمان پێدەڵێت ئەو کۆمەڵگە تاریك و داخراوەی خەلافەتەکەی داعش دروستی کردووە، رێگەنادات رۆژنامەنووس و چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە تەواوەتی راستیی کارەساتەکان و بەربەریەتی داعش ببینین، بەو حاڵەتەشەوە ئەوە دەرکەوتووە کە تیرۆریستانی داعش بە شێوازی دڕندانە و جیاواز مامەڵە لەگەڵ ئافرەتان دەکەن، وەك (رفاندن، هەتککردن، کۆیلەکردنی بە ئاشکرا، جیهادی نیکاح لەگەڵ کچان و ژنانی کریستیان و ئێزیدی) ئەم رەفتارانەش نەك هەر تەنها پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤە، بەڵکو ژێرپێنان و شکاندنی شەریعەتێکی ئاسمانییە و ئیسلامیش ئەوەی پێ قبووڵ ناکرێت.

ئەو ئافرەتانەی ئێستا بەوجۆرە داعش مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، ژمارەیان دەگاتە ٢٥٠ هەزار ئافرەت کە لە ناویاندا ٦٠ هەزاریان دووگیانن، ئەمەش وایکردووە کە خەلافەتەکەی ئەبوبەکر بەغدادی و تیرۆریستەکانی، ژن بکەنە چەکێکی کاریگەر و لە شەڕەکانیان بەکاری بهێنن، ئەم چەکە، چەکێکی سایکۆلۆژی زۆر ترسناکە و دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە هێزی بەرامبەر ناچار بێت لەبەردەم هێرشەکانی داعش هەڵبێت، نەبادا ژن و کچەکانیان بکەونە دەستی داعش، هەروەها وەك دەستکەوتی شەڕیش بەکاریان دەهێنن، کە دەبێتە هاندەر بۆ تیرۆریستەکان بۆ ئەوەی لە پێناوی ئەو دەستکەوتە خۆیان بە کوشت بدەن. ئەو ژن و کچانەی کریستیان و ئێزیدی کە لە چەند مانگی رابردوو کەوتنە دەستی تیرۆریستانی داعش هەموویان، جیهادی نیکاحیان لەگەڵ کراوە، ئەم جۆرە دەستدرێژیکردنە وەك جیهاد تەفسیری بۆ کراوە، بۆیە هەموو تیرۆریستەکان ئەو کارەیان لەگەڵ کردوون.

**● دروستکردنی فیرقەی خەنسا بۆ جیهادی نیکاح**

خاتوو سەفیە سوهێل کە پێشتر پەرلەمانتاری عێراق بووە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو جوگرافیایەی داعش خەلافەتەکەی تێدا راگەیاندووە، رووبەرەکەی لە دەوڵەتی ئەردەن گەورەترە، لەم خەلافەتەدا هەموو کارێکی ناشیرین و دڕندانە دەرهەق بە ئافرەت دەکرێت، کە ئەویش جیهادی نیکاحە، ئەمە نەك هەر بەرامبەر ئەو ئافرەتانەی کە وەك دەستکەوتی شەڕ دەکەوێتە بەردەستیان، بەڵکو ئێستا ئەو ژنانەی سەر بە داعشن لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان وەك (هەموو وڵاتانی عەرەبی، ئەوروپا، چین و ئەمریکا)، هانی کچان و ژنانی تەمەن ١٨-٢٥ دەدەن کە بۆ جیهادی نیکاح پەیوەندی بە داعشەوە بکەن، ئەو ژن و کچانە هەموویان لە فیرقەیەکدا بەناوی فیرقەی خەنسا کۆکراونەتەوە، لەمەش زیاتر تیرۆریستانی داعش بۆ ئەوەی ببنە جێگەی متمانەی ئەمیرەکانی داعش خوشك و کچەکانیان لە تیرۆریستانی داعش مارە دەکەن. هەربۆیە رەفتاری دڕندانەی داعش بەرامبەر کچان و ژنان تەنها ئەو ئافرەتانە ناگرێتەوە کە لە شەڕەکاندا دەستگیر دەکرێن، یان دەڕفێندرێن، بەڵکو ژنانی خۆیان بەکار دەهێنن لە هەموو جیهان بۆ ئەوەی کچان و ژنانی موسڵمانان بۆ جیهادی نیکاح بهێننە نێو ریزەکانی داعشەوە. ئەو ئافرەتانەش کە لە شەڕەکاندا کەتوونەتە بەردەستیان و پاشان کراون بە کۆیلە، بە ١٠٠ هەزار دیناری عێراقی کە دەکاتە ٨٠ دۆلار فرۆشراون، کە لە هەموو نەتەوەکانی تێدا بووە، وەك: (کوردی ئێزیدی و شەبەك، کریستیان، تورکمان، هەروەها عەرەبی شیعەش).


خاتوو سەفیە ئاماژە بەوە دەکات هێرشەکانی داعش بۆسەر ئەو شوێنانەی داگیری کردوون، بۆتە هۆکاری ئەوەی نزیکەی دوو ملیۆن خەڵك ئاوارە بن و ئەو خەڵکەی ئاوارە بوون نەیانتوانیوە هیچ شتێك لەگەڵ خۆیان بەرن، تەنانەت ئەڵقەی پەنجەیان و مۆبایل و خشڵ و زێڕەکانیان لەلایەن داعشەوە بە تالان براوە. بۆیە گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ئەو ئاوارانە پشتگیری تەواوی سوپای کوردستان و سوپای عێراق بکات، هەروەها بە پەلە دەوڵەتانی بەخشەر کۆنفرانسێك لەسەر ئەم پرسە گرێبدەن بۆ



هالە ئەسفەندیار:
**خەلافەتی ئیسلامی داعش ئەو هەموو رەفتارە دڕندانە و وەحشیگەرییانەی ئەنجامداوە، کەچی وڵاتانی عەرەبی بە رادەیەک بێدەنگن لە بەرامبەر تاوانەکانی داعش کە بێدەنگییەکەیان کەڕی کردووین**



رۆبین رایت:
**ئەو کۆمەڵگە تاریک و داخراوەی خەلافەتەکەی داعش دروستی کردووە، رێگەنادات رۆژنامەنووس و چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە تەواوەتی راستیی کارەساتەکان و بەربەریەتی داعش ببینن**



**یاسەمین سەید هانی:**
**ئێمە بە ئاشکرا قاعیدەمان رەتکردەوە، بەڵام داعش لە قاعیدە ترسناکتر دەرکەوتەوە، کە بووە ترسناکترین رێکخراوی تیرۆریستی لە جیهاندا**



**زەکیە حەقی:**
**ئافرەتێک بە رێگەی هەتککردن دووگیان کرابێت، ئاخۆ چ ئازارێکی دەبێت و چ کاریگەرییەک لەسەر دەروونی دروست دەبێت؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر بگەڕێنەوە ئەوا رووبەرووی گەورەترین مەترسیی کوشتن لەسەر ناموس دەبنەوە، ئەگەر نەکوژرێن و تووشی ئایدز بوون، ئەوەش مەترسییەکی گەورە دروست دەکات**

ئەوەی هاوکاری پێویست بۆ ئاوارەکان بنێرن.

### ● کۆمەڵێك وڵاتی عەرەب هاوکاری داعش دەکەن

خاتوو کائینە بوهاشی چالاکوانی مافەکانی ئافرەت و پارێزەری نێودەوڵەتی لە وڵاتی جەزائیر، ئاماژە بەوە دەکات داعش، یان خەلافەتی ئیسلامی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو ئایدیۆلۆژییانە نییە کە لە وڵاتانی کەنداو و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا و تا دەگاتە سەب سەحرا بڵاو بۆتەوە. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم ئایدیۆلۆژیەتەش ئیدی ئایینەکانی دیکە کە لەم ناوچەیە بوونی هەیە، دەکەوێتە بەر هەڕەشەی پاکتاوی رەگەزی، گۆڕینی ئایین بە زۆر، هەتککردنی ژنان، سەربڕین، بە کۆیلەکردن و فرۆشتنیان، ئەمەش واتە ئەم ئایدیۆلۆژیەتە دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو میراتەی کە پێش ١٤٠٠ ساڵ لە نیمچە دوورگەی عەرەب هەبووە، سەبارەت بەو ئافرەتانەش کە کەوتوونە دەستی داعش، هێما بۆ ئەوە دەکات کە ئەوان ئێستا کەوتوونەتە نێوان دوو بەرداشەوە، ئەوەی داعش کردوونی بە کۆیلە و هەتکی کردوون، خۆ ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ لای کەسوکاریان، بە بیانووی پاراستنی شەرف دەکەونە بەر هەڕەشەی کوشتن، ئەگەر لای داعشیش بمێننەوە، ئەوا یان تووشی ئایدز دەبن، یان دەکرێنە بۆمب و بۆ کاری خۆتەقاندنەوە ئامادەیان دەکەن، سەبارەت بە هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبیش خاتوو کاهینە وێڕای ئەوەی ئاماژە بەوە دەکات کە وڵاتانی عەرەبی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییان هیچ هەڵوێستێکیان بەرامبەر داعش نەبووە، لە هەمانکاتدا هەندێك لە وڵاتانی عەرەبی کارئاسانی و کۆمەکی داعشیان کردووە، هەروەها لە لایەن زۆر دەوڵەتی عەرەبییەوە کۆمەکی دارایی دەکرێن. سەبارەت بە رەگداکوتانی ئەم ئایدیۆلۆژیەتە توندڕەوە لە ناوچەکە، ئەم خانمە ئاماژە بەوە دەکات لە وڵاتانی کەنداو و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی باکووری ئەفریقیا، ئەم ئایدیۆلۆژیەتە رەگی داکوتاوە، سیستمی خوێندن و ژینگەی کۆمەڵایەتی وڵاتانی عەرەبی زەمینەیەکی لەبارە بۆ بەرهەمهێنانی گرووپە توندڕۆکانی وەك داعش و ئیخوان موسلمین، هەروەها ژینگەی دەوڵەتانی عەرەب نەوایەکی ئارامە بۆ گوتاری توندڕۆیی و پاراستنی گرووپە توندڕۆکان، لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەتی لە دەوڵەتانی کەنداو، حکومەت باڵادەستە لە پێناسەی بیرکردنەوەی سیاسیی هاووڵاتیاندا، ئەویش بیرێکی تەسکی قەومییەی عەرەبییە و هەروەها ئیستغلالی میدیا و کەرتی تایبەتیشیان بە بیرتەسکییەوە کردووە، هەر بۆیە ژینگەی وڵاتانی عەرەبی زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی وەحشی داعشی دروستکردووە، لە ئێستاشدا ئەو وەحشەیان لە دەست دەرچووە و بۆیان کۆنترۆڵ ناکرێت.

### ● داعش بەرهەمی قوتابخانە و مزگەوت و گوتاری کۆمەڵایەتی عەرەبە

خاتوو حەنین غەدار بێجگە لەوەی تۆێژەرە، لە ئێستادا بەڕێوەبەری نووسینی (NOW news)ی (لوبنانی)یە. ئەم خانمە وەك رۆژنامەنووسێك لەو خاڵەوە دەست پێدەکات، کاتێك داعش سەریهەڵدا چالاکوانە عیلمانییەکان و رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی رۆژئاوا، پێیانوابوو داعش بەرهەمی دەرەوەیە و هاتۆتە ناوچەکە و گوتارێکی مەزهەبییانەی سوننەی هەیە و سوودی لەو تەنگژە سیاسییە وەرگرتووە کە لە ناوچەکە بوونی هەیە، بەڵام ئەو رەفتارەی ئێستا داعش بەرامبەر ئافرەت دەیکات، بە ناوچەکەی ئێمە نامۆ نییە، جیاوازییەکەی ئەوەیە داعش بە جۆرێکی دیکە مانیفیستۆی کردۆتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئازادییەکانی ئافرەت لەلایەن هیچ سەرکردە و حکومەتێکی عەرەبییەوە رێزی لێ نەگیراوە و لەناو هەموو یاسا و دەستوورەکانی وڵاتانی عەرەبی ئافرەت وەك هاووڵاتی پلە دوو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، لەوانەیە بەردبارانکردنی ئافرەت لەسەر زینا، یان سەربڕین خاڵی هاوبەشی نێوان داعش و حکومەتە عەرەبییەکان نەبێت، بەڵام داعش و حکومەتە عەرەبییەکان سەبارەت بە مامەڵەکردنیان بەرامبەر ئافرەت لە زۆر بواردا خاڵی هاوبەشیان هەیە و یەکتری دەگرنەوە. تیرۆریستانی داعش لەم کۆمەڵگەیەی ئێمە لەدایکبوون، لە قوتابخانەی ئێمە خوێندوویانە و لە مزگەوتەکانی ئێمە نوێژیان کردووە، هەروەها گوێیان لەو گوتارە کۆمەڵایەتییە گرتووە کە کۆمەڵگەی عەرەبی بەرهەمی هێناوە، بۆیە ئەگەر بەڕاستی دەمانەوێت داعش دووبارە نەبێتەوە، پێویستە لەو خاڵەوە دەست پێبکەین کە ژن وەك تاك سەیر بکەین، نەك پاشکۆی پیاو، یان شمەك و کەلوپەل.

### ● دامەزراندنی شوێنێك بۆ قوربانییانی جیهادی نیکاح

خاتوو زەکیە حەقی کە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٥-

٢٠١٠ پەرلەمانتاری عێراق بووە، لە کۆمێنتەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە، تیرۆریستانی داعش ٥٠٠ کچی ئێزیدییان لە گوندەکانی کوردستان رفاندووە، ئەم کچانە لە تەمەنی منداڵی و هەرزەکارین و بەشێکیان تەنها ١٤ ساڵیان تەمەنە و هەموویان هەتککراون و مەترسییەکی گەورە لەسەر چارەنووسیان دروست بووە، بەتایبەتی کاتێك دووگیان دەبن، یان لە ئاکامی جیهادی نیکاح تووشی ڤایرۆسی ئایدز دەبن، هەروەها پرسیار دەکات کە ئافرەتێك بە رێگەی هەتککردن دووگیان کرابێت، ئاخۆ چ ئازارێکی دەبێت و چ کاریگەرییەك لەسەر دەروونی دروست دەبێت؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر بگەڕێنەوە ئەوا رووبەڕووی گەورەترین مەترسیی کوشتن لەسەر ناموس دەبنەوە، خۆ ئەگەر نەکوژرێن و لە حاڵەتێکدا ئەمانە ئەگەر تووشی ئایدز بووبن، مەترسییەکی گەورە دروست دەکات، بۆیە دەبێت بەوجۆرە سەیری ئەم پرسە بکەین و ئەوە بخەینە بەرچاومان و بزانین ئەگەر کچێکی تەمەن ١٤ ساڵ لەم حاڵەتەدا بێت، ئەوا بڕاردەی زۆر کەمی لەبەر دەست دەبێت و لەوانەیە ناچار بێت بە تەواوەتی بڕیار بدات لەگەڵ داعش بمێنێتەوە، لەم کاتەشدا مەترسی ئەوە دروست دەبێت، تیرۆریستانی داعش بە بیانووی چوونە بەهەشت و بەڵێنی دیکە وەك تیرۆریست رایان بهێنن و بیانکەن بە تیرۆریستی خۆکوژ و دژی خۆمان بەکاریان بهێننەوە، بۆیە دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە ئەم قوربانییانە بپارێزین. لەوانەیە هەندێك لەو ئافرەتانەی رووبەڕووی هەتککردن دەبنەوە، بیشارنەوە، یان ناوی خۆیان تۆمار نەکەن، بۆیە پێشنیار دەکەم شوێنێك بۆ قوربانییانی جیهادی نیکاح دابمەزرێت و نەتەوە یەکگرتووەکانیش بۆ پاراستنی ئەم قوربانییانە بڕیارێك دەربکات و فەرزی بکات هەموو دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو بڕیارەوە پابەند بن، بۆ ئەوەی ئەم قوربانییانە رزگار بکرێن و دووبارە تیکەڵی کۆمەڵگە بکرێنەوە.

## ● دیمەنی ژنانی ئێزیدی رابردوو، ئێستا و داهاتوو


خاتوو یاسەمین سەید هانی سەرنووسەری رۆژنامەی ئەخبار لە قاهیرە، بەچاوێکی رۆژنامەنووسانە کۆمێنتی لەسەر ئەم بابەتە گرنگە نووسیوە و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر سەیری ئەو دیسکە بکەن کە کاری لەسەر کردووە و تیایدا سەیری شریتی هەواڵەکانی بکەن، دەبینن بەشی هەرە زۆری، هەواڵی ئەو شوێنانەی عێراقە کە داعش داگیری کردوون، ئەمەش سەردێڕی هەموو کەناڵەکانی جیهان بووە، هەروەها دەڵێت: «من وەك رۆژنامەنوسێك زۆر باش لە کێشەکانی عێراق تێگەیشتووم و شرۆڤەشم بۆ کردوون، ئێمە بە ئاشکرا قاعیدەمان رەتکردەوە، بەڵام داعش لە قاعیدە ترسناکتر دەرکەوتەوە، کە بووە ترسناکترین رێکخراوی تیرۆریستی لە جیهاندا».

ئەو خاتوونە میدیاکارە لە درێژەی شرۆڤەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە دیمەنی کۆمەڵکوژیی و دەرکردنی کوردانی ئیزدی ئەوەمان پێدەڵێت: ئافرەت لە هەمووان زیاتر دووچاری کارەسات دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لاوازە و چەوسێندراوەتەوە، هاوکات سێ وێنە دەخاتەڕوو کە بەمجۆرە باسیان دەکات: «من کاتێك دیمەنی ئافرەتێکی پیری ئێزیدی دەبینم هەست دەکەم ئەمە رابردووە، لەبەر ئەوەی لاوازیی ئافرەتمان لە رابردوو پیشان دەداتەوە، ئەو ژنە پیرە کە سواری گوێدرێژێك بووە و گەنجێك دەیپارێزت، چەند گوێدرێژەکە بڕوات، ئەو بیری دەگەڕێتەوە بۆ لای باوکی و ئەو رۆژانەی بیر دێتەوە، بۆیە ئەو کاتێك هەنگاو بۆ ئایندەیەکی نەزانراو هەڵدەگرێت، بیر لە رابردوو دەکاتەوە. وێنەیەکی دیکە کە لە بەردەستمە دایکێکە کە منداڵێکی دوو ساڵانەی لەباوەش کردووە و لەسەر زەوی دانیشتووە بۆ ئەوەی پشوویەك بدات، دوای بڕینی رێگەیەکی دوور و درێژ، ئەم ژنە ئێزیدییە کە سەیری منداڵەکەی دەکات لە باوەشیدا نووستووە و مەمەی شیرەکەی بەتاڵە، دەست دەکات بە گریان، فرمێسکەکانی ئەو دایکە کارەساتی ئێستامان پیشاندەدات. وێنەی سێهەمیان کچێکی تەمەن شەش ساڵانەی ئێزیدییە لەگەڵ خێزانەکەی و لەگەڵ هەموو تەمەنە جیاوازەکان هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەم کچە جانتەیەکی لە پشتە و دەبەیەك ئاو لەسەر شانیەتی، ئەم کچە سەیری پێشەوە دەکات و دانانیشێت و لەوانەیە بیر لەوە بکاتەوە کەی ئەم گەشتە کۆتایی دێت، بۆیە کاتێك دەبە ئاوەکە و جانتاکەی دادەنێت، هاوار دەکات و دەست بە گەمەکردن لەگەڵ منداڵەکانی دیکە دەکاتەوە، چونکە نازانێ چی لە دەوری روو دەدات و لەوانەیە بیری بەوجۆرە بێت ئایندە باشتر دەبێت. ئەم سێ دیمەنە زۆر زیاتر لە هەواڵەکانمان پێدەڵێت و من دەڵێم: شەرمەزارییە لە جیهانی هاوچەرخدا ئەم جۆرە کارەساتانە روودەدەن».



**حەنین غەدار:**

**تیرۆریستانی داعش لەم کۆمەڵگەیەی ئێمە لەدایکبوون، لە قوتابخانەی ئێمە خوێندوویانە و لە مزگەوتەکانی ئێمە نوێژیان کردووە، هەروەها گوێیان لەو گوتارە کۆمەڵایەتییە گرتووە کە کۆمەڵگەی عەرەبی بەرهەمی هێناوە**



**سەفیە سوهێل:**

**تیرۆریستانی داعش بۆ ئەوەی ببنە جێگەی متمانەی ئەمیرەکانی داعش خوشک و کچەکانیان لە تیرۆریستانی داعش مارە دەکەن**